# پلانی فێرکاریی هاوچەرخ
# بۆ
# فێرگەی بنەڕەتی

کەریم مستەفا
ڕێکخراوی کۆمەک

KOMAK - 2009

پلانی فێرکاریی هاوچەرخ بۆ فێرگەی بنەڕەتی

کەریم مستەفا
ڕێکخراوی کۆمەک

KOMAK – 2009
www.komak.nu

**ناوەڕۆک**


**پێشەکی ...7**

**بەشی یەکەم: دەربارەی پلانی فێرکاری ...8**

1- وێنای سیستەمی فێرکاری ...8

2- ئەرکی سیستەمی فێرکاری ...9

3- تەوەری کار ...11

- فەلسەفە و دین ...13
  - بەهای مرۆڤدۆستانە ...13
  - فەرهەنگ و پێناسە ...14

- ئافراندن ...16
  - مرۆڤی داهێنەر ...16
  - توانای ئافراندن و داهێنان ...17
  - سێ شێوازەکەی ئافراندن ...19
  - دیدی ڕەخنەگرانە و توانای دەرککردن ...21
  - شێوازی کاری زانستیانە و فێرخوازی چالاک ...22

- کار ...23
  - مرۆڤی کارامە/ مرۆڤی کارا ...23
  - تەکنۆلۆژی و فەرهەنگ ...25
  - فێرکردن و کار ...26

- زانیاریی گشتی ...27
  - مرۆڤی فرەزان ...27
  - زانیاری بەرجەستە (کۆنکرێت) و هەمەلایەنە ...28
  - دید و تێگەیشتنی هاوبەش ...29
  - خۆناسین و جیهانیبوون ...29

- هاوکاری ...32
  - مرۆڤی هاوکار ...32
  - ئەرک و بەرپرسایەتی ...33
  - دەرفەتی یەکسان بۆ هەموان ...34
  - گونجاندن ...35
  - گونجاندن لە لۆکاڵدا «ناوچەدا» ...36
  - لە لۆکاڵەوە بۆ گلۆباڵ (لە ناوچەوە بۆ گشت جیهان) ...36
  - گونجاندنی تاکەکەسی ...38
  - یەکسانیی جەندەر (زایەند) ...39
  - فرەزانی دەربارەی ژیان لە جڤات و فێرگە و فێرکاریدا ...39

- ژینگەپارێزی ...42
  - پەیوەندیی مرۆڤ و سروشت ...42
  - سروشتناسی، ئێکۆلۆژی و ئاکار ...43
  - هۆکاری کێشە و ناکۆکی ...44
  - خۆشویستنی سروشت ...47

4- مێتودی کار ...49
- فێربوون و فێرکردن ...49
- فێرکاریی هەموار بۆ هەموان ...50
- شیرینکردنی بابەتەکانی خوێندن لە لای فێرخوازان! ...50
- پێشڤەچوونی هەمەلایەنە بۆ هەموان ...51
- فێربوون بە گروپکاری ...52

5- سێ باڵی کاریگەر: مامۆستا، خێزان و جڤات ...53

**بەشی دووەم: ساختار و ناوەڕۆکی پلانی فێرکاری ...60**

1- فێرگەی بنەڕەتی سێ بەشە ...60
- ئاستی سەرەتا، نێوەند و باڵا ...60

2- چوار بنەمای سەرەکی بۆ داڕشتنی پلانی وانە ...63
- زانستی ستاندارد و بنەڕەتی ...63
- فێرکردنی هەموار ...63
- پێشڤەچوون ...64
- سەرخستنی ئاستی زانیاری و زانست ...64

3- داڕشتنی پلانی وانە ...65
- ڕێکخستن و داڕشتنی ناوەڕۆکی وانەکان ...65
- بارهێنان و ئامادەکردنی هزری فێرخواز ...65
- لەسەر ئاستی تاکەکەسی ...66
- لەسەر ئاستی سروشت و ژینگە ...67

4- چوار شێوازی کاریگەر ...68
- ورووژاندنی توانا ...68
- گەمە ...68
- پرۆژەکاری ...69
- کاری سەربەخۆ ...69

5- کەرەستەی فێرکاری ...70
- کتێبخانەی ناو فێرگە ...70
- داتاکاری – ئایتی ...70

6- هەڵسەنگاندن ...71
- هەڵسەنگاندنی فێرخواز ...71
- هەڵسەنگاندنی فێرگە ...72

**بەشی سێیەم: پلانی وانە ...73**

1- فەلسەفە و دین ...74
2- زمانی کوردی ...80
3- جڤاتناسی ...85
4- وەرزش ...90
5- هونەرکاری 94
6- سروشتناسی ...98
7- ماڵداری ئابووری ...102
8- ئینگلیزی و زمانی دیکە ...105
9- ژینگە ...108
10- ماتماتیک و ئەندازە ...111

## پێشەکی

پاش ڕاپەڕینی 1991 ی باشووری کوردستان گۆڕانێکی بنەڕەتی و سەرتاسەریی گشت بوارەکانی گوزەرانی گرتەوە. سیستەمی پەروەردە و فێرکاریش بەدەر نەبوو لەم ڕەوتی گۆڕانکارییە. گەرچی سەرەتای ڕێگەیە و پێکانی ئامانج زۆری ماوە، بەڵام ڕیفۆرم دەستی پێ کردووە و بە ڕەگ و ڕیشەی بەشێک لە سیستەمی خوێندندا شۆڕبۆتەوە.

کوردستان وەڵاتێکی فرەنەتەوە و فرەتیرەیە، فرەدین و فرەزمانە و پێویستی بە پلانێکی فێرکارییە زادەی بیرێکی دیمۆکرات و مرۆڤدۆستانە بێت. منداڵ دەبێت بار بهێنرێت بە لێبوردەیی و سنگفرەوانی، گیان و باوەڕی کارکردن و ئافراندن (خولقاندن)، وەڵاتپارێزی و ژینگەپارێزی، میللەتدۆستی و فەرهەنگدۆستی.

کۆمەک وەک ڕێکخراوێکی پێشەنگ لە بواری فێرکاریی کوردستاندا لە ساڵی 1997 ـەوە بە پێی توانا، سوودی لە هونەری ڕەوەندی هەندەران و دۆستانی بیانی وەرگرتووە بۆ سەرخستنی ئاستی فێرکاریی کوردستان. تۆڕبەندی و ڕاهێزانی توانای مامۆستایانی کوردستان، هاوکاری و هاوئاهەنگی، گواستنەوەی زانیار و تەرجەمەکردنی میرات و ئەزموونی جیهانی ئامرازی کاری کۆمەک بوون.

ڕاسپاردەکانی کۆنفەرانسی فێرکاریی 2007 ی وەزارەتی پەروەردە و هەروەها شرۆڤەکاریی «نەخشەڕێی لاوان» ی وەزارەتی وەرزش و لاوان – ی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لەگەڵ شائامانجی «کۆمەک» ڕێک هات و ئێمەش بە ئەرکی خۆمان زانی بەرهەمێکی دیکە بخەینە بەردەست دەسەڵاتی کورستان، لە ئاستێکی بەرزدا دەستوورنووس و ڕێنوێن بێت.

هاتین بە سوود وەرگرتن لە پلانی فێرکاریی سکاندیناڤیا و بەتایبەتیی وەڵاتی نۆروێژ – پلانی فێرکاری – مان لەم کتێبەدا داڕشت. ئەم بەرهەمە بۆ پەرلەمانی کوردستانە لێ وردبێتەوە و دەستووری لێ بگرێ، بۆ وەزارەتی پەروەردەیە بەرنامەی کاری لێ دابڕێژێت، بۆ مامۆستایە ئوستادی خۆی پێ سەر بخات، بۆ مێدیایە بیکاتە بابەتی گفتوگۆ و پێشڤەچوون.

کەریم مستەفا
ئوسلو – نۆروێژ 25-4-2009

## بەشی یەکەم
## دەربارەی پلانی فێرکاری

### 1-وێنای سیستەمی فێرکاری

شامەبەستی پلانی فێرکاری دوو خاڵە

### 1) فێرگە بۆ هەموانە

فێربوون بۆ هەموانە - ئەرکی جڤاتە یەکسانی لە فێربووندا دابین بکات و بەڕاستی دەرفەتی خوێندنی یەکسان بۆ هەموان بڕەخسێنێت.

پلانی فێرکاری دەبێت واڵا بێت، هەموو مرۆڤێک لە هەر تەمەنێکدا بێت بۆی هەیە هەر کاتێکی خۆی پەسەندی کرد و باردۆخ لەبار بوو، بێتەوە ناو سیستەمی فێرکاری بۆ فێربوونی زانست و هونەری نوێ. لەبەر ئەوە دەبێت سیستەمی فێرکاری هەردەم لە نۆژەنکردنەوەدا بێت.

### 2) فێرگە بۆ بارهێنانی مرۆڤێک بێت:

- توانا و بافەرهەنگ، فرەزان و داهێنەر
- مرۆڤدۆست و دیمۆکرات: میللەتدۆست و ژنپارێز
- وەڵاتپارێز و ژینگەپارێز
- هونەردۆست و زانستپەروەر
- کارا: کارامە و دڵسۆز، هاوکار و پەرۆش

## 2- ئەرکی سیستەمی فێرکاری

- ئامادەکردن و ڕاهێنانی منداڵان و لاوانە بۆ ژیان تا بە هاوکاری لەگەڵ یەکدا بتوانن ڕووبەڕووی پێشهات و گرفت ببنەوە. فێرکاری دەبێت، هێندە هونەر و زانست بدات بە منداڵ توانای هەبێت ژیانی خۆی بەڕێوە بەرێت و ئەوجا بۆ جڤاتیش کارا بێت.
- فێرگە دەبێت کار بکات بۆ ئامادەکردنی کادری شارەزا و توانا، بۆ ئەوەی فێرخواز لە داهاتوودا جێی خۆی لە بازاڕی کاردا بکاتەوە. دەبێت پەرە بە توانا و لێهاتوویی منداڵان بدات و هێندە کارایان بکات لە ئایەندەدا بتوانن کەسانی داهێنەر بن.
- فێرگە دەبێت، منداڵ هان بدەن گەشبینانە لە ژیان و ئایەندە بڕوانن و هەڵبژاردنیان ژیرانە بێت. دەبێت فێری بەرپرسیارییەتییان بکات، بیر لە کاریگەریی هەڵسوکەوتیان لەسەر کەسانی دیکە بکەنەوە، کاتێک دید و ڕای خۆیان دەربارەی کەسانی دی و بابەتەکان دەدەن، دەبێت ئاگامەند، ویژدانزیندوو و ڕەوشتبەرزانە بێنە پێش.
- ئەرکی خوێندن و فێرکردن نابێت هەر ئەوە بێت کەسێکی تایبەت (دیاریکراو) بۆ کارێکی تایبەت (دیاریکراو) ئامادە بکات، بەڵکوو دەبێت کەسێکی فرەتوانا و فرەلایەن ئامادە بکات چونکە گۆڕانکاریی سەردەم فرەچەشن و فرەلایەنن. بەو شێوەیەش دەبێت هەردەم ئامادەگی تازەکردنەوەی زانیاری لە ئارادا بێت.
- پاشخانی جڤاکی، ئابووری و فەرهەنگی لە دەڤەرێکەوە بۆ دەڤەرێک و لە کەسێکەوە بۆ کەسێک جیاوازە و ئەو جیاوازییەش کار دەکاتە سەر دید و شێوازی بیرکردنەوەی منداڵان. ئەرکی سیستەمی فێرکارییە دید و فەرهەنگێکی هاۆکۆ لە نێو فێرخوازاندا پێک بێنێت.

**پلانی فێرکاری دەبێت گرنگی بەم خەسڵەتانە بدات:**

- گیانی تەبایی و هاوکاری بۆ گەیشتنە ئامانجی بەرزتر
- بیر و دیدی هاوکۆی دێمۆکراتیانە
- گیانی هاوجیهانی لە تەک گیانی میللەتدۆستی و وەڵاتپارێزی
- دیدی مرۆڤدۆستی و ژینگەپارێزی
- گیانی ئافراندن و داهێنان
- ڕێزگرتن لە خواست و خولیای کەسانی دیکە

**بە کورتی**

**ئەرکی سیستەمی فێرکارییە:**

- **توانای دەرکی منداڵ بگۆڕێت بۆ توانای تێگەیشتن**
- **توانای هەستکردن بگۆڕێت بۆ توانای شرۆڤەکاری**
- **توانای گەمهکردن بگۆڕێت بۆ توانای داهێنان**

## 3- تەوەری کار

1) فەلسەفە و دین
2) ئافراندن
3) کار
4) زانیاریی گشتی
5) هاوکاری
6) ژینگەپارێزی

1) فەلسەفە و دین: زانیاری دەربارەی فەلسەفە و دین دەبنە هۆی فرەوانی دید، ڕەوشت و پەی بردن بە بەهای بنەڕەتیی مرۆڤدۆستانە. فەلسەفە و دین ئەم خاڵانە لای فێرخوازدا دەبزوێنن:

- بەرپرسایەتی
- ناسینی بەهای مرۆڤدۆستانە
- ئازادیی هزر و گیان
- سنگفرەوان و یەکتر سەلماندن (تۆلەڕانس).
- یەکسانیی مرۆڤ
- بەرابەریی نێرومێ

2) ئافراندان: توانای ئافراندن زۆر گرنگە بۆ کەسایەتیی منداڵ. دەبێت ڕووبەرێکی فرەوانی پلانی فێرکاری بۆ گەیشتن بەم ئامانجە تەرخان بکرێت. بەشێوەیەکی گشتی، ئافراندن ئەم بوارانە دەگرێتەوە:

- گەشەپێدانی توانا گیان (دەروون) و لەش.
- یارمەتی دانی فێرخواز بۆ گەشەی خودی خۆی.
- بیرکردنەوەی زانستیانە لە ژیانی ڕۆژانە و لە کاردا.

3) کار: شائامانجی پلانی فێرکاری بریتییە لە بار هێنانی کادری پسپۆڕ و کارامە بۆ بازاڕی کار و بوارەکانی بەرهەمهێنان لەسەر ئاستی وەڵات، بۆ بەرزڕاگرتنی ئاستی ئابووریی میللی و دوانەکەوتن لە ڕەوتی پێشڤەچوونی جیهان:

- ئامادەکردن بۆ کارکردن و ژیانی ناو کۆمەڵ.
- پەرەپێدانی توانای زانستیانە و تێگەیشتن و بەرپرسایەتی لە بابەتەکان (ئەو بوارانەی فێرخوازان خوێندنیان تێدا تەواو کردووە) لە کار و پیشە لە جڤاتدا.
- بەرابەریێتی و دەرفەتی یەکسان لە دەسترەسی بە زانیاری و پسپۆڕیدا.

4) زانیاری گشتی: پلانی فێرکاری دەبێت هێندە زانیاری بنەڕەتی و گشتی بداتە منداڵ، تا کەسانێکی توانا، سەربەخۆ و خاوەن بڕیار بێتە بەرهەم.

- فێرکردن و ئاشناکردنیان بە دید و ڕێبازی دێموکراسی.
- هەست بە بەرپرسایەتی بەرانبەر گشت مرۆڤایەتی لە ئاستی جیهانیدا.
- هەڵبژاردنی سەربەخۆیانە لە کار و پیشە و ژیانی جڤاکیدا،
- فێرکردنی تایبەت بۆ ئاستە جیاوازەکانی تەمەن و بەپێی توانای تاکەکەسی.

5) هاوکاری: لەسەر هەر دوو ئاستی کەسەکی و جڤاکی فێرخواز دەبێ فێری هاوکاری بێت

- لێکتێگەیشتن و هاوکاری نێوان منداڵ و مامۆستا.
- هاوکاریی نێوان مامۆستایان و خێزان
- هاوکاری لەسەر ئاستی جیهان و گەلان.

6) ژینگەپارێزی: پلانی فێرکاری دەبێت، هێندە زانیاری بداتە منداڵ، تا لە سروشت تێبگات، ڕێزی سروشت بگرێت و بیپارێزێت.

## 1) فەلسەفە و دین

- بەهای مرۆڤدۆستانە
- فەرهەنگ و پێناسە

### بەهای مرۆڤدۆستانە

بەهای مرۆڤدۆستانەی دینی داوای پەسەندکردنی بەرانبەر دەکەن و دەرفەت بە فەرهەنگ و دید و بەهای جیاواز دەدەن. بەهای مرۆڤدۆستانە ئەوانەی لەسەر دیدگەی دیموکراتی بنیاد نراون، دەوڵەتی یاسا، ڕێزگرتنی مافی مرۆڤ، ئازادی بیروڕا دەربڕین، ڕەخنەگرتن (ڕەخنەی سازەندە، بونیادنەرانە)، لە سیستەمی فێرکاریدا سوودیان لێ وەر دەگیرێ. ئاشنابوون بە بەهای مرۆڤدۆستانەی دین دەبێتە پردێک لە نێوان فەرهەنگی میللەتانی جیاوازدا. لە ڕێگەی دیناسییەوە خوێندکاران- منداڵان بە فەرهەنگ و شێوازی بیرکردنەوەی گەلانی دیکە ئاشنا دەبن.

سیستەمی فێرکاری دەبێت جگە لە دین، سوود لە مێژوو، داستان و ئەفسانە، فەلسەفە و ئەدەب، بەسەرهاتی کەسانی بەناوبانگی مێژوو و...هتد وەر بگرێت بۆ چاندنی ڕەوشتی بەرزی مرۆڤدۆستانە.

دەبێت بەهای هاوکۆ لە نێوان فێرگە و خێزان و جڤاتدا جێکەوتوو بێت دەنا هاوئاهەنگی و تەبایی لە نێوان ئەو سێ لایەنە (دامەزراوەدا) دروست نابێت و ڕەنگدانەوەی باشی لەسەر گوزەرانی منداڵ نابێت. ناشی منداڵ تووشی سەرلێشێوان و ڕاڕا بێت، لەملا بیرۆکەیەک، لەولا گوتارێکی ناکۆک و لابەلا ڕەفتارێکی دژوەستاو ڕەنگدانەوەی باشیان نابێت.

**فەرهەنگ و پێناسە**

دارشتن و پەرەسەندنی پێناسەی تاک، لە ئەنجامی ناسینی نەریت و سەرنج دانە ڕەفتاری کەسانی نێزیکیەوە، لە ناو خێزان، فێرگە و جڤاتدا دێتە بەرهەم.

پلانی فێرکاری دەبێت، بە وردی و بە قووڵی ڕاڤەی نەریتە پۆزەتیڤەکان بکات، لە چێوەی فێرکاری و فێرگەدا فێری منداڵانی بکات. هاوکات ئاشنابوون بە فەرهەنگ و نەریت و شێوەی ژیانی خەڵکانی دیکە ئاسۆی بیر و جیهانبینی منداڵ فرەوانتر دەکات، بۆیە گرنگە پلانی فێرکاری نموونەی پۆزەتیڤ و زیندوو لە فەرهەنگ و نەریتی نەتەوەکانی دیکەوە بگەیەنێتە فێرخوازان.

ئەم ئاشنا بوونەی منداڵ بە فەرهەنگی جیاواز پەرە دەدات بە ڕەهەندی بیرکردنەوە و ڕەخنە لە لای منداڵ.

لە وەڵاتێکی فرەنەتەوە، فرەدین و فرەمەزهەبی وەکوو کوردستان، زۆر گرنگە زانیاری لەسەر هەموو نەتەوەکان، دینەکان و مەزهەبەکانی کوردستان بدرێت بە فێرخوازان. دەبێت نەریت، جەژنی دینی و نەتەوەیی، شێوازی جلوبەرگ، شوێنەوارە پیرۆزەکان و بەهاکانیان، ڕەوشتی جڤاکی و خێزانی، هونەر و مێژوو لە بابەتی وەک جڤاتناسی و مێژوودا جێگە بکرێتەوە. تا منداڵان فێری ئەوەبن ڕێز لە بەها و فەرهەنگ، نەریت و شتە پیرۆزەکانی ئەو خەڵک و نەتەوانەش لە پاڵ فەرهەنگ و بەها و دابوونەریتی خۆیاندا بگرن.

لە وەڵاتێکی فرەنەتەوەیی و فرەزماندا، هەردەم ئەگەری ناکۆکی لە ئارادایە. بۆیە ئەرکی پلانی فێرکارییە گیانی تەبایی و لێکتێگەیشتن لە ناو فێرخوازاندا گەشە پێ بدات، ڕەچاوی هاوسەنگی و بەرابەری نێوان نەتەوە، دین و فەرهەنگە فرەجۆرەکانی وەڵات لە گشت بابەتەکانی خوێندندا بکات. بە تایبەتی کتێبەکانی خوێندنی بنەڕەتی، دەبێت بە وێنەی جلوبەرگ و شوێنەواری مێژووی و شار و ناوچەکانی وەڵات بڕازێنرێتەوە.

ئەم هەنگاوانە دەبنە مایەی ئاشنا بوونی نەتەوە جیاوازەکان بە یەکدی، بەو پێیەش ناکۆکی کەم دەبێتەوە، یەکدی سەلماندن گەشە دەکات.

یەکدی سەلماندن، نەک هەر وەک نەتەوە، فەرهەنگ و دینی جودا، بەڵکوو وەک تاکەکەسیش گرنگە. سەلماندنی کەسانی خاوەن پێداویستیی تایبەت باسێکی تایبەتە. نابێت فێرخوازی خاوەن پێداویستیی تایبەت لە فێرخوازانی دیکە جودا بکرێنەوە. هەموو لە یەک فێرگەدا دەخوێنن بەڵام دەشێ گەر پێویست بێ ژووری تایبەتیان بۆ خوێندن هەبێت.

بەرانبەر کەسانی خاوەن پێداویستیی تایبەت، دەبێت فێرخواز فێری هاوسۆزی بکرێن. دەبێت دیدی هاوشانی و یەکسانی و بەرابەری لەم باسەدا جێگیر و پتەو بێت. پلانی فێرکاری دەبێت گیانی هاوکاری و سەلماندنی یەکدی فێری منداڵ بکات.

## 2) ئافراندن

- مرۆڤی داهێنەر
- تواناکانی ئافراندن و داهێنان
- سێ شێوازەکەی ئافراندن
- دیدی ڕەخنەگرانە و توانای دەرککردن
- شێوازی کاری زانستیانە و فێرخوازی چالاک

### مرۆڤی داهێنەر

مرۆڤ دەبێت لە بەرهەم و هونەردا، داهێنان پێشیان بدات، ئەو هۆکار و پاڵنەرانە شی بکاتەوە و تێیان بگات کە دەبنە بنەمای داهێنان و هونەر، ڕێز لە هەوڵەکانی پێشینان بگرێت، بۆ خۆشی هەوڵ بدات لە سەردەمی نوێدا پەرە و برەو بە داهێنان و هونەر و شێوازەکانی بیرکردنەوەی پێشینان بدات و هونەر و داهێنان و ڕێبازی و بیری نوێیان لێوە بخولقێنێت، تا دونیایەکی باشتر و جوانتر و ژیانێکی ئاسوودەتر ساز بکات.

منداڵ دەبێت داستان و چیرۆکی ژیان، لە فێرگەوە فێر بێت و لە هەمبەر سەختیەکانی ژیاندا خۆڕاگر و بوێر بێت. خوێندن و فێرگە دەبێت منداڵ بۆ ململانێ و زۆرانبازیی ژیان ئامادە بکات.

فێرگە دەبێت هێندە بەهرە و کارایی فێری منداڵ بکات، تا بتوانێت ڕووبەڕووی گشت گۆڕانکارییەکی نوێ لە بیرکردنەوە و ڕێبازی ژیان و لە داهێنانە تەکنۆلۆژییەکاندا بێت. منداڵ دەبێت هێندە وزە و بەهرە لە خوێندن و فێرگەوە وەربگرێت کە گوڕی هەمیشە بەرەو پێشەوەچوونی تێدابێت.

## تواناى ئافراندن و داهێنان

ئامانجی سەرەکیی خوێندن و فێرکردن دەبێت گۆڕانکاری، گەشە و پێشەوەچوون بێت.

فێرکاری بۆ گشت منداڵان، لاوان و گەورەساڵانیش دەبێت والاکردنی دەروازەکانی گۆڕان، گەشە و پێشەوەچوون بێت. ئاشناکردنی مرۆڤ بێت بە تواناکانی خۆی و هەنگاونان بێت بۆ ئاستێکی بەرزتر و پڕ هونەرتر و کارامەتر. دەرفەتدان بێت بە مرۆڤ تا وزە و تواناکانی خۆیان بەرجەستە بکەن.

خواست و ویستی فێربوون لای منداڵ، هێز و بەهرەیەکی سروشتیە، منداڵ پڕن لە خواستی فێربوون، زۆر شت هەیە نایزانن و لێی دڵنیانین. لە ڕێگەی فێربوون و خوێندنەوە و بەهۆی تێکەڵ بوون لەگەڵ منداڵانی دیکەی فێرگە فێری زۆر شت دەبن و هێدی هێدی بە ڕێساکانی پێکەوە ژیان و جڤات ڕادێن، لەگەڵ هەڵکشانی تەمەنیشدا بۆ خۆشیان هەوڵ دەدەن ئەو ڕێسا و شێواز و زانیاریانە پیادە بکەن تا بێنە جیهانی گەورەساڵان و جڤاتەوە.

جیهان و ژیان بۆ منداڵ ئەزموونێکی نوێیە، هەر بۆیە توانا و فەنتازیای جۆراوجۆر و بێسنوورییان هەیە، ئەم فەنتازیا و توانایانە وا لە منداڵ دەکات پەرە بە توانای ئاخافتن، نووسین و فێربوون بدات و ببێتە خاوەن ئەزموون، دانوساندن. ئەزموونەکانی ژیانی ڕۆژانە و جیهانی ڕاستەقینە سنوور بۆ ئەو فەنتازیا و ئەندێشانە دادەنێن، بەدەم تەمەنەوە منداڵ دەبێتە کەسێکی خاوەن ئەزموون و ڕیالیست (داکەوتبین - واقیعی). لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت فەنتازیاکانی منداڵ لە پرۆگرامەکانی خوێندندا جێگەیان بۆ بکرێتەوە، چونکە ئەو خەیاڵبازییە دەبنە مایەی ئافراندن لە ژیانی گەورەییدا، جا دەکرێ منداڵانی دیکە خەیاڵی نوێ لەو خەیاڵبازییە وەربگرن. بۆیە گرنگە بەشێکیان لە کتێبەکانی خوێندندا وەک وانە بە منداڵانی دیکە بگوترێنەوە.

تواناى ئافراندن ئەوەیە ڕێگەچارەی نوێ بۆ هەر ئاستەنگ و کێشەیەک، ئیدی چ هونەری زانستی یان هزری بن، بەشێوەیەکی نوێتر و کاریگەرتر بدۆزێتەوە.

دەبێت پلانی فێرکاری ڕوونی بکاتەوە کە داهێنانی مرۆڤە گوزەرانی ئەشکەوتی گەیاندۆتە ئەمڕۆژەی ئاسماندۆزی و زەریاپێوی. گرنگە ئەم خواست و هەوڵدانە لە هزری منداڵاندا گەش و زیندوو ڕابگیرێن. چ وەک چیرۆک و چ وەک مێژوو، بەشێک بێت لە پلانی فێرکاری، ئەم کارەش نەک هەر تەنها یادی ئەو کەسە داهێنەرانە بە زیندوویی لە لای منداڵان ڕا دەگرێ و ڕێزیان بۆ پەیدا دەکات، بەڵکوو منداڵان فێری گەشبینی دەکات و ئایەندە بە ڕووناکی دەبینن، دەشێ ئەوانیش، لە داهاتوودا ببنە کەسانی داهێنەر. میرات و

سامانی فەرهەنگی و هونەری، تەنها ئەوە نییە وەک بابەتێکی ئەنتیکی و کۆن تەماشا بکرێت و نیشانی منداڵان بدرێت، بەڵکوو دەبێت هەردەم بکرێتە هۆکارێک تا منداڵان لێوەی فێربن، لە هەموو زەمین و زەمانێکدا داهێنان کراوە و مرۆڤی داهێنەر هەبوون.

ئەرکی فێرگە و پلانی فێرکارییە ئافراندنی مێژووکردی مرۆڤ ڕادەستی نەوەی نوێ بکات. دەبێت لە ڕێگەی خوێندنەوەی تێکست (چیرۆک و ئەفسانە) ـەوە، ئەزموونگە (لابراتۆریۆم)، وێنە، فیلم و دۆکۆمێنتەوە، کەسانی داهێنەر و ئافراندنی نایاب بگەیەنرێتە فێرخوازان و منداڵان فێری ئەوە بکرێن کە دەشێ خەون، فەنتازیا (خەیاڵبازی) ی زانستی، هونەری، ئەدەبی و هزری بهێنرێنە دی و پیادە بکرێن.

### سێ شێوازەکەی ئافراندن

لە دێرزەمانەوە مرۆڤ بەم سێ شێوازە بەرهەمی نوێی ئافراندووە:

- خولیا
- شەیدابوون و پەیدۆزی (لەدوو گەڕان)
- چێژ وەرگرتن

ئەم سێ میکانیزمە، بەشێوەیەکی سروشتی و فیزیکی، لە گشت مرۆڤێکدا هەن، ئەوە ئەرکی پلان و بەرنامەی فێرکارییە بتوانێت بەشێوەیەکی زانستیانە و بەرنامە بۆ داڕێژراو، ئەم توانا و خواستانە بە ڕووکاری دابینکردنی ژیانێکی ئاسوودە و ئاشتەوا و هێمنانە، لە ناخی منداڵدا ئاڕاستە بکات، بۆ گەیشتن بەو ئامانجانە ئامادەیان بکات، لە هەمان کاتیشدا پەیامی مێژوویی ئەم هزرە بگەیەنرێتە منداڵان، نەوە لە دوای نەوە پێی ئاشنا بن.

### خولیا

پلانی فێرکاری، دەبێت لە ڕێی کار و پراکتیکەوە، فێرخواز بە شێواز و هزری ئافراندن ڕابهێنرێت. دەبێت بۆیان ڕوون بکرێتەوە ئەو ئامێر، تەکنەلۆژی و ئەلەکترۆنەی ئەمڕۆ لە بەر دەستیاندایە، لە ئەنجامی هەوڵ و بیرکردنەوە و ئافراندنەوە پەیدا بوون. لە سەرەتادا گشت ئەو ئامێرانە بابەتی زۆر ساکار بوون، ساڵ لە دوای ساڵ، مرۆڤی داهێنەر گۆڕانیان لەو بابەتانەدا کردووە، پەرەیان پێداون تا گەیشتوونەتە ئەم ئاستە. هەر بۆیە ڕاهێنانی کاری دەستی، مەشق پێکردن و پیادەکردن، دەبێت ببێتە بەشێکی گرنگ لە بەرنامەی خوێندن. فێرگە دەبێت شوێنی کارکردن (وەرشە)ی تایبەتی لە هەموو بوارەکاندا تێدا بێت، چ بوارەکانی بەرهەمهێنان، پیشەسازی، هونەری و بیناسازی، دەبێت وانەی مەشق لەو بوارانەدا بە منداڵان، وەک بەشێک لە بەرنامەی خوێندن، بدرێت، ئەم بەشەی خوێندن بە هونەرکاری ناو دەبرێت.

## شەیدا بوون و پەیدۆزی

شەیدابوون و پەیدۆزی (لە دووگەڕان)، یەکێکە لە خەسڵەتەکانی ئاگامەندی. مرۆڤ زیندەوەرێکە شەیدای زانین، هەردەم لە دووی نهێنیەکان دەگەڕێت، هەردەم لە هەوڵی داهێنان و پەیداکردنی بەرهەمی ماددی و هزری نوێیە، ئەم شەیدابوونەشە مرۆڤایەتیی بەرەو پێشەوە بردووە و مێژووی ئافراندووە.

شەیدابوون، یەکێکە لە خەسڵەتەکانی مرۆڤی ئاگامەند. هەر لە سەرەتای مێژووەوە لە ڕێگەی چیرۆک و ئەفسانەکانەوە باس لەم خووە کراوە، مرۆڤ شەیدای زانست و نهێنیەکان بووە. لە ئەنجامی ئەم خولیا و خەسڵەتەوە شارستانی و بەرەو پێشڤەچوون پەیدا بوون. پلانی فێرکاری دەبێت منداڵ ڕا بێنێت لە پەیدۆزیی زانستی نوێ و ئافراندنی نوێدا بێت – ئەمیش لە ڕێی ئەو زانیارییانەی لە کتێبەکانی خوێندندا بۆی ئامادە دەکرێن. پلانی فێرکاری دەبێت هێندە هاوچەرخ بێت تەواوی زانستەکانی سەردەم لە بەرنامەکانی فێرکاریدا جێگە بکاتەوە و بەشێوەیەکی ڕەوان منداڵان فێری ببن.

## چێژ وەرگرتن

مرۆڤ سەرقاڵی چێژ وەگرتنە، ئافراندن و شەیدابوونیش، هەر بۆ ئەم مەبەستەیە کە چێژ لە بەرهەمە هزری و ماددیەکانی خۆی وەربگرێت. مرۆڤ زیندەوەرێکی چێژویستە، واتە تەنها پێداویستە فیزیکیەکانی خۆی تێر ناکات، بەڵکوو شەیدای چێژ وەرگرتنیشە. چێژ وەرگرتنی جەستەیی و دەرونیش. پلانی فێرکاری، دەبێت ئەم خەسڵەتەی منداڵ زۆر بەهەند بگرێت، ویستی چێژ وەرگرتنی جەستەیی و دەروونی منداڵ تێر بکات. چێژ وەرگرتنی جەستەیی لە ڕێگەی وەرزش و مەشق و کاری دەستەوە دەبێت، چێژ وەرگرتنی دەروونی لە ڕێگەی هونەرکاری و ئەدەبیاتەوە دەبێت.

ئامانجی سەرەکیش دەبێت ئەوە بێت، تا فێرخواز مرۆڤێکی بە هیوا و ژیاندۆستی لێ دەربچێت. بتوانێت هەستی کەسانی دیکە دەرک بکات، ڕێز لە سۆز و بۆچوونەکانیان بگرێت. کەسێک بێت چێژ لە جوانی ببینێت و لە هەوڵی جوانکردنی ژیاندا بێت، بە داهێنای هونەری، هزری، زانستی، ئەدەبی، وەرزشی و هتد.

## دیدی ڕەخنەگرانە و توانای دەرککردن

لە گشت بوارەکانی ژیاندا، پێویستە مرۆڤ هەستی ڕەخنەی هەبێت و توانای دەرککردنی بابەتەکانیشی هەبێت.

مەبەست لە دیدی ڕەخنەگرانە، واتا توانای بینینی جۆری/ ناوەڕۆکی شتەکانی تێدا بێت، بە واتایەکی دیکە نابێت هیچ بابەتێک هەروا بە سادەیی وەربگرێت. مەبەست لە توانای دەرککردنیش، هەبوونی توانای دەرککردنی لایەنە جوان و نادیارەکانی هەر بابەتێکە کە دەڵێین بابەت، مەبەست لە بابەتە هونەرییەکان، ئەدەبیەکان، هزریەکان و زانستیەکانە.

بارهێنان و ڕاهێنانی منداڵ- فێرخواز لەسەر پەرەپێدان و گەشەپێدانی ئەم توانایانە، دەیانکاتە مرۆڤێکی خاوەن هەست، وردبین و ئاگامەند. هێز و توانای هەڵبژاردن و بڕیاردان و پەسەندکردنی تێدا گەشە دەکات.

ڕاهێنانی منداڵ لەسەر توانای هەڵسەنگاندن، بەراوردکردن، ڕاڤەکردن، هەڵبژاردن، بڕیار دان، ڕەخنەگرتن و پێشنیازکردن، ئامادەکردنیانە بۆ بەرپرسایەتی لە ئەستۆگرتن، بەڕێوە بردن و بەرهەمهێنان لە داهاتوودا.

موتوربەکردنی ئەم توانایانە (دیدی ڕەخنەگرانە) لەگەڵ سێ شێوازەکەی ئافراندن، منداڵ دەکاتە مرۆڤێکی خاوەن ویست، بڕیار، هەڵوێست و بەهرەی داهێنەرانە. پەرەپێدانی ئەم توانایە ڕێگە خۆشکردنە بۆ بەرهەمهێنان لە گشت بوارەکانی بەرهەمهێناندا، ئیدی ماددی، هونەری، یان هزری بێت.

## شێوازی کاری زانستیانه و فێرخوازی چالاک

ئامانجی پلانی فێرکاری تەنها فێرکردن نییە بەڵکوو ڕاهێنانیشە بۆ ئەوەی منداڵ دەستڕەنگین و ئامادە بێت بۆ فێربوونی هونەری نوێ. گەشەپێدان و پەرەپێدانی توانای هزر و لەشی منداڵ و بەهەند وەرگرتنی بەهرە و بۆچوونەکانی، واڵاکردنی دەروازەی داهێنان و دابینکردنی ژیانێکی ئاسوودە و ئایەندەیەکی گەشە بۆیان، چەمکی سەرەکین لە ئامانجەکانی پلانی فێرکاری.

شێوازی کارکردنی زانستیانە، گەشە بە توانای داهێنان و هەڵسەنگاندن و ڕەخنەگرتنی منداڵان دەدات. منداڵان هەر بە سروشت پرسن (کونچکاو - فزووڵی) یان سەرچڵ و سەرکێشن (بە مانا پۆزەتیڤەکەی). خواستی ئەزموونکردن و چێژ وەرگرتن دەکەن، ئەندێشە و خەیاڵێکی بڵاو و گەشیان هەیە. لە ڕێگەی فێرکردنیان بە شێوازی کارکردنی زانستیانەوە، دەتوانن ئەو توانایانەیان پەرە پێبدەین، تا بەهرە، ئەندێشە و خواستیان لە فۆرمی زانستیانە، هزریانە، هونەریانە و بەرهەمهێنەرانەدا بخەنە گەڕ. ئەمانەش تەنها بە فەراهەمکردنی پێداویستیەکانی کارکردن و تاقیکردنەوە و ئەزموونکردن دێنە دی، کە دەبێت لە ئەزموونگە، کتێبخانە، ستۆدیۆ و وەرشەی فێرگەدا بۆیان دابین بکرێن. ڕاهێنان، مەشقکردن و پرۆڤەکردنی زانستیانە، سێ توانای زۆر گرنگ لە لای منداڵ پەرە پێدەدات و بە هۆیانەوە مرۆڤێکی بەرهەمهێنن و خوڵقێنەری لێ دەردەچێت.

1- توانای ڕامان و پرسیارکردن
2- توانای ڕاڤەکردن (ڕاڤەکردنی ئەزموونەکانی خۆی)
3- توانای بە دەرئەنجام گەیشتن (بتوانێت دەرئەنجامگیریەک لە ئەزموونەکانی بکات و لەگەڵ هزری و ئەندێشەکانیدا بەراوردیان بکات و لە ئاکامدا بڕیار بدات.)

دەبێت پلان و پرۆگرامی خوێندن، چ لە فۆرمی تێکست، واتە لە بابەتەکانی فێرکاریدا (تێکستی وانەکان) و بەکردەوەش (بە پراکتیزەکردن لە ئەزموونگەدا). شێوازی کارکردنی زانستیانە فێری منداڵ بکات. مێژووی مرۆڤایەتی سامانێکی پڕ لە بەرهەم و داهێنانی هونەری و زانستی بۆ جێهێشتووین. دەبێت لە ڕێگەی پرۆگرامەکانی خوێندنەوە ئەم سامانە بگەیەنینە نەوەکانی داهاتوو. لەگەڵ فەراهەمکردنی هزر و شێوازی زانستیانە و دابینکردنی پێویستیە ماددییەکان منداڵان بتوانن ئەم سامانە بە داهێنانی هەمەجۆر لە گشت بوارەکانی ژیانی سەردەمدا زەنگینتر بکەین.

### 3) کار

- مرۆڤی کارامە/ مرۆڤی کارا
- تەکنۆلۆژی و فەرهەنگ
- فێرکردن و کار

## مرۆڤی کارامە/ مرۆڤی کارا

پیشە تەنها بۆ پەیداکردنی بژێو نییە، شێوازێکی مرۆڤانەیە بۆ سەلماندنی خود و پێگەیاندنی کەسایەتی و پەرەپێدانی تواناکانی داهێنانی مرۆڤیشە. مەشق و ڕاهێنان و فێرکردن (بە ئەزموونکردنی فێربوون) گەیاندنی ئەزموونی کارە بە نەوەکانی داهاتوو/ بە فێرخوازان، ئەوان ئەو کار و پیشانە درێژە پێبدەن و پەرە پێبدەن و تێیدا بەردەوام دەبن، بۆ ئەوەی پرۆسەی فێربوون و بەرهەمهێنان نەوەستێت.

شائامانجی پلانی فێرکاری ئەوەیە منداڵ/ فێرخواز ببێتە مرۆڤێکی کارا، بە مەبەستی پێشکەوتن خۆی لەگەڵ دەوروبەردا بگونجێنێت. مرۆڤ دەبێت بتوانێت لەگەڵ تاکەکەسان و لەگەڵ کۆمەڵیشدا هەڵ بکات، سنووری مافەکانی خۆی و کەسانی دیکەش ناس بکات و ڕێزیان بگرێت. مرۆڤێک بێت، بتوانێت تواناکانی داهێنانی خۆی لەگەڵ خواست و ئامانجەکانیدا بگونجێنێت، لە هەمان کاتیشدا لە بیری خزمەتکردن و سوود گەیاندن بە کۆمەڵیش بێت. بۆ گەیشتن بەم ئامانج و ئاستانە، پلانی فێرکاری دەبێت.

- خاڵە گەش و پۆزەتیڤەکانی فەرهەنگی جڤات، لە خۆ بگرێت و فێری منداڵیان بکات.
- دەبێت ڕوانگە و دیدی دینی منداڵ هێندە فرەوان بکات ڕێزی گشت دینەکانی دیکەی لە لا بێت و زانیاری تەواویش دەربارەیان هەبێت.
- دەبێت منداڵ فێر بکات ڕێز لە گشت بیر و بۆچوونێک بگرێت، با ئەو بیر و بۆچوونە تەواو دژی بیر و بۆچوونەکانی خۆی بێت.
- دەبێت منداڵ فێر بکات، واز لە خۆپەرستی و خۆویستی بهێنێت، بە گیانی هەرەوەزی و تەبایی ڕابهێنرێت.
- دەبێت منداڵ فێر بکات تواناکانی تاکەکەسی خۆی پەرە پێبدات و سەربەخۆیانە کار ئەنجام بدات. لە هەمان کاتیشدا لەوە سڵنەکاتەوە کاری بە کۆمەڵیش ئەنجام بدات، واتە هەم کەسێکی باوەڕ بەخۆ و هەم کەسێکی باوەڕ بە کۆ بێت.
- دەبێت منداڵ ئامادە بکات تا کەسێکی بەسوود بۆ خۆی و بۆ جڤات بێت. کەسێک بێت زانیاری و زانستی هەبێت، تا بۆ سوودی خۆی و سوودی کۆمەڵیش بەکاریان بهێنێت.

- پلانی فێرکاری دەبێت، هێندە زانیاری پراکتیکی بدات بە منداڵ تا بتوانێت لە ئایەندەدا کەسێکی بەرهەمهێن بێت تا بتوانێت پێداویستیە تایبەتیەکانی خۆی دابین بکات لە ئەنجامی بەرهەمەکەشیەوە سوود بە جڤاتکەی بگەیەنێت.
- دەبێت هێندە، زانیاری مێژوویی و فەرهەنگی بداتە منداڵ تا بتوانێت ڕاڤەی کێشە و ناکۆکیەکانی نێو و مێژووی نەتەوە و نێو نەتەوەیی بکات و تێیان بگات.
- دەبێت هێندە زانین بداتە منداڵ کە بتوانێت لە پەیوەندیە مرۆڤایەتیەکان بگات و دەرکیان بکات، تێروانین و دیدی تایبەتی خۆی لە هەمبەریاندا هەبێت.
- دەبێت هێندە، زانیاری سەردەمیانە بداتە منداڵ کە بتوانێت لە داهێنانە نوێیەکان و لێکۆڵینەوە زانستیە هاوچەرخەکان بگات و باوەڕیان پێبهێنێت و لێکۆڵینەوە و داهێنانی تەکنۆلۆژی بە هەند بگرێت و ڕێز لە هەوڵی زانایان بگرێت.
- دەبێت ئاسۆی دنیابینی منداڵ لە ڕێگەی باسکردن و خوێندنی بەرهەمی فەرهەنگی، ئەدەبی، هونەری و هزری گەلانی دیکەوە، هێندە فرەوان بکات تا منداڵ بتوانێت لە فەرهەنگی گەلان و نەتەوەکانی دیکە تێ بگات و بەهەندیان بگرێت و ڕێز لە شێوازی بیرکردنەوەی خەڵکانی دیکە بگرێت.
- دەبێت، هێندە زانیاری دەربارەی فەرهەنگی خۆماڵی و بەرهەمهێنان، مۆسیقا و ئەدەب، هزر و دنیابینی و قۆناخە مێژووییەکانی نەتەوە، بە نیشاندانی ڕاستەوخۆ لە کتێبەکاندا یان لە ڕێگەی مۆزەخانەوە یان وێنە و کۆپیی ئەو میراتە مێژووییانە بداتە منداڵ تا منداڵ بە گیان و هزری نەتەوەیی ئاشنا بکات.
- دەبێت منداڵ فێر بکات لێبوردە بێت، لە هەمان کاتیشدا دەرئەنجامی دۆڕاندن بە گیانێکی وەرزشمەندانە بسەلمێنێت، بەڵام هەردەم لە هەوڵی هەڵسانەوە و سەرکەوتنیشدا بێت.
- دەبێت منداڵ فێر بکات، سروشتی خۆش بوێت و ڕێزی بگرێت، لە هەمان کاتیشدا سەرچاوە سروشتیەکان، بەشێوەیەکی ژیرانە بۆ ئاسوودەیی و خزمەتی خۆی و جڤات بەکاربهێنێت.

**تەکنۆلۆژی و فەرهەنگ**

تەکنۆلۆژی، ئەو دەستگە و هۆکارانەی مرۆڤ لە گشت بوارەکانی بەرهەمهێنانی ماتریاڵ، کشتوکاڵ، پیشەسازی، دەرمانسازی، گەشت و گوزار بە هەموو جۆرەکانیەوە، تەنانەت لە زۆر بواری هونەریشدا، بەکاریان دێنێت، تا ژیان ئاسانتر و خۆشگوزەرانتر بکات!
تەکنۆلۆژی، ئەو پشکنین و لێکۆڵینەوە و پەرەپێدانەی وا لە پشتییەوە، هەم شارستانیانەیە و هەم مرۆییانە، یان بەهرەمەندیانەیە. شارستانیانەیە، چونکە دەکرێت بەهۆیانەوە، ژیان ئاسانتر و خۆشتر ببێت، مرۆڤ کەمتر زەحمەت بکێشێت و بێ ئازار و بێ نەخۆشی بێت، خۆراک، پۆشاک و پێداویستیەکانی دیکە زۆرتر و ئاسانتر بەرهەمبهێنێت، کاتی زۆرتری هەبێت تا بۆ بوارە هونەری و فەرهەنگییەکانی دیکەی تەرخان بکات، ئەو کارانەی خۆشی بە ژیان دەبەخشن و مرۆڤ چێژیان لێ دەبینێت بەهرەمەندانەیە، چونکە بەرهەمهێنانی تەکنەلۆژی، هاوئاهەنگی نێوان بیر و لەش بۆ دابینکردنی پێداویستیەکان.

مێژووی تەکنۆلۆژی مێژووی داهێنان و دۆزینەوەی ئامێری نوێیە لە گشت بوارەکانی بەرهەمهێناندا، هەر لە چاککردن و باشترکردنی توخمی ئاژەڵ، پەلەوەر. زۆرکردنی تۆ و جۆری دانەوێڵە، میوە و سەوزە، داهێنانی چەرخ، ماتۆر، ئۆتۆمبیل، شەمەندەفەر، کەشتی و پاپۆڕ، فڕۆکە، بۆ ئاسانکردنی هاتوچۆ و بازرگانی، دۆزینەوەی دەرمان و شێوازی چارەسەرکردنی نەخۆشی و نەشتەرگەری، داهێنانی هۆکارەکانی پەیوەندیگرتن. ئەم خەرمانەی تەکنۆلۆژیش بەرهەمی ڕەنجی بیرکردنەوەی گشت ژنان و پیاوانی مرۆڤایەتی بوون بە هەموو جۆرە پیشەکانیانەوە، چ پیشەی دەستی (ئەوانەی بەرهەمی ماددی بەرهەم دێنن) و چ پیشەی هۆشەکی (ئەوانەی بەرهەمی زانستی، هونەری و هزری بەرهەم دێنن).

- تەکنۆلۆژی ڕۆڵی گرنگ و مێژوویی لە گەشە سەندن و پووکانەوەی گەلان و ژیاردا بینیوە،
- پەیوەندی و تەرازووی هێزی کاری جڤاتی «سەرمایەدار و کرێکار» دیاری کردووە.
- ڕادەی ئاسوودەیی و خۆشگوزەرانی گەلان و وەڵاتانی «پێشکەوتوو- دواکەوتوو» دیاری کردووە.

تەکنۆلۆژی کاریگەری سروشتی لەسەر مرۆڤ کەم کردۆتەوە، بەڵام تا ڕادەیەکی زۆریش ڕۆڵی لە پیسکردن و تێکدانی سروشتدا گێڕاوە. هەروەها بێگومان پرسی مۆڕاڵی/ ڕەوشتی لە لای مرۆڤ دروست کردووە. بۆ نموونە تەکنۆلۆژیی جینکاری.

سەرەڕای گشت لایەنە پۆزەتیڤەکانی تەکنۆلۆژی، لایەنی نێگەتیڤیشی هەیە چ بۆ گەلان و وەڵاتان - داهێنانی چەکی وێرانکەر و کۆمەڵکوژە - چ بۆ سەر ئازادیی تاکەکەسیش. بۆ

نموونه کۆنترۆڵکردن و خستنە ژێر چاودێری هەڵسوکەوتی تاکەکەسەوە، کۆنترۆڵکردنی تەلەفۆن و ئیمەیل، کۆکردنەوەی زانیاری و داتای ورد و هەستیار لەسەر تاکەکانی ناو جڤات.

ژیانی ئەمڕۆی مرۆڤ بە ڕادەیەک پابەندی تەکنۆلۆژییە، گەر بەشێوەیەکی ژیرانە تەکنۆلۆژی بەکار نەهێنرێت و کۆنترۆڵ نەکرێت، ئەوا داهاتووی مرۆڤ و سروشتیش لە مەترسیدان. ژیانی ئەم سەردەمەی مرۆڤ تەواو پابەندی تەکنیک و ئامێرە، بۆ نموونە کۆمپیوتەر، مۆبایل تەلەڤزیۆن، سەتەلایت و فڕۆکە. بۆیە زۆر گرنگە منداڵان، لە ڕێی بەرنامەکانی فێرکاری، زانیاری و فەرهەنگی تەکنۆلۆژییان فێر بکرێت، تا بتوانن بەسوود وەرگرتنی پۆزەتیڤانە لە تەکنیک، خۆیان و جڤاتەکەیان و گشت مرۆڤایەتی ئاسوودە بکەن و سروشت و زیندەوەرەکانی دیکەش لە مەترسی لەناوچوون بپارێزن.

## فێرکردن و کار

پلانی فێرکاری، گەر لەسەر بنەمای زانستیانە و فەرهەنگیانە بەرنامەکانی داڕێژرا بێت و کار بکات، ئەوا بێگومان دەرئەنجامێکی پۆزەتیڤی دەبێت، کە ئەویش فێرکردنێکی باش و بە کەڵکە، گەر منداڵ لە سیستەمێکی فێرکاریی هاوچەرخ و زانستیانەدا ڕاهێنان و مەشقی پێبکرێت، ئەوا بێگومان لە ئایەندەدا توانایەکی داهێنەرانەی لە کار و کارکردندا دەبێت. تۆژینەوەی زانستی و بە دواداچوون پێشانی داوە منداڵان ئاشنای ئەو کار و پیشانە دەبن کە لە سەرەتای قۆناخی فێرکردندا مەشق و پیادەی دەکەن،

## 4) زانیاریی گشتی

- مرۆڤی فرەزان
- زانیاری بەرجەستە (کۆنکرێت) و هەمەلایەنە
- دید و تێگەیشتنی هاوبەش

### مرۆڤی فرەزان

پلانی فێرکاری دەبێت لە گشت بوارەکانی ژیان و لە گشت زانستەکاندا زانیاریی هەمەڕەنگ بداتە منداڵ. تا منداڵ هێندە شارەزا بێت بتوانێت لە بوارێکی تایبەتدا قووڵ ببێتەوە و شارەزایی و ڕەسایی لەو بوارەدا بە دەست بهێنێت.

زانیاری لە پلانی فێرکاریدا، بەپێی ئاستەکانی خوێندن، دەبێت گشتگیرانە بێت. واتە لە گشت بوارەکانی ژیاندا: سروشتناسی (زانستی)، جڤاتنسی (کۆمەڵایەتی) و هەروەها پیشەناسیدا هێندە زانیاری بداتە فێرخواز تا بتوانێت و ئامادە بێت خوێندنێکی وا هەڵبژێرێت لەگەڵ توانای هزری و لەشی خۆیدا بگونجێت. خواست، ویست، ئارەزوو، خەون و خولیاکانیشی تێیدا بەرجەستە بێت. تا فێرخواز بتوانێت لەو ڕێگەیەوە بێتە بواری بەرهەمهێنان (چ هزری و چ ماددی) و بەرپرسایەتی لە ئەستۆ بگرێت.

خوێندنی فرەزانیاری دەبێت ئەم لایەنە گرنگانە لەخۆ بگرێت:

- زانیاری کۆنکریت (بەرجەستە) ی گشتگر و فرەلایەن دەربارەی مرۆڤ، جڤات، سروشت و ژینگە.
- توانا و لێهاتوویی و بڕوابەخۆبوون، تا منداڵ بتوانێت ڕووبەڕووی ژیان ببێتەوە.
- بەها و ئەرکی مرۆڤدۆستانە تا منداڵ لە ئایەندەدا کەسێکی بەرپرسیار و خاوەن هەڵوێست بێت.
- تەبایی، مرۆڤدۆستی و هاوجیهانی، تا منداڵ لە ئایەندەدا بتوانێت بێ گرفت لەگەڵ مرۆڤی دیکەدا هەڵ بکات.

پلانی فێرکاری دەبێت، فێرخواز ئاشنا بکات بەوەی بوار و دیاردەی جۆراوجۆر پەیوەندییان بە یەکەوە هەیە. بۆ نموونە، هەر بەرهەمێکی پیشەسازی کاریگەرییەکی خۆی لەسەر سروشت هەیە. دەبێت منداڵ فێر بکرێت هەندێ بەرهەم و هێز و وزەی مرۆڤکرد هەیە -

بۆ نموونە هێزی ئەتۆم - دواتر بۆ مرۆڤ خۆی بووە بە هەڕەشە. تەکنۆلۆژی و زانستی جینکاری دەبێ بە وردی هەڵسوکەوتی لەگەڵ بکرێت.

پلانی فێرکاری دەبێت ئەرکی ئاکاری زانست لە پرۆگرامەکانی خۆیدا بۆ منداڵ ڕوون بکاتەوە. دەبێت هەر لە سەرەتاوە منداڵ فێر بکرێت تەکنۆلۆژی و زانست لایەنی نێگەتیڤانەشی هەیە، بۆیە دەبێت هەر لە سەرەتای خوێندنەوە منداڵ لە ڕێگەی وانەی فەلسەفەوە «فەلسەفە بۆ منداڵان» ڕووبەڕووی ئەرکی ئاکار بکرێتەوە و بە هەستی مرۆڤپەروەری ڕا بهێنرێت.

**زانیاری بەرجەستە (کۆنکرێت) و هەمەلایەنە**

پلانی فێرکاری دەبێت لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی سەردەمدا جێ بۆ زانیاری بەرجەستە (کۆنکرێت) و هەمەلایەنە لە پرۆگرامەکانی خۆیدا بکاتەوە. زانیاری نێو پرۆگرامەکانی فێرکاری بەردەوام نوێ بکرێنەوە. سوود لە شابەرهەم، فەرهەنگنامە و زانیارستان (ئینسایکلۆپیدیا) ی جیهانی وەر بگرێت بۆ فرەواندنی هزری فێرخواز و دەرفەتی دەسترەسییان بە زانیاری.

هەروەها دەبێت هاوئاهەنگی و پەیوەستییەک لە نێوان بابەتەکانی خوێندندا هەبێت، واتە نابێت هیچ بابەتێکی خوێندن و وانەیەک لە ڕووی زانستی، بەهای مرۆڤدۆستانەی، ڕەوشت و دیمۆکراسییەوە دژی یەکدی بن، تا منداڵ/ فێرخواز تووشی ئاڵۆزی بیرکردنەوە و دوو دیدی (ئیزدواجیەت) نەکات. بەڵکوو زیاتر هاوکاری منداڵ بن، تا دیدێکی گشتگیر و کۆنکرێتی لە گشت وانە و بابەتێکدا لە لا بخەملێت.

## دید و تێگەیشتنی هاوبەش

پلانی فێرکاری دەبێت بەرنامەکانی وا دابڕێژێت کە بتوانێت دید و تێگەیشتنی هاوبەش لە لای منداڵان و فێرخوازان دروست بکات. پرۆگرامەکانی خوێندن دەبێت لەسەر بنەمای یەکسانی و بەهای هاوکۆی گشت تاکەکانی جڤاتدا بێت، بە جیاوازی ڕەگەز، زایەند، دین، باری جڤاکی و چینایەتیان. لە بەرنامەکانی خوێندندا دەبێت. لە تێکست و وێنە و ڕاڤەکردندا هیچ جیاوازییەک لە نێوان نێر و مێدا نەکات. تەنها دەبێت پرینسپە دێمۆکراتیەکان و بەهای مرۆڤدۆستانە، ڕێزگرتن و نەبەزاندنی سنووری لەش و گیانی تەبایی، هاوکاری، یەکسانی نێرومێ، لە تێکست و وێنەکانی وانە و بابەتەکاندا ڕەنگ بدەنەوە. ئاشناکردنی منداڵ بە پرینسپ و بەهای مرۆڤدۆستانە ئامادەکردنیەتی بۆ ئەوەی لە ئایەندەدا ببێتە کەسێکی ژیاندۆست و مرۆڤدۆست. مەشق پێکردن و ڕاهێنانی منداڵ بەم شێواز و ڕێبازی مرۆڤدۆستی و ژیاندۆستیە، دەیکاتە کەسێکی خاوەن ویژدان و پرینسیپ کە ئامادە بێت بۆ ئاسوودەیی جڤاتەکەی هەوڵ بدات.

ڕاهێنانی منداڵان بە دیدی مرۆڤدۆستانە و ژیاندۆستانە، دیدێکە هەڵاواردن لە نێوان نێر و مێدا ناکات، پێشداوەری (حوکمی پێشوەختی/ حوکمی پێشینە) ی لەسەر هیچ کەسێک نییە، دین و ڕەگەز، نشیمەن و پاشخانی فەرهەنگی نەکاتە پێوەری گشتگیر بۆ پێشداوەری. گوتار و کرداری مرۆڤ پێوەرن نەک بنەچە و دین و ڕەگەز.

## خۆناسین و جیهانیبوون

هاتووچۆی بەرهەم و سەرمایە، تەکنۆلۆژی و زانیاری لە نێوان وەڵات و گەلاندا لەم سەردەمەدا بۆتە کارێکی ئاسایی و ڕۆژانە. کۆمپانیا و کارگە، بانک و بواری دیکە کار لە وەڵاتاندا کەوتوونەتە ژێر کاریگەریی یەکدی و بازاڕی جیهانیەوە. بێگومان پرۆسەی خوێندنیش لەم کاریگەرییە بەدەر نییە، چونکە ئەوە فێرگەیە کادری بەرهەمهێن بۆ ئەو بوارانە بەرهەم دێنێت و ئامادە دەکات. بۆیە گرنگە گۆڕانکاری و پێشکەوتنی بازاڕ و ئابووری جیهان لە پلان و پرۆسەی فێرکاریدا لەبەرچاو بگیرێت. بۆ نموونە، ئەمڕۆ کە کۆمپیوتەر ڕۆڵێکی گرنگی هەیە و نێزیکەی لە گشت بوارەکانی بەرهەمهێناندا بەکار دەهێنرێت، ناکرێ هیچ پلان و سیستەمێکی فێرکاری لەم ڕۆژگارەدا ئەم بابەتە فەرامۆش بکات.

له دونیایەکی هەردەم لە پێشکەوتندا، ئەرکی گرانتر دەکەوێتە سەرشانی شارەزایانی سیستەمی فێرکاری. دەبێت هەردەم و لە گشت بوارەکاندا ئامادەی نۆژەنبوونەوە بین. گەر پلان و سیستەمی فێرکاریی هەر نەتەوەیەک لەم بوارەدا دوا بکەوێت، ئەوا ئەو نەتەوەیە نەتەوەیەکی نەزانە. جا بۆیە گرنگە فێرکاران و پسپۆڕانی فێرکاری کوردستان بتوانن تۆڕێکی پەیوەندی جیهانی، بە تایبەتی لەگەڵ وەڵاتانی پێشکەوتوودا ببەستن. نەک هەر بۆ بوارە زانستی و تەکنۆلۆژیەکان، بەڵکوو لە بوارەکانی هزر و هونەر و زمانیشدا. گرنگی ئەم تۆڕبەندییە بۆ ئەوەیە لە گشت گۆڕانکاری و پێشڤەچوون و تەنگژەکاندا، بۆ نموونە ئەو تەنگژە ئابوورییەی ئەمڕۆ جیهانی تەنیوە، ئاگادار بین و پلانمان هەبێت بۆ خۆپاراستن چونکە هەندێ لەو تەنگژانە دەرئەنجامی درێژخایەنیان لێ دەزێتەوە.

کاریگەریی نوێبوونەوەی زانست و زانیاری لە جیهاندا کوردستانیش ناچار دەکات زەمینەی ماددی و فەرهەنگی بۆ ئەوگۆڕانکارییانە خۆش بکات. ئەم زەمینە خۆشکردنە، لە ئاستی فێرکاریدا دەبێتە بنەما بۆ بارهێنانی نەوەیەک هەم لەسەر ئاستی جیهاندا ئاگامەند و هۆشیار هەم لەسەر ئاستی میللیش دڵسۆز و میللەتدۆست، نیشتیمان و سروشتپارێز.

لە ڕووی هزر، هونەر و فەرهەنگیشەوە، ئاشنابوون بە مێژوو، هونەر و فەرهەنگی گەلانی دیکە، لە ڕێگەی پرۆگرامی پلەکانی خوێندن، ئاواڵەکردنی دەروازەیەکی فرەوانە لە هزری فێرخوازدا بۆ ئاشنابوون بە ڕێبازی هونەری و هزری و بیرکردنەوەی گەلانی دیکە.

بە کورتی، خوێندنی بنەڕەتی دەبێت هێندە زانیاری و زانست بداتە فێرخواز کە بتوانێت لە خودی خۆی لە کەسانی دیکە، لە سروشت و پەیوەندیە مرۆڤایەتیەکان تێبگات، زانیاریەکی سەرەتایی و بنەمایی زانستیانەشی دەربارەی پەیوەندییە ئابووری، بازرگانی و پیشەسازی بداتێ، هاوزەمان فێری ئەو میتۆدانەشی بکات بەهۆیەوە ژینگە بپارێزێت.

دەبێت، بنەماکانی هزرناسی، فەرهەنگناسی، جڤاتناسی و چێژ وەگرتن لە هونەر و زمانی دایک و زمانی ئینگلیزی فێری منداڵ کردبێت. لە بوارەکانی سروشتناسی (زانست) یشدا، دەبێت ماتماتیک و ئەندازە، کیمیا و فیزیا، زیندەوەرزانی و گەردوونناسی فێر بووبێت، لایەنی کەم لە گشت زانستە بنەڕەتیەکاندا شارەزا بێت و سەرەتا و بنەماکانیان بزانێت.

بە پێی بەرزبوونەوەی ئاستی زانست و زانیاری لە جیهاندا، دەبێت ئاستی زانیاری فێرخوازیش بەرز بێتەوە. لە سەردەمی جیهانگیریدا، کۆچ و سەفەر و شوێن گۆڕینیش زۆر بووە. خێزان گەلێک جار بەهۆی کاروبارەوە ناچارە سەفەر بکات و بۆ ماوەیەک وەڵاتی دیکە بکاتە نشیمەن. بۆیە دەبێت ئاستی خوێندن لە فێرگەکانی کوردستانیش لە ئاستێکی جیهانیدا بێت، بۆ ئەوەی فێرخوازی خێزانی وەها لەگەڵ وەڵاتگۆڕیندا کێشەی نەبێت.

ستانداردکردن یان بە جیهانیکردنی سیستەمی فێرکاری، کۆمەک بە فێرخواز دەکات جیهانیانە بیر بکاتەوە (جیهانبین بێت) و زیاتر هاوسۆزی و هاومرۆڤایەتی دەرک بکات. دیسان لە ڕێگەی خوێندنی مێژوو، ئەدەب و فەرهەنگی نەتەوەوە، پردی یەکدی ناسین و لێکتێگەیشتنی نەوەکان بنیات دەنرێت، ئەزموون و دونیاناسی و شێوازی بیرکردنەوەی نەوەکانی پێشین، دەگاتە نەوەکانی سەردەم.

پلانی فێرکاری دەبێت، بنەماکانی زانیار و فراژووتنی ئاگامەندیی مرۆڤ بە فێرخواز بگەیەنێت، گۆڕانکاریی کاروانی مێژوو بۆ نەوەکان بگوازێتەوە.

بە کورتی، خوێندنی بنەڕەتیی دروست دەبێت هێندە زانیاری و زانست، فەرهەنگ و مێژوو بگەیەنێتە فێرخواز تا ئاگامەندی و زانیاری دەربارەی جڤات و وەڵاتەکەی خۆی و هەروەها جیهان بەگشتی بزانێت. هێندەش پەرۆشی مرۆڤایەتی و ژینگە و جیهانیش بێت، کە بە هۆشیاریەکی بەرپرسایەتیەوە هەڵسوکەوت لەگەڵ دەوروبەر بکات.

## 5) هاوکاری

- مرۆڤی هاوکار
- ئەرک و بەرپرسایەتی
- دەرفەتی یەکسان بۆ هەموان
- گونجاندن
- گونجاندن لە لۆکاڵدا «ناوچەدا»
- لە لۆکاڵەوە بۆ گلۆباڵ (لە ناوچەوە بۆ گشت جیهان)
- گونجاندنی تاکەکەسی
- یەکسانیی جەندەر (زایەند)
- فرەزانی دەربارەی ژیان لە جڤات و فێرگە و فێرکاریدا

### مرۆڤی هاوکار

«فراژوتنی کەسایەتی و دنیابینی و ڕەفتاری مرۆڤ لە جڤاکدایە، بیرکردنەوەی مرۆڤ لە بارودۆخێکدا فۆرم وەردەگرن کە خودی مرۆڤ ئەو بار و دۆخەی خوڵقاندووە.»

لە ڕۆژانی دێریندا، ئاگامەندی و زانیاری منداڵ ڕاستەوخۆ لە دەرئەنجامی بەشداربوونیەوە لە بەشی هەرە زۆری کار و چالاکییەکانی خێزان و جڤاتەکەیدا دەخولقا، بەڵام ئێستا زۆربەی ئەو زانیار و ئاگامەندی و زانیارییە لە فێرگەدا وەردەگرێت. سەرقاڵبوونی فێرخواز بە فێرگە و خوێندن و فێربوونەوە، بە ڕادەیەکی زۆر لە چالاکییەکانی ناو خێزان و جڤاتش دووریان دەخاتەوە - بە تایبەتیش گەر فێرخواز و خوێندکار دەسترەسی بە ئینتەرنێتدا بگات کە زۆر گرنگە. پلانی فێرکاری و فێرگەش دەبێت ئەم دیاردەیە بەهەند بگرن و کاری جیددی بۆ بکەن.

پلانی فێرکاری دەبێت ڕۆڵێکی زۆر گرنگ بۆ فێرگە دیاری بکات، تا فێرگە ببێتە مەیدانی هاوکاری و هەرەوەزی بۆ فێرخوازان. پرۆسەی فێرکاری دەبێت، پلانی هێندە کارای هەبێت فێرخواز بە گیانی هەرەوەزی و هاوکاری ڕا بێنێت. دەبێت فێری براو بە خۆبوونیان بکات و ئەم خەسڵەتەش بکاتە هاندەرێک بۆ پتەوکردنی گیانی هاوکاری و هەرەوەزی.

دیسان فێرگە دەبێت لە ڕێگەی گەشت و سەردانەوە بۆ دامەزراوە سڤیلی و بەرهەمهێنەری جڤات و بانگهێشکردنی نوێنەرانی ئەو دەزگە و دامەزراوانە بۆ فێرگەکان و گفتوگۆی

ڕاستەوخۆ لەگەڵ فێرخوازاندا زیاتر ڕایەڵەکانی ئەم پەیوەندییە بەهێز بکات و هەردەم فێرخوازان بە جڤاتەوە پەیوەست بکاتەوە. ئەم دەزگە و دامەزراوانە دەبێت بەشێکی گەش و سەرەکی بن لە کتێبەکان و پرۆگرامەکانی خوێندن.

هەروەها لە ڕێگەی سازدانی گروپ و دەستەی نێو فێرگەکان، تیپی وەرزش و چالاکی هونەری، گروپەکانی خوێندنەوە، ئەنجوومەنی فێرخوازانەوە - ئەم ئەنجوومەنە هیچ پەیوەستی سیاسی نیە، تەنها فێرخوازەکان بە ئارەزوومەندانە و بەپێی ڕێساکانی ئەنجومەنی فێرخوازان هەڵدەبژێرن - گشت ئەم چالاکیانە دەبنە ئەزموون بۆ فێرخوازان، تا لە ئایەندەدا بتوانن، چ بۆ بەرژەوەندی تاکەکەسی خۆیان، چ بۆ بەرژەوەندی جڤاتکەشیان خاوەن بڕیار و کارا بن.

**ئەرک و بەرپرسایەتی**

فێرخوازان دەبێت، لە چالاکیدا بەشداربن تا هەستی بەرپرسایەتیان لە هەمبەر هاوپۆل و هاوڕێکانیاندا بەهێزتر بکات. هەروەها دەبێت هەردەم ئامادەی هاوکاری و کاری هەرەوەزی تێدا بێت، ڕۆڵی خۆی لە هەمبەر جڤاتدا ببینێت. ئەم پرۆسەیەش دەبێت هەر لە یەکەم ڕۆژی فێرگەوە دەست پێبکات، فێرخواز دەبێت هەر لە سەرەتاوە ئەرکی پێبسپێدرێت و بەرپرسایەتیشی بدرێتێ. مەبەست لە ئەرک، تەنها ئەرکی فێرگە و وانەکان نیە، بەڵکوو هەندێ وردەکاریی فێرگە، بۆ نموونە، چاودێری پۆل، بەرپرسایەتیی بەشێکی باخی فێرگە و چاودێریکردن و هاوکاریی منداڵانی لە خۆی کەمتەمەنتر، ئەوانەی تازە دێنە فێرگە. بەرپرسایەتی لە چاودێریکردنی کەلوپەلەکانی پۆلدا.

ئامانج لەم هەوڵە ئەوەیە فێرخواز هەر لە سەرەتاوە هەستی بەرپرسایەتی تێدا پەرە بستێنێ و ئامادەی وەرگرتنی بەرپرسایەتی بێت و بتوانێت پەیوەندیە جڤاکیەکانی پتەوتر بکات.

ئەو منداڵەی لە ماڵەوە، یان لە گەڕەکدا دەرفەتی ئەوەی نەبێت، یان بۆی نەلوێت بەرپرسایەتی و ئەرک وەربگرێت، ئەوا دەبێت لە فێرگەدا ئەو دەرفەتەی بدرێتێ.

پیادەکردنی بەرپرسایەتی و ئەرک لە تەمەنێکی بەراییەوە ئەم توانایە لە لای منداڵ دروست دەکات و لە ئایەندەدا ئەرک و بەرپرسایەتی بێگرفت لە هەمبەر جڤاتدا جێبەجێ دەکات. فێرکردن و پەرەپێدانی ئەم تێرمەش بە پلەی یەکەم ئەرکی فێرگەیە. دەبێت منداڵ، ئامادە بکرێت تا لە ئایەندەدا و بەپێی قۆناخەکانی تەمەنی و بەپێی جۆری خوێندنەکەی، هەست بە بەرپرسایەتی بکات. بێگومان ئەم ئەرک و بەرپرسیارییەتییەش

دەبێت لە کەش و ژینگەیەکی ئارام و ئاسوودە و پڕ لە بەرپرسایەتیدا فێری منداڵ بکرێت، منداڵ خۆشی ڕۆڵی لە دیاریکردنی ئەرک و بەرپرسایەتیدا هەبێت.

## دەرفەتی یەکسان بۆ هەموان

فێرگە و خوێندنی بنەڕەتی دەبێت لەسەر بنەما و دیدگەی پلانی فێرکاری دابمەزرێت، پرۆگرامەکانی خوێندن ڕەنگدانەوەی ئەو بەها و دید و بۆچوونانە بێت کە لە بەشی یەکەمی ئەم باسەدا ئاماژەمان بۆکردن. دەبێت لە سەرتاسەری وەڵاتدا لەسەر هەمان بنەما بچێت بەڕێوە. - **واتە نابێت هیچ جۆرە فێرگەیەک بەناوی نموونەیی و هەڵبژاردە و بەهرەداران و هەر ناونیشانێکی دیکەوە هەبن.** سیستەمی فێرکاری لە سەرتاسەری وەڵاتدا دەبێت یەک پلانی فێرکاری پەیڕەو و پیادە بکات. دەبێت دەرفەتی یەکسان بۆ گشت منداڵانی وەڵات، بە جیاوازی چینایەتی، ڕەگەز، نەتەوە، دین، زمان، ناوچە، مەزهەب و گروپی فەرهەنگیەوە، وەک یەک دەرفەتیان هەبێت و هەمان پێداویستی و کەرەسەی خوێندنیان بۆ دابین بکرێت.

لە سیستەمی فێرکاریدا، نابێت جگە لە خودی منداڵ خۆی و فێرکردنی منداڵەکە زیاتر، حساب بۆ هیچ شتێکی دیکەی پەیوەندیدار بە منداڵەوە بکرێت. وەک ئەوی باب و دایکی کێن، چ کارەن، چ نەتەوە و دین و مەزهەبێکیان هەیە، کوڕن یان کچ، ئایا باب و دایکی دەوڵەمەندن یان هەژار، خەڵکی چ دەڤەر و ناوچەیەکن، سەر بەکام خێڵ و عەشرەت و تایەفەیەکن، چ بیر و باوەڕێکیان هەیە. ئەم خاڵە بۆ وەڵاتێکی فرەنەتەوەیی و فرەدینی وەک کوردستان زۆر گرنگە و دەبێت لە گشت بوارەکاندا، ئەم دیدگەیە بە پشتیوانیی یاسا بچەسپێنرێت.

ئامانج لە یەکسانی و بەرابەری، لە خوێندنی بنەڕەتیدا ئەوەیە دید و ئامانجی هاوکۆ بەرانبەر جڤاتی خۆی و هەروەها مرۆڤایەتی لای منداڵ دەروست بێت، بۆ نموونە دەربارەی: وەڵاتی یەکسان، هەبوونی هەمان ئەرک و ماف لە هەمبەر یاسا و ڕێساکانی وەڵاتدا، بەرابەری نێر و مێ، سنگفرەوانی، یەکتر سەلماندن، ڕێزگرتنی ئازادی کەسانی دیکە، نەبەزاندنی سنووری لەشی کەسانی دیکە و هتد. مەبەستیش ئەوەیە فێرخوازان گشتیان هەستی بەرپرسایەتی و لێپرسینەوە و هاوسۆزییان بۆ گەل و وەڵات هەبێت و بەهای وەڵاتپارێزیی مرۆڤدۆستانە بە هەند بگرن.

ئامانجی پلانی فێرکای، نابێت بە تەنها ئەوە بێت، بڕێک زانیاری فێری منداڵ بکات، بۆ ئەوەی دوای تەواوکردنی پلەکانی خوێندن، ببێتە کەسێکی بەرهەمهێن و کارا، بەڵکوو لەم ئامانجە گرنگتر ئەوەیە منداڵ کەسێکی خاوەن پرسیار بێت و شەیدای تێگەیشتن و داهێنان بێت.

## گونجاندن

بۆ ڕێزگرتن و بەهەندگرتنی جیاوازییەکانی نێوان فێرخوازان (مەبەست لە توانا و خواستی جیاوازە)، دەبێت لە پلانی فێرکاریدا حساب بۆ ئەو جیاوازییانە بکرێت و بەپێی ئاست و فرەوانی جیاوازییەکان پرۆگرامی فێرکردنی تایبەت بۆ فێرخوازان هەبێت «خوێندنی هەموار و بۆ فێرخوازی تایبەت».

فێرگە، جێگەی کۆبونەوە و بەیەک گەیشتنی منداڵگەلێکە کە لە خێزانی ئاست فەرهەنگی و زانیاری جیاوازەوە هاتوون، ئیدی فێرگە دەبێت بە مەیدانێک بۆ تێکەڵبوونی چەندین فەرهەنگ، دید و بۆچوونی لەیەک جودا. بۆیە زۆر گرنگە فێرگە لە گشت هەڵاواردنێکی دینی، ڕەگەزی، مەزهەبی و بیر و بۆچوون و باوەڕی سیاسییەوە، بە دوور بێت. نابێت بەهیچ شێوەیەک بۆچوونێکی سیاسی تایبەت و حیزبایەتی، یان باوەڕ و دین و مەزهەبێکی تایبەت، چ لە بابەتەکانی خوێندن، چ لە کەش و ژینگەی فێرگەدا، ڕەواج و پروپاگەندەی بۆ بکرێت و دیار بێت، چونکی جڤاتی کوردستان، جڤاتێکی فرەنەتەوەیی و فرەدینی و فرەمەزهەبییە. هەر بۆیە نابێت، فێرگە هیچ یەکێ لەو مۆرکانەی پێوە بێت. دەبێت گشت نەتەوەکان، دین و مەزهەب، فەرهەنگ و زمان، دیدی سیاسی و هزری - یەکسان و هاوسەنگ باسیان لێوە بکرێت و زانیاری بێلایەن دەربارەیان بدرێت بە فێرخوازان. نابێت هیچ یەک لەو بابەتانە ڕەواجێکی تایبەتی و پڕوپاگەندەیان لە پلانی فێرکاریدا بۆ بکرێت. دەبێت، ئەم دیدگەیە بە یاسا و بە بڕیاری پەرلەمانیش بچەسپێنرێت و لە سەرتاپای وەڵات کاری پێبکرێت.

## گونجاندن لە لۆکاڵدا «ناوچەدا»

پلانی فێرکاری دەبێت، گرنگی یەکی زۆر بدات بە ئاشناکردنی فێرخواز، لەگەڵ ناوچەکەی خۆیدا، دەبێت زانیاری دەربارەی سروشت، جیۆگرافیا و سامانە سروشتییەکان و ژینگەی ناوچەکە، بداتە فێرخوازان.

هەروەها لە ڕێگەی ڕێکخستنی گەشت، چ بۆ ناو سروشتی ناوچەکە، یان بۆ گارگە و کارخانە و شوێنەکانی دیکەی بەرهەمهێنان، وەک کێڵگەکان، دارستان، ڕووبار و گۆماوەکان، بێگومان دەبێت شوێنە مێژوویی و دێرینەکان، شوێنە فەرهەنگییەکان و شوێنە دینی و پیرۆزەکانی ناوچەکەش بەسەر بکرێتەوە.

گرنگی ئەم کارە لەوەدایە کاتێک فێرخواز هەر لە منداڵییەوە بەو شوێنانە ئاشنا دەبێت، ئیدی هزری کارکردن و بەرهەمهێنان و فرەوانکردن و پێشخستنی یەکێک لەو بوارانەی لە لا دەخەملێت. بە واتایەکی دیکە، هەر لە منداڵیەوە بیرۆکەی ئەوەی پێ دەدرێت کە جێی کارکردنی لە ناوچەکەی خۆیدا هەیە، ئەمەش جۆرێکە لە دڵنیاکردنی منداڵ دەربارەی ئایەندەی خۆیەوە.

## لە لۆکاڵەوە بۆ گلۆباڵ (لە ناوچەوە بۆ گشت جیهان)

فێرکاری لە خوێندنی بنەڕەتیدا - هەروەک لە بەشەکانی یەکەمدا بە درێژی باسمان کرد - دەبێت هێندە زانیاری بنەڕەتی و سەرەکی لە گشت بوارەکاندا بداتە منداڵ، وەک بواری مێژوو، فەرهەنگ، هونەر، سروشت و ژینگە، زانست بە گشت بەشەکانیەوە، ماتماتیک دین، ڕەوشت، فەلسەفە، هزر، جڤاتنسی و ئابووری، زانیاری گشتی دەربارەی شوێنی نیشتەجێ بوون «ناوچەیی»، توانای زمانەوانی، هێندەش توانای منداڵ پەرە پێ بدات تا بتوانێت کۆی ئەو زانیارانە لە ژیانی تایبەتی و جڤاکیدا بەکاربهێنێت و کەڵک بە خودی خۆی و کۆمەڵەکەشی بگەیەنێت، لە بواری ڕاهێنان و ئامادەکردنیشی بۆ کاری بەرهەمهێنان. منداڵ دەبێت دوای تەواوکردنی خوێندنی بنەڕەتی بتوانێت لە بوارە سادە و سەرەتاییەکانی بەرهەمهێناندا بەشدار بێت.

پرۆسەی فێرکاری دەبێت هێندە لە بواری بنیاتنانی کەسایەتی و خۆناسینی منداڵدا بە پێز بێت کە منداڵ دوای تەواوکردنی ئەم خوێندنە، لە کەسایەتی خۆی تێبگات، کەسێکی خودناس بێت، واتە بزانێت پلان و ئامانج و ئاواتەکانی خۆی دەستنیشان بکات و ڕێگەی بەدیهێنان و ڕیالیزەکردنیان بگرێتە بەر.

به واتایەکی فرەوانتر، دوای تەواوکردنی خوێندنی بنەڕەتی منداڵ دەبێت کەسێکی پێگەیشتوو بێت. پێگەیشتوو بەمانا هزری و فەرهەنگییەکەی. مەبەست لە مانای هزری ئەوەیە منداڵ کەسێکی خاوەن بیر و بۆچوونی خۆی بێت، هەڵسەنگاندنی بۆ زۆر لە پێشهات و ڕووداوەکان هەبێت، بتوانێت بە شێوەیەکی گشتی ڕاڤەیان بکات و هەڵوێستی خۆی لە هەمبەریاندا دیار و ئاشکرا بکات. لەسەر ئاستە فەرهەنگییەکەی دەبێت خوێندنی بنەڕەتی منداڵ بە دیدی کۆویستی و بەرژەوەندی گشتی لەبەرچاوگرتن ڕابهێنێت.

واتە دەبێت منداڵ دوای ئەم خوێندنە هێندە فێر بێت کە خواست و ئاوات و بۆچوونە تایبەتیەکانی خۆی دیاری بکات، لە هەمان کاتیشدا بیر لە بەرژەوەندی کۆمەڵەکەی خۆی و گشت جیهان و مرۆڤایەتیش بکاتەوە. لە ڕووی بیر و بۆچوونیشەوە، هێندە فێر بووبێت کار بۆ پرینسیپەکانی دیمۆکراتی بکات و بە باڵاترین شێوازی جڤاتی بزانێت، لە چێوەی ئەو پرینسیپە دیمۆکراتیانەدا، پراکتیزەی ئازادیە تاکەکەسییەکانی خۆی بکات.

ڕاهێنان و فێرکردنی منداڵان بەم پرینسیپە گرنگ و گشتیانەیە وا لە منداڵ دەکات توانای ئەوەی هەبێت پەیوەندیە مرۆڤایەتیەکان نەک لە ناو جڤاتەی خۆیدا بەڵکوو لەو دیو سنووری جیۆگرافیا و فەرهەنگی جڤاتکەی خۆشیەوە پەرە پێبدات. واتە لە مرۆڤێکی لۆکاڵەوە ببێت بە مرۆڤێکی گلۆباڵ.

پلانی فێرکاری سەرکەوتوو ئەو پلانەیە داوەکانی ژیان بۆ فێرخواز دەبەستێت بە یەکەوە، مەبەستمان لە داوەکانی ژیان، ژیانی تاکەکەسی، هەر لە دروستبوونی بایۆلۆژی و پێکهاتەی دەروونی و سایکۆلۆژیی مرۆڤ و ژیانی خێزان، پرینسیپ و شێوازەکانی پێکهاتنی خێزان، جڤات و پێکهاتەی گشت مرۆڤایەتی. بە واتایەکی ڕۆشنتر، ئاشناکردنی منداڵ بە پێکهاتە و دروستبوون و بەشەکانی جەستە و ئەرک و کەڵکی گشت ئەندامەکانی لەش، زاوزێ، ئاشناکردنیان بە شێوازی پێکهاتەی سایکۆلۆژیی مرۆڤ و ناسکردنی هەستەکان، وەک، شادی، تووڕەیی، چێژ، خواست، ئارەزوو، ئاسوودەیی، خۆشەویستی، عەشق...هتد، ئاشناکردنیان و زانیاری پێدانیان دەربارەی دروستبوونی، یان دروستکردنی خێزان و ئەو قۆناخە مێژووییانەی کاریگەرییان هەبوو لەسەر ساختاری خێزان و دروستبوونی پەیوەندیی خێزانەکی. پێداویستییە ئابوورییەکان و ئارەزووی سێکسی، کە بوونەتە هۆ و پاڵنەری ئەو ساختارانە، کە دواتر بوونەتە بەردی بناخەی دروستبوونی جڤات و گەل، نەتەوە و میللەت.

ئەرکی فێرگە، دەبێت دابینکردنی ژینگەیەکی لەبار بێت بۆ گەشەکردنی هزر و بیرکردنەوەی منداڵ لە خوێندنی بنەڕەتیدا. دەبێت، ئەو بەهایانە فێرگەی لە پێناودا دامەزراوە، بە هاوکاری و ڕۆڵی بەرچاو و گرنگی فێرخواز خۆی، ڕیالیزە بکرێت.

فێرگە، جگە لە ئەرکی فێرکردن، ئەرکی چاودێریی ساخڵەمی (لەش و دەروون) ی فێرخواز و کەشی فێرگەشی لەسەر شانە. دەبێت کەشێکی وا بۆ فێرخوازان دابین بکرێت بتوانن بە ئاسوودەیی درێژە بە خوێندن بدەن. بە شێوەیەکی گشتی، پلانی فێرکاری دەبێت لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی سەردەمدا گۆڕانی بەسەردا بێت، هەردەم بە زانست و زانیاری و هزری نوێ نۆژەن بکرێتەوە تا فریای پێشقەچوون و گۆڕان بێت.

## گونجاندنی تاکەکەسی

وەک گوتمان دەبێت، دەرفەتەکان بۆ گشت فێرخوازان یەکسان بن، واتە گشت فێرخوازێک دەرفەتی یەکسانی بدرێتێ. نابێت بە هیچ بەهانە و بە هیچ هۆیەک فێرخوازێک یان گروپێک فێرخواز لەبەر هەر هۆیەک بێت، دەرفەتی زیاتریان پێبدرێت، یان حسابێکی تایبەتیان بۆ بکرێت، دەرفەتی یەکسان بۆ هەموان.

بەڵام ئەو فێرخوازانەی خاوەن پێداویستیی تایبەتن، جا هۆیەکە فیزیکی- جەستەیی، یان دەروونی بێت. دەبێت پێداویستیەکانی ئەو حاڵەتە تایبەتەیان بۆ دابین بکرێت. فێرخوازی خاوەن پێداویستی تایبەت، دەبێت لە گشت چالاکییە فەرهەنگی و چالاکییە گشتیەکاندا لەگەڵ فێرخوازانی دیکەدا بەشدار بێت، نابێت وا هەست بکات لەوانی دیکە جیاوازە. دەبێت پۆلەکان لەگەڵ ئەواندا ببرێت، ئەم فێرخوازانە، دەبێت کۆمەکی زیاتریان پێبکریت و مامۆستای تایبەت بەخۆیان و هەندێ وانەی تایبەتیشیان بۆ دابنرێت. فێرگە و پلانی فێرکاری دەبێت خۆی لە بەکارهێنانی چەمکی «کەمئەندام» بە دوور بگرێت، ئەم چەمکە جۆرێک لە هەڵاویردنی تێدایە. پێویستە چەمکی «خاوەن پێداویستی تایبەت» جێگەی بگرێتەوە.

## یەکسانیی جەندەر (زایەند)

پلانی فێرکاری دەبێت، پرۆگرامەکانی لەسەر بنەمای بەرابەری و یەکسانی نێوان نێر و مێ، ژن و پیاو، بنیات نرابێت. لە گشت بابەت و وانەکاندا ئەم بەرابەری و یەکسانیە لەبەرچاو بگیرێت. نابێت هیچ هەڵاواردن و جودایی جەندەر بکرێت. ئەو ئەرک و چالاکی و کارانەی لە پرۆسەی فێرکاریدا بۆ کوڕان دیاری دەکرێن بۆ کچانیش دیاری بکرێن. پلانی فێرکاری دەبێت، فێرخواز کچ و کوڕ فێری ماڵداری و کارکردنی ناو ماڵ، چێشت لێنان و خواردن دروستکردن، ڕازاندنەوەی سفرەی خۆراک بکات. نابێت هیچ کارێکی ناو خێزان و هیچ وەرزش و کار و پیشەیەک ببەستێتەوە بە زایەندی مێ یان نێرەوە. بەڵکوو گشت

هونەرێک، کار و پیشەیەک، وەرزشێک، زانستێک و بابەتێکی هزری، چ لە ناو ماڵدا و چ لە جڤاتدا، دەبێت بۆ کچ و کوڕ یەکسان بێت.

**فرەزانی دەربارەی ژیان لە جڤات و فێرگە و فێرکاریدا**

ئەو زانیارگەلەی منداڵان لە فێرگەوە فێر دەبن، دەبێت هێندە بە پێز و فرە لایەن بێت، تا ببێتە سەرمایەیەکی هەمیشەیی بۆ ژیانی ئایەندەیان، چ وەک تاکێکی ناو کۆمەڵ و چ وەک تاکێکی بەرهەمهێن. دەبێت ئەو فرەزانینەی فێرگە دەیداتە منداڵ هێندەی لە بار بێت بتوانێت لە ڕێگەیانەوە پەیوەندیە جڤاکی و مرۆڤایەتیەکانی خۆی ڕێک بخات، تا تاکێکی چالاک و داهێنەری ناو کۆمەڵ بێت. فێرکاری سەردەمانە دەبێت، ئەم توانایانە لە منداڵدا بخولقێنێت:

1. **توانای بڕیاردان:** دەبێت فێرکاری، هێندە ئەزموون بداتە فێرخواز بتوانێت لە ساتە چارەنووسساز و یەکلاکەرەوەکاندا بڕیاری خۆی بدات، ئەو ڕێباز و ڕێگەیە هەڵبژێرێت کە لەگەڵ توانا و خولیای خۆیدا یەک دەگرنەوە. هەروەها کەسێکی هێندە توانا و بڕوابەخۆ بێت کە لە کاتی سەخت و چاوەڕواننەکراودا، لە کارەساتدا، خۆڕاگر و خاوەن بڕیار بێت، کاردانەوەی ڕیالیستانە و ژیرانە بێت. دەبێت منداڵ لە ڕێگەی فێرگەوە کەسێکی هیواگەشی لێ دەربچێت، هەردەم ڕوو لە ئایەندە و گەشبین بێت.

2. **دیسپلین و بەرپرسایەتی:** دەبێت سیستەمی فێرکاری هێندە ئەزموون بداتە منداڵ تا کەسێکی کارا و خاوەن دسپلینی کارکردن بێت، ڕێز لە کار و پیشە بگرێت. دەبێت مامۆستا نموونەی بەرزی پابەندبوون بێت بە کات و کارەوە تا فێرخواز چاویان لێبکەن. فێرگە و پلانی فێرکاری دەبێت منداڵ ڕابهێنێت توانای بەرپرسایەتی هەڵگرتنی هەبێت، دەبێت هەر لە سەرەتای پرۆسەی فێرکردنەوە بەرپرسایەتی بدەنە منداڵان و فێری بەرپرسایەتیان بکەن (وەک پێشتر ئاماژەمان پێدا، بەرپرسایەتی چاودێری پۆل، یان ڕێکخەری پۆل، بەرپرسایەتی لە تیپەکانی وەرزش و هونەریدا، بەرپرسایەتی لە کار و چالاکی دیکەدا، وەک خاوێنکردنەوەی فێرگە و حەوشە و دەوروبەری فێرگە، کاری هەرەوەزی لە گەڕەک و شوێنی نیشتەجێ بوونیدا، شار، لادێ شارۆچکە، و سەرتاسەری وەڵاتدا).

3. **ئامادەگی:** دەبێت منداڵ، ڕابهێنرێن و ئامادە بکرێن لە کاتی پێشهات و کارەسات و ڕووداوی سروشتیدا، ئامادەی هاوکاری بن، بوێرانە، ژیرانە و لەخۆ بردە بۆ کەمکردنەوەی خەم پەژارەی میللەت بێنە دەست و بەشدار بن.

4. **هاوکاتی و هاوئاهەنگی:** دەبێت، فێر بکرێن کە کێشە هەیە ئێمە وەک تاکەکەس هەرچەندە بەهێزیش بین ناتوانین بە تەنها بەسەریاندا زاڵ بین، هەر پێویستیمان بە هاوکاری و هەرەوەزی و یارمەتی کەسانی دیکە هەیە، ئیدی ڕەنگە کەسانی ئەندامی خێزانەکەمان، دراوسێ، مامۆستا، هاوڕێ و وەڵاتیان بن.

5. **پەیوەندی و تۆڕبەندی:** دەبێت منداڵ فێری تۆڕبەندی، سازکردن و ڕاگرتنی پەیوەندیی دۆستانە و بەرژەوەندئامێز بێت لەگەڵ دەوروبەردا: هەم کۆمەڵگەی مەدەنی، هەم فەرمانگەی دەوڵەت و هەم مێدیا.

**به کورتی**

پرۆسەی فێرکاری دەبێت، لە خوێندنی بنەڕەتیدا هێندە زانیاری و زانست بداتە منداڵ تا بتوانێت لە ئایەندەدا ژیانی خۆی پێ ڕێک بخات و کەسێکی چالاک و بەرهەمهێن بێت، بتوانێت بەرژەوەندیی خۆی و جڤات و نیشتمانیش بپارێزێت. کەسێکی بڕوا بەخۆ و خاوەن پلان بێت و بتوانێت لەگەڵ گۆڕانەکانی سەردەمدا بگونجێت، گۆشەگیر و خامۆش نەبێت. هەروەها چالاکانە لە بابەت و گفتوگۆی هەنووکەیی جڤاتدا بەشدار و کاریگەر بێت.

پرۆسەی فێرکاری، نابێت بە تەنها ئامانجی فێرکردنی بڕێک زانیاری و تیۆری بێت بۆ فێرخواز، بەڵکوو دەبێت گەشە بە توانای فێرخواز بدات، تا منداڵ بتوانێت گشت تواناکانی خۆی بخاتە گەڕ و لە بواری خوێندن و کاردا کارامە بێت.

## 6) ژینگەپارێزی

- پەیوەندی مرۆڤ و سروشت
- سروشتناسی، ئێکۆلۆژی و ئاکار
- هۆکاری کێشە و ناکۆکی
- خۆشویستنی سروشت

### پەیوەندیی مرۆڤ و سروشت

لەم سەردەمەدا، پەیوەندیی مرۆڤ و ژینگە ڕێچکە سروشتیەکەی خۆی لە دەست داوە، پرۆسەی بەرهەمهێنان و پیشەسازی جێگەی پەیوەندییە سروشتیەکەی نێوان مرۆڤ و ژینگەی گرتۆتەوە.

پرۆسەی بەرهەمهێنانی پیشەسازی و خزمەتگوزاری بە مەبەستی خزمەت بە سیستەمی جڤاتی خۆشگوزەران کار دەکات بۆ ئەوەش تەکنۆلۆژیی ئالۆز و چڕ دەخاتە کار بۆ پێشخستنی کاڵا و فرەواندنی دەرفەتی کار. جار هەیە کاڵای وەها دەکەوێتە بازاڕە زیانی بە مرۆڤ و بە ژینگە ئاشکرایە.

مرۆڤ خۆی وەک بەشێک لە سروشت هەردەم لەگەڵ سروشتدا کارا و بەرکارە. بەرهەمی دەستی مرۆڤ جار هەیە زیانی سنووربەدەر لە ژینگە دەدات، بۆ نموونە کێشەی CO2 سنووری وەڵات دەبەزێنن و دەبنە کێشەیەکی جیهانی.

شێوازی ژیان پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە ساخڵەمیەوە هەیە. شێوازی بەرهەمهێنان لە وەڵاتێکدا کاریگەریی ڕاستەوخۆ و تیان (ناڕاستەوخۆ) ی لەسەر وەڵاتانی دەراوسێ و جیهانیش هەیە. لەم ڕوانگەیەوە کێشەی ژینگە و ژینگەپارێزی و هەروەها دەستگرتن بەسەرچاوە سروشتیەکانەوە دەبێت بەشێکی گرنگ و بەرچاو لە پلانی فێرکاری داگیر بکات.

**سروشتناسی، ئێکۆلۆژی و ئاکار**

زانیاری و پێشکەوتنی زانست، ژیان و ساخڵەمیی مرۆڤیان پێش خستووە و بۆتە مایەی خۆشگوزەرانی و تەمەن درێژی. ئەم پێشڤەچوونە لە هەمان کاتیشدا بۆتە مایەی گەلێک تەنگژە و تێکدانی سروشت و ژینگە.

یەکێک لە دیاردەکانی جیهانی مۆدرێن ئەوەیە ڕۆژ بە ڕۆژ پێداویستی بەرهەمهێنانی کەلوپەل زیاتر دەبێت. زیاتر بەرهەمهێنانی هۆکارەکانی گواستنەوە و هاتوچۆکردن، ئۆتۆمبێل، فڕۆکە، شەمەندەفەر، کەشتی، کەرەسەی پزیشکی و دەرمانسازی، کەرەسەی خانووبەرە، بابەتی ئەلکترۆنی و تەکنۆلۆژیی بەرهەمهێنان، کەرەستەکانی ئارایش، پۆشاک و پێڵاو، کتێب و کاخەز، بەم پێیەش پێویستی بە کەرەستەی خاو زۆرتر دەبێت.

بە گشتی زانیاری بەرهەمهێنان و تەکنۆلۆژیی نوێ، بەرهەمی پرۆسەی فێرکارین، کاریگەری زۆریان لەسەر ژیانی تاکەکەس بە تایبەتی و جڤاتش بەگشتی هەیە. لەم سەردەمەدا ناکرێ مرۆڤ لە تەکنۆلۆژی داببڕێت. دەکرێ سەردەم و فەرهەنگی ئەمڕۆ بە فەرهەنگی تەکنۆلۆژی ناوزەد بکەین.

تەکنۆلۆژی و داهێنان بەرهەمی پرۆسەی فێرکارین. داهێنان و ئامرازی نوێ بەرهەمی مرۆڤن، ئەو مرۆڤانەش لە تەمەنی منداڵیاندا فێرخواز بوون. فێرگە و پلان و پرۆسەی فێرکاریە ئەو منداڵانەی کردۆتە کەسانی شەیدای زانست و هونەر، سیستەمی فێرکارییە زەمینە بۆ بار هێنانی مرۆڤی داهێنەر دەڕەخسێنێت.

لەم خاڵەوە، پلانی فێرکاری دەبێت هەردەم داهێنان و ژیانی ئەو مرۆڤە داهێنەرانە بکاتە بەشێکی گرنگ لە پرۆگرامەکانی خوێندندا، ئەمەش بۆ ئەوەیە شەیدابوون، پرسیارکردن، بەدواداچوون و فێربوون لە لای فێرخواز بە زیندوویی ڕابگرێت و فەرهەنگی داهێنانی لە لا بەرز بێت. لە لایەکی دیکەوە، بەوە ڕایانهێنێت کە خولیای ئاشنابوون بە سروشت و ژینگە، لە لای مرۆڤ، هێندەی مێژووی بوونی خودی مرۆڤ کۆنە.

پلانی فێرکاری دەبێت، هاوزەمان فەرهەنگێکی خاوەن ڕەوشت بێت، بەرپرسایەتیی ڕەوشتی لە لای فێرخواز بچێنێت. ئەویش ڕێزگرتن و بەهەندگرتنی گشت سروشتە بە هەموو توخمەکانیەوە، گشت سروشت، مەبەست لە مرۆڤ، زیندەوەر، بە هەموو جۆرەکانیەوە، ڕوەک بە هەموو جۆرەکانیەوە، سەرچاوەکانی ئاو، خاک، هەوا، گشت سەرچاوە و کەرەستە سروشتیەکانی دیکە. ڕێزگرتن و بەهەندگرتنیش. مەبەست لەوەیە نە بە تەنها مرۆڤ

بەڵکوو گشت زیندەوەر و ڕوەک و شتێک لە سروشتدا بایەخی خۆی هەیە، وەک ڕیشاڵەکانی تەون، لەدەستدانی هەر توخمێک لەوانە، پچڕاندنی داوێکی تەونەکەیە.

## هۆکاری کێشە و ناکۆکی

لە گشت بوارەکانی ژیاندا پێشکەوتنی زانستیی مەزن ڕووی داوە، زانست و تەکنۆلۆژیی هاوچەرخ، تەنگیان بە مرۆڤ، سروشت و ژینگەش هەڵچنیوە و کاریگەری خۆیان لەسەر داناون. لە زۆر بواریشدا زانست و تەکنۆلۆژی، کاریگەری نێگەتیڤیان ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لەسەر ژیانی مرۆڤ و سروشت هەبووە. بۆ نموونە، داهێنانی هەندێ دەرمان و ماددەی کیمیاوی وەک D.D.T، گەرچی زۆر مێرووی زیانبەخش و چەند نەخۆشیەکی بنبڕکردووە، بەڵام لە هەمان کاتیشدا، کاریگەری خراپیشی کردۆتە سەر ژیانی مرۆڤ و ڕوەک و زیندەوەر. بە تایبەتی لەگەڵ سووڕی خۆراکدا. لە ڕوەکەوە بۆ ئاژەڵ و لەوانیشەوە بۆ مرۆڤ، بۆتە مایەی سەرهەڵدان یان زۆربوونی گەلێک نەخۆشی هاوچەرخ، وەک شێرپەنجە بە گشت جۆرەکانیەوە.

بە کورتی، پیسبوونی ژینگە لەگەڵ سەرەتای چاخی پیشەسازی لە کۆتای ساڵانی 1700 دا سەری هەڵدا. بە تایبەتیش بڕێکی زۆر ئاسن توێنرایەوە و بۆ ڕاکێشانی هێڵی شەمەندەفەر بەکارهێنرا، بێگومان بۆ توانەوەی ئەو بڕە ئاسنە زۆرەش بڕێکی یەکجگار زۆر لە خەڵوز و دار بەکارهێنراوە و سوتێنرا. گازەکانی دەرئەنجامی ئەو کردەوەیە هەم بوونە هۆی پیسکردنی هەوا و هەم توانەوەی ئەو بڕە ئاسنە زۆرە بووە هۆی باران بارینی ترشەڵۆک «تێکەڵبوونی گازە زیانبەخشەکان لەگەڵ باراندا». ئەویش بووە هۆی لەناو بردنی چەندین جۆری زیندەوەر، ماسی و ڕوەک و...هتد.

بە کورتی، تەکنۆلۆژی و زانست، وێرای گشت قازانج و لایەنە باشەکانیان، لایەنی خراپە و زیانیشی بۆ مرۆڤ و سروشت هەبووە و هەیە. گەرچی ئەم دەرئەنجامەش خواستی مرۆڤ نییە بەڵام ڕێگە لێگرتنیشی گەر مەحاڵ نەبێت، ئەوا بێگومان زۆر زەحمەتە. بە تایبەتی لەم سەردەمەدا نێزیکەی گشت لایەنەکانی ژیانی مرۆڤ پابەندی تەکنۆلۆژی بووە، یان ڕاستر تەکنۆلۆژی چۆتە گشت سوچێکی ژیانی ڕۆژانەمانەوە.

بەکار بردنی سەرچاوە سروشتییەکان لەلایەن مرۆڤەوە، بەشێوەیەکی چاوچنۆکانە و بێ بیرکردنەوە لە دەرئەنجامە نێگەتیڤەکانی ئەو کردەوەیە بۆتە هۆی لەناوچوون و بنبڕکردنی زۆر جۆری زیندەوەر و سەرچاوەی سروشتی وەک، دارستان، ماسی، کانەکانی میتاڵ و

نەوت... هتد، هەروەها لە ئەنجامی پیسکردن و تێکدانی سروشت و ژینگە بە شێوازێکی نابەرپرسیانە و سەرشێتانە، زۆرینەی سەرچاوە ئاوییەکان، وشک بوون یان کەمبوونەتەوە، هەندێکیشیان پیس بوون بۆ خواردنەوە ناشێن. بۆ نموونە لە خۆرهەلاتی ناڤین، کێشەی ئاو لە نێوان چەند وەلاتدا هەیە: تورکیا لەگەڵ کوردستان، عێراق، سوریا. ئێران لەگەڵ، عێراق و کوردستان، وشککردنی ڕووباری ئەلوەند. ئیسرائیل لەگەڵ ئەردەن، لوبنان و سوریا.

دیسان کێشەی نێوان وەلاتان و گروپە نەتەوەییەکان لەسەر نەوت، لە نێوان کورد و عەرەب لە عێراقدا، لە نێوان عێراق و ئێران، لە نێوان عێراق و کوەیت، لە نێوان باکوور و باشووری سودان و زۆر شوێنی دیکەی جیهان.

کەمیی سەرچاوە سروشتییەکان لە چاو زۆر بوونی ژمارەی دانیشتوانی جیهان، بە تایبەتی لە وەلاتانی تازە گەشە سەندودا، هەروەها هەوڵی دەست بەسەراگرتنی ئەو سەرچاوانە چ لە لایەن وەلاتانەوە، یان گروپە جیاجیاکانی نێو وەلات، هەردەم مایەی کێشە و مشتومڕ و ڕەنگە جەنگیش بن. بۆیە ئەرکی پلانی فێرکاری و فێرگەیە منداڵ وەک کەسێکی بە ئاگا لە سروشت و ژینگە پەروەردە بکات. کورد دەڵی «خابوورە بە ئابوورە» واتە گەر ڕووباری خابووریشە هەر دەبێ بە ئابوورانە- بە شێوەیەکی ئابووری - ڕەفتاری لەگەڵ بکەیت. دەبێت پرۆگرامەکانی خوێندن جەخت بکەن لەسەر ڕێزگرتنی سروشت و ژینگە و سامانی میللی، دەبێت باس لە هەڵسوکەوتی ژیرانە و ئابووریانەی بکەن لەگەڵ هەموو سەرچاوەیەکی میللیدا.

پلانی فێرکاری و پرۆگرامەکانی خوێندن لە گشت پلەکانی خوێندن، بە تایبەتی خوێندنی بنەڕەتی و هەر لە پۆلی یەکەمیشەوە دەبێت بابەتی وانەی سروشت و ژینگە، یەکێک بێت لە بابەت و وانە گرنگەکان - بێگومان بەپێی پۆلەکانیش بابەت و وانەکە فرەوانتر و ئالۆزتر دەکرێن. ئەویش بە مەبەستی دەرککردنی مندالە لە سەنگی سروشت و ژینگە، هەوڵدانە بۆ پاراستن و پاکڕاگرتنی سروشت و ژینگە. لە ڕێگەی ئاشناکردنیان بە چۆنیەتی کاریگەری خاشاک و پاشماوەی دژەژینگەی وەک پلاستیک و کالای کانزایی، کە شی نابنەوە و گەر بوونەوە ژینگەکوژن — هۆشیاریی ژینگەپارێزی لە کوردستاندا گەشە دەکات.

شائامانجی پرۆسەی فێرکاری لەم بوارەدا دەبێت کارکردن بێت بۆ بار هێنانی مرۆڤێکی ژینگەدۆست و سروشتدۆست، مرۆڤێک ئەرکی ئاکارناسانەی خۆی لە هەمبەر سروشتدا بگرێتە ئەستۆ. هەردەم پەرۆشی سروشت و ژینگەکەی خۆی بێت.

هەر سێ کوچکەی «ئێکۆلۆژی - تەکنۆلۆژی - ئابووری» سێ کوچکەی ژیانێکی خۆشگوزەران و هاوچەرخی جڤاتی سەردەم و هاوچەرخن. کورتهێنانی هەر کام لەو سێ پایە،

دەبێتە مایەی، لە دەستدانی هاوتەرازیی جڤات. ئەو سێ پایە و کوچکەیەش، یەکەم هەنگاویان لە پلان و پرۆگرامەکانی فێرکاری خوێندنی بنەڕەتیدان. دەبێت مندالانی خوێندنی بنەڕەتی بەم کێشانە، یان بەو سێ کوچکەیە ئاشنا بن. هەروەها دەبێت، مندالٚ بەوە ئاشنا بکرێت کە سروشت توانایەکی سنووورداری هەیە، بەواتایەکی دیکە، سەرچاوە سروشتیەکان هەمیشەیی و بێسنوور نین.

هەر کات مندالان بەم زانیاریانە ئاشنابوون، ئیدی تۆوی بەرپرسایەتیی ئاکارەکیی لە هزریاندا دەچێنرێت. هارمۆنی (هاوئاهەنگی) ی نێوان مرۆڤ و سروشت دەبێت بەشی هەرە زۆری بابەتەکانی وانەی سروشت و ژینگەناسی بگرێتەوە، مندالان و فێرخوازان دەبێت لە پرۆسەکانی گۆڕان و گەشە سەندن لە سروشتدا زانیاری تەواویان هەبێت و بەو گۆڕانکارییانە ئاشنا بن.

لە خوێندنی بنەڕەتیدا دەبێت بە تەواوی پەیوەندیە ئێکۆلۆژی، تەکنۆلۆژی، ئابووری و جڤاکیەکان بۆ فێرخوازان ڕوون بکرێتەوە. لە خوێندنی بنەڕەتیدا فێرخواز دەبێت، هێندەی زانیاری هەبێت کە بتوانێت لە کاریگەری پۆزەتیڤی و نێگەتیڤی هەریەک لەو بالانە لەسەر یەکدی و جڤات و تاکەکانی نێو جڤات تێبگەن. مندالان دەبێت هێندە زانیاری وەربگرن کە توانای ئەوەیان بداتێ کار بۆ پاراستن و پاکڕاگرتنی سروشت و ژینگەکەیان بکەن.

لە کۆتایی خوێندنی بنەڕەتیدا، مندالٚ دەبێت هێندە زانایی دەربارەی کێشەکانی سروست و ژینگەوە هەبێت کە بتوانێت ڕۆڵی خۆی وەک تاکەکەس، ڕۆڵی ڕیکخراوەکانی ژینگەپارێزی و ڕۆڵی دامەزراوە دەولەتیەکان (حکوومەتیەکان) وەک وەزارەتی ژینگە، بزانێت، بەرپرسایەتی خۆی و ئەو سازمانگەلەش بزانێت. هەر بۆیە دەبێت، ئەرک و کارەکانی وەزارەتی ژینگە و سازمانەکانی ژینگە (بۆ نموونە کۆمەلەی کوردستانی سەوز) و پارتی ژینگەپارێزیش (ئەگەر هەبن) لە پرۆگرامەکانی خوێندندا، جێگە یان بکرێتەوە.

**خۆشویستنی سروشت**

ئەرکی پلانی فێرکارییە هەستی خۆشویستنی سروشت لە لای مندالٚ بچێنێت. دەبێت گەشتوگوزار بۆ ناو دارستان و سەر چیا، چەم و دۆلٚ، بەشێک بێت لە وانەکانی خوێندنی بنەڕەتی.

گەرچی سەیران بەشێکی زیندووە لە فەرهەنگی کوردستان، بە تایبەتی لە بەهاراندا، بەلام دەبێت ئەم فەرهەنگە ئاڕاستە بکرێت، مندالٚ فێری ئەوە بکرێت لە کاتی سەیراندا

سروشتپارێز و ژینگەدۆست بێت. دەبێت خاشاک، چ ئۆرگانی (وەک پاشماوەی خۆراک) چ نائۆرگانی (کەلوپەلی دیکە کە بۆ سەیران کەڵکیان لێ وەردەگیرێت) جیا بکرێنەوە، هەر یەکە لە شوێنی تایبەت بە خۆیان فڕێ بدرێن. بێگومان ئەرکی حکوومەتیشە دەزگە و شوێنی تایبەت بۆ جیاکردنەوە و بەکارهێنانەوەی خاشاک و پاشەڕۆ دروست بکات.

دەبێت منداڵ، بە جوانی وەرزەکان ئاشنا بکرێت و جوانی هەر وەرزێک وەک خۆی ببینێت. نابێت هیچ وەرزێکی ساڵ لە وەرزێکی دیکە بە جوانتر یان باشتر نیشان بدەین. چونکە هەر وەرزە و جوانی و چێژ و کەڵکی خۆی هەیە. دەبێت لە ڕێگەی گەشت و گەڕان بە ناو سروشتدا، منداڵ فێر بکرێت هەم بە نهێنیەکانی سروشت ئاشنا بێت، بۆ نموونە درەختەکان، ناو و جۆر و شێوەی قەد و گەڵاکانیان بناسێت، جۆری بەرد و خۆڵ و پێکهاتەکانیان فێر بێت.

هەروەها هاوکاری بکرێت، تا بۆ خۆشی پەی بەلایەنەکانی دیکەی سروشت ببات و کەسێک بێت چێژ لە سروشت و گەشتکردن لە گشت وەرزەکاندا وەربگرێت.

گەشت و گەڕان بەناو سروشتدا، لەش بەهێز، دید فرەوان، زانیاری زیاتر و مرۆڤ دڵخۆشتر دەکات. تێکەڵبوون لەگەڵ سروشتدا ئەندێشە و خەیاڵ بەرینتر و بیرکردنەوەی فەلسەفیانە لە ژیان و بوون و لە خودی مرۆڤیش قووڵتر دەکاتەوە.

**به کورتی**

ئەرکی پرۆسەی فێرکاری گرانە. ئاسان نییە ئەو هەموو مەرج و خاڵانە، لە پرۆسەیەکدا کۆ بکرێنەوە، بۆیە توانا و بەهرە و تایبەتمەندێتی گشت بوارەکانی زانست و هزر و زانیاری دەوێت. دەبێت شارەزایان و پسپۆڕانی دین، هزر، فەلسەفە، زانست، ئەدەب، هونەر، وەرزش، دەروونناسی، جڤاتنسی، سروشتناسی، زیندەوەرناسی، مێژوو، جیۆگرافیا، پزیشکی، کیمیا و گشت بابەتە زانستی و هزرییەکانی دیکەش بەشێوەیەکی کارا و چالاک لە داڕشتن و دانانی پلانی فێرکاریدا بەشدار بن. دەبێت پەرلەمان و سیاسەتکارەکان، دید و بۆچوونی زانستیانە و ڕوونیان دەربارەی فێرکاری لە پرۆژە یاسایەکدا کە گشت ئەم لایەنانەی باسمان کردوون وەک بنەما و سەرچاوەی یاساکە چڕ بکەنەوە و حکوومەت و وەزارەتی فێرکاری (پەروەردە) پابەندی جێبەجێکردنی ئەو یاسایە بکەن و لە سەرتاپای وەڵاتدا (باشووری کوردستان) پیادە بکرێت.

هەتا دیدێکی ڕۆشن و پلانێکی زانستی و مرۆڤدۆستانەمان بۆ پرۆسەی فێرکاری نەبێت، مەحاڵە بتوانین هیچ جۆرە ڕیفۆرمێکی سەرکەووتوانە، چ لە بواری فێرکاری و چ لە بوارەکانی دیکەی ژیاندا ئەنجام بدەین.

## 4- میتودی کار

- فێربوون و فێرکردن
- فێرکاریی هەموار بۆ هەموان
- شیرینکردنی بابەتەکانی خوێندن لە لای فێرخوازان!
- پێشقەچوونی هەمەلایەنە بۆ هەموان
- فێربوون بە گروپکاری

### فێربوون و فێرکردن

فێربوون، پرۆسەیەکە لە گشت قۆناخەکانی ژیاندا ڕوو دەدات، بە تایبەتی گەر مرۆڤ خوازیاری خۆ بەرەو پێشەوە بردن و زانیاری زیاتر پەیداکردن و خود گۆڕین بێت. بەڵام فێرکردن، کە خوێندگە و سیستەم و پلانی فێرکاری لە پێناویدا دامەزراون، دەبێت، پرۆسەی فێربوون بە شێوەیەکی زانستی بخاتە گەڕ.

فێربوون پرۆسەیەکی خۆڕسکە - لەناو خودی منداڵ/ فێرخوازدا هەیە، لە ناخیدا ڕوو دەدات - بەڵام فێرکردن پرۆسەیەکی دەرەکیە، لە لای کەسانی دیکەوە، مامۆستا، فێرکار و شارەزاوە دەدرێت بە منداڵ و هەر مامۆستا و فێرکاریشە ئاڕاستەی جڵەوی پرۆسەی فێرکردنی لە دەستە.

منداڵان بە شێوەیەکی سروشتی دید و بۆچوونەکانی خۆیان لەسەر بنەمای ماددی و فیکری ژینگەی خۆیان (خێزان و جڤات) بنیات دەنێن، بەڵام پلانی فێرکاریی هاوچەرخ و بەرنامەدار دەتوانێت ئاڕاستەی بیرکردنەوەیان تا ڕادەیەکی زۆر بگۆڕێت.

پلانی فێرکاری سەرکەوتوو هاوکێشەیە. ئەم لای هاوکێشەکە بریتییە لە مامۆستا و فێرکاری کارامە و دڵسۆز. ئەولای هاوکێشەکە منداڵی زرنگ و چالاکە. هەر بۆیە پلانی فێرکاری دەبێت هەم گەشە و پێشکەوتنی مامۆستا ڕەچاو بگرێت، هەم کار لەسەر خولیا و توانای منداڵان.

**فێرکاریی هەموار بۆ هەموان**

فێرگە دەبێت بەرنامەی شیاوی فێرکاری بۆ هەموو منداڵێک هەبێت، واتە هەر منداڵێک بە جیاوازی تەمەن، توانا هۆش و لەش و فەرهەنگەوە. مامۆستاش دەبێت هەموان یەکسان ببینن، وەک یەک گرنگی بدەن بە هەموو منداڵێک.

سیستەمی فێرکردن دەبێت بابەت، تێکست، شێواز و جۆری فێرکردنی جودای بۆ کەسانی ناکام و خاوەن پێداویستیی تایبەت لە پۆلەکاندا دابین بکات.

مامۆستا دەبێت لە ئاستێکدا بن وەڵامدەرەوەی ویست، هەڵپە و خواستی گشت منداڵان بن بەگشت جیاوازی و خولیاوە. فێرگە و پۆلی باش ئەو فێرگە و پۆلەن ئازادی و دەرفەتی تەواو بە هەر منداڵێک دەدەن، تا بە خواست و ویستەوە پرۆسەی فێر بوون تێبگات. دەبێت فێرگە و پۆل، ئەو شوێن و پەناگە ئارامە بن بۆ منداڵ کە تێیاندا هەست بە ئارامی دەروونی بکات، بتوانێت هەم تواناکانی بڕاستێنێ (تەحقیق بکات) هەم کێشەکانی چارەسەر بکات.

فێرگەی باش، پلان و سیستەمی فێرکاریی هاوچەرخ دەبێت هێندە دەرفەت و بەرینایی بداتە منداڵ تا توانای تێگەیشتن و هەڵسەنگاندنی چەمک و پێناسە و دەربڕینی بابەتەکانی بەگشتی هەبێت، بۆ ئەوەی بتوانێت بە هۆیانەوە ژیانێکی بەختەوەر بۆ خۆی دابین بکات، لە هەمانکاتیشدا کەسێک بێت لە هەردوو ڕێگەی بەرهەمهێنانی ماددی و هزریەوە خزمەتی جڤاتی خۆی بکات.

**شیرینکردنی بابەتەکانی خوێندن لە لای فێرخوازان!**

پلانی فێرکاری، پشتبەستوو بە شێوازی کارکردنی بە بەرنامە و پلان بۆ مەبەستی بە ئاکام گەیشتنی ئامانجەکانی فێرکاری، منداڵ دەخاتە خولیای کارکردن و کار خۆشویستنەوە، ئیدی ئەم خولیا و خواستە دەبنە مایە و بناخەی پێگەیاندنی کەسسێکی کارا و بەرپرس، کەسێکی توانا و بەرهەمهێنەر چ بۆ خۆی بێت و چ بۆ مرۆڤایەتی.

**پێشفەچوونی هەمەلایەنە بۆ هەموان**

فێرخواز بە دەم تەمەنەوە و لە ڕێ دانوستاندەوە گەشە دەکات، بۆیە دەبێت پلانی فێرکاری هێندە بوار بۆ منداڵ بڕەخسێنرێت ئاسۆی بیری خۆی بەرفرەوان کات، دەرفەتی هەبێت ئەو زانست و هونەرەی فێری دەبێت پیادەی بکات.

زانیاریی کۆنکرێت (بەرجەستە) زەمینەیە بۆ ئەوەی منداڵ بەرپرسایەتی بگرێتە ئەستۆ. سوود لە ئەزموون وەربگرێت و بە دوای زانستدا بگەڕێ.

هەر بۆیە دەبێت، ڕاهێنان بەشێک بێت لە پلانی فێرکاری. فێرگە دەبێت لە ڕێی ڕاهێنانەوە منداڵ ئامادە بکات بۆ ژیانێکی ئاسوودەی وەها بتوانێت داهێنەر بێت لە ناو خێزان و جڤاتدا. لە هەمان کاتیشدا هزری هاوجیهانی تێدا بچێنێت. پلانی فێرکاری دەبێ منداڵ فێری ئەرکناسی و بەرپرسایەتی بکات. دەبێت وەها بێت منداڵ هەنگاو بە هەنگاو ئەرکی فێربوون و گەشەی هزری خۆی باشتر بگرێتە ئەستۆ.

بەو پێیە ئەرک و ئامانجی هەرە سەرەکیی فێرگە و پلانی فێرکاری، ڕاهێنان و ئامادەکردنی منداڵە تا بتوانن لە ئایەندەدا کار و ئەرکی مرۆڤدۆستانە و نیشتمانپەروەرانەوە لە ئەستۆ بگرن.

فێرگە بۆ خۆی بەشێکە لە جڤات و لەبەر ئەوەشە جڤات دەکاتە سەرچاوەی سیستەم و پلانی خۆی. دونیای فێرگە و دنیای جڤات بەهرە لە یەکدی وەردەگرن و کاریگەرییان لەسەر یەکدی دەبێت.

فێرگە و سیستەمی فێرکاری دەبێت ڕێز لە جیهانی هزر و ئەندێشەی منداڵ بگرێت. پرۆگرامەکانی و بابەتەکانی خوێندن دەبێت جێگەی خەیاڵ، ئەندێشە و بیرکردنەوەی منداڵی تێدا بکرێنەوە، بۆ ئەوەی ئەو قۆناخە گرنگەی ژیانی مرۆڤ/ منداڵ بە ڕەوتە سروشتیەکەی خۆیدا تێپەڕێت.

## فێربوون بە گروپکاری

گروپکاری جگە لەوەی منداڵ فێری بابەتی دیاریکراو دەکات، فێری گیانی هاوکاری، هەرەوەزی و هاوئاهەنگیشی دەکات. بەرهەمهێنان دەبێتە زادەی بیر، بڕیار و کاری هاوکۆ. لێرەدا گشت یان زۆرینەی فێرخوازانی پۆل یان فێرگە تێیدا هاوکار و هاوبەشن. گروپکاری دەبێتە هۆی گەشەسەندنی هەستی هاوکاری، ڕاگۆڕینەوەی بیر و ڕا لە نێوان منداڵەکاندا. هەر پۆلێک و فێرگەیەک کەش و ژینگەیەکی هاوکاری و تەبایی تێدا بێت ژینگەیەکی لەبار و سەرکەوتووترە بۆ فێربوون. دەرفەت لێرەدا سازگارترە تەنانەت بۆ منداڵی کەمتواناش.

وەرشەی فێرگە، ژینگەیەکی بچوککراوەی ژینگەی بەرهەمهێنانی ڕاستییە. لە وەرشەدا منداڵ فێر دەبێت، پەیوەندییەکی تەراز لە نێوان مێشک و دەستیدا بدۆزێتەوە. هەر «شتێک» منداڵ لە وەرشەی فێرگەدا بەرهەمی دێنێت، هەنگاوێکە بۆ ئاشنابوون و دڵنیابوون لە توانای بەرهەمهێنانی خۆی. بۆیە زۆر گرنگە پلانی فێرکاریی هاوچەرخ پانتاییەکی فرەوان بۆ هونەرکاری تەرخان بکات.

- **کاری هزری، پرۆژەکاری:** ئەو بابەت و چالاکییانەن لە لایەنی تیۆری و هزریەوە منداڵانی پۆل گشتیان بەشداری تێدا دەکەن، بۆ نموونە، ئامادەکردنی ڕاپۆرتێک، سەبارەت ئەو کەس و کەسایەتیە بەناوبانگانەی - چ زیندوو چ مردووە- کە لەو فێرگەیەدا خوێندوویانە، کۆکردنەوەی زانیاری لە ئەرشیفی فێرگەکە و لە کتێبخانەی گشتی، یان هەر سەرچاوەیەکی دیکەی زانیاری، یان پرۆژەی دیکەی لەو جۆرە.

- **هونەرکاری:** هەر کارێکی دەستی لە وەرشەدا بکرێت، بەرهەمێکی ماددی هەبێت، بۆ نموونە دروستکردنی ڕەفە و دۆڵاب، بۆ فرۆشگەی فێرگەکەیان.

دەبێت ڕۆڵی مامۆستا لە کاری بە هەرەوەزیدا ڕۆڵێکی زۆر چالاک و کارامە بێت. مامۆستا دەبێت نەخشەساز و ڕێنیشاندەر و هاوکاری هەردوو جۆری پرۆژەکان بێت، چ هزرییەکان و چ دەستیەکان، بێگومان مامۆستای چالاک و توانا دەتوانێت کەڵک لە بەهرە و تواناکانی خێزانی فێرخوازان وەربگرێت و لەم بوارەدا چالاکیان بکات.

## 5-سێ باڵی کاریگەر: مامۆستا، خێزان و جڤات

### مامۆستا

زانیاری و شارەزایی مامۆستا لەو بابەتە/ بابەتانەی کە دەیڵێتەوە لەگەڵ زانیاری و فەرهەنگی گشتی خودی خۆی زۆر گرنگن. مامۆستای هۆشیار و ڕۆشنبیر گەیەنەری فەرهەنگی میللی و بەهای مرۆڤدۆستانەیە بە نەوەی ئایەندە.

بۆیە دەبێت، مامۆستا تەواو شارەزای ئەو بابەتانە بێت دەیڵێتەوە. هەروەها دەبێت هەردەم زانیاری و فەرهەنگی خۆی نوێ بکاتەوە چ بە هەوڵی تاکەکەسی خۆی، چ درێژەدان بە خوێندن (خوێندنی باڵا) و بەشداریکردن لە کۆرسی نوێکردنەوەی زانیاریدا، بە تایبەتی لەو کاتانەی زانیاری و بابەتی نوێ دەخرێتە سەر پرۆگرامەکانی خوێندن، یان لەگەڵ هاتنە ئارای ئامێر و بابەتی تەکنۆلۆژی نوێ، بۆ ناو بوارەکانی خوێندن (بۆ نموونە کۆمپیوتەر) یاخود هەر ئامێرێکی دیکەی نوێ.

مامۆستا دەبێت توانای دەربڕین و شێوازی دەربڕینی ڕەوان و ئاسان بێت تا بتوانێت پەیام و ناوەڕۆکی باس و بابەتەکە بە فێرخوازان بگەیەنێت. هەروەها دەبێت کەڵک لە ئامراز و کەرەسەی ڕوونکردنەوە، وێنە، ئەزموونگە (لابور)، بووکەڵە، پەیکەر و...... هەروەها پەنا بەرێتە بەر: دەرئەنجامی لێکۆڵینەوەی زانستی لە بواری بابەتی وانەکەدا، وێناکردن، میتافۆر (هێما و نیشانە)، نموونە هێنانەوە، ڕاڤەکردن، بۆ تێگەیاندنی فێرخوازان.

هەروەها دەبێت هەوڵ بدات بابەتی وانەکان بە شێوازێک بڵێتەوە پەیوەست بێت بە زانیارییە لە پێشینەکانی فێرخواز. گەرچی گشت فێرخوازان- منداڵان لە فەرهەنگێکی هاوبەشەوە هاتوون (فەرهەنگی میللی) بەڵام لەبەر ئەوەی پاشخانی زانیاری، فەرهەنگی و ئاستی خوێندنی هەر خێزانێک جیاوازە، هەر منداڵەی شێوەی پەروەردەیەکی جیاوازی هەیە، ئەوا بەو پێیەش ئاستی هۆشیاری و دید و بۆچوونیان جیاوازە، هەر بۆیە گرنگە مامۆستا ڕادەی تێگەیشتنی ئەو جیاوازییانەی لەبەرچاو بێت و بەهەندیان بگرێت. (گرنگیی بەکارهێنانی ئەو شێواز و میتۆدە جیاوازانەی باسمانکردن لەبەر ئەم دیاردەیەیە.)

ئاستی بەرزی فەرهەنگیی مامۆستا کە دەکاتەوە ئاستی زانستی و هونەری دەبێتە مایەی متمانە، سالاریی و دەسەڵاتێک دەداتە مامۆستا (دەسەڵاتی لاشەڕ، دەسەڵاتێک زەبری لەگەڵدا نەبێت) هەردەم جڵەوی بارودۆخ و کەشی ناو پۆلی لە دەستدا بێت، کەشێکی

گونجاو بۆ تێگەیشتنی فێرخوازان و لە هەمان کاتیشدا پەیوەندییەکی پۆزەتیڤانە لە نێو مامۆستا و فێرخواز / فێرخواز و فێرخواز / فێرخواز و وانە - بنیات بنێت!

**توانای گەیاندن و فێرکردنی چالاکانە**

توانای گەیاندن، مەبەست لە توانای گەیاندنی پەیامە (لێرەدا مەبەست لە بابەتی وانەیە). شارەزایی و توانای زانستی، زاڵبوون بەسەر بابەتی وانەدا، مامۆستا دەکاتە مامۆستایەکی توانا (چاک). مامۆستای توانا دەتوانێ زانیاری و زانستی خۆی بگوێزێتەوە بۆ فێرخواز. دەتوانێ پرسنی (کونچکاوی- فزووڵ)ی منداڵ بەرانبەر زانست بجووڵێنێت، بەو کارەشی ئارەزووی منداڵ بۆ فێربوون زیاد دەکات و زیاتر گرنگی بە فێربوون دەدەن.

منداڵ بە هیوا و خواستی فێربوونەوە دێتە فێرگە و پێی خۆشە توانای هزر و لەشی خۆی لە فێرگە بخاتە گەڕ و زیاتر پەرەیان پێبدات. لە سیستەمێکی فێرکاریی هاوچەرخ و پێشکەوتوودا دەبێت زەمینە بۆ ئەم ویست و خولیایەی منداڵ بڕەخسێنرێت. پلانی فێرکاریی هاوچەرخ دەبێت، بوار و دەرفەت بە گشت منداڵێک بدات، تا تواناکانی خۆی پیادە بکات، جێگە و پانتایی بۆ هەموو توانا و خولیا لە گشت بابەت و وانەکاندا تێدا بێت.

مامۆستای توانا و کارامە (مامۆستای چاک) دەبێت زانیاری گشتی دەربارەی باری دەروونی و هەنگاوەکانی گەشەکردنی دەروون و لەشی منداڵ هەبێت. دەبێت شارەزایی تایبەتی لەو گرفتە دەروونیانەدا هەبێت کە لە قۆناخی جیاوازدا منداڵ - چ بەهۆی کاریگەی خوێندن و فێرگە، چ بەهۆی کاریگەری خێزانەوە، ج بەهۆی کاریگەری هەست و سۆزداریەوە - تووشیان دەبێت. ویست و خواستی ئەزموونکردن و فێربوونی فێرخواز دەبێت، لە لایەن مامۆستای توانا و لێهاتووە بەهەند وەربگرێت، بە زیاتر ڕوونکردنەوە و ئاسانترکردنی وانە و بابەتەکان، وەڵام بدرێتەوە.

مامۆستا دەبێت، توانای فێرخوازەکانی دەرک بکات، وەک ڕێنوێن خولیا و توانای فێرخوازەکانی ئاڕاستە بکات. مامۆستای توانا دەبێت بۆ فێرخوازەکانی، نموونەی کارایی و چالاکی و هەوڵ دان بێت، تا فێرخواز ئەو توانایە لەوە فێرببن و بە ڕێگەی ئەودا بڕۆن و چاوی لێبکەن.

مامۆستای توانا دەبێت، چ بە ڕێگەی کارکردن و هاوکاریی لەگەڵ فێرخوازەکانیدا، چ لە هەڵسوکەوت و گفتوگۆدا لەگەڵیاندا ڕێزیان بگرێت، نیشانی بدات، کە بیر و بۆچوون، هەوڵ

و تەقەلا، شێوازی کارکردن و کۆششکردنی فێرخوازەکانی جێگەی بایەخن، تا فێرخواز بە پەرۆش و خواستێکی زۆرترەوە لەگەڵ بابەتی وانەکاندا خەریک بێت.

مامۆستای کەمتوانا لە ڕێگەی خۆسەپاندن، ڕەشبینی و نەویستنی پیشەی خۆی، یان بەهۆی بەهەند نەگرتنی ئەو بابەتەی دەیڵێتەوە، یان بەهۆی گاڵتەجاڕییەوە لە لایەک ڕێزی خۆی لە دەست دەدات، لە لایەکی دیکەشەوە ڕێزی بابەت و وانەکە لای منداڵ ناهێڵێت و خواستی فێربوون و کۆششکردن و داهێنان لە لای منداڵ خەفە دەکات. مامۆستای توانا لە ڕێگەی ستایشی پۆزەتیف و هاندانەوە فێرخواز زیاتر ڕادەکێشی بەرەو فێربوون و گەشەکردنەوە. بەوەش دەبێتە پشتیوان و ڕێنیشاندەر.

گرنگترین هۆکاری فێرکردن کە مامۆستا بتوانێت کەڵکی لێ وەربگرێت خودی خۆیەتی. مامۆستای توانا و شارەزا لە بابەتی خۆیدا دەتوانێت خۆی وەک نموونەیەکی ڕاست و زیندوو بەکاربهێنێت. بە شارەزایی و چالاکی، زانیاری نوێکردنەوە، دەتوانێت ببێتە ڕێنیشاندەری فێرخوازان.

دەبێت مامۆستا، لەو وانە و بابەتانەی دەیانڵێتەوە ئەوەندە شارەزا بێت بە دڵنیایی و باوەڕبەخۆ بوونەوە بە فێرخوازانی بگەیەنێت. لە ڕووی کەسایەتی و دەروونیشەوە هێندە توانا و لێهاتوو بێت، فێرخوازان لەگەڵیدا هەست بە ئارامی و ئاسوودەیی بکەن.

بێگومان لەگەڵ هەڵکشانی تەمەنی فێرخواز و گەیشتنی بە ئاستی باڵاتر، دەبێت پەیوەندی و هەڵسوکەوتی مامۆستاش گۆڕانی بەسەردا بێت. لە پلەکانی باڵای خوێندندا، دەبێت پەیوەندی هاوڕێیانە و بیر و ڕاگۆڕینەوە لە نێوان مامۆستا و فێرخوازدا هەبێت. چونکە فێرخوازانی دواساڵی خوێندنی بنەڕەتی - لە چاو ساڵەکانی پێشوتردا - چاوەڕێی ئەزموون و پەیوەندی فرەوانترن.

فێرکردنی چالاکانە، پێویستی بە شێواز و میتودی شرۆڤەکاری چالاکانەش هەیە. گەرچی ئێستا سەردەمی تەکنۆلۆژیی دیژیتاڵە و ئەو هۆکارانە کارئاسانی زیاتر بۆ مامۆستا دەکەن، بەڵام توانا و شارەزایی و هێزی کەسایەتیی خودی مامۆستا، مەرجی سەرەکین بۆ گەیاندنی زانیاری بە فێرخواز.

**خێزان**

خێزان بەرپرسی یەکەم و یاسایی و سروشتیی پەروەردەکردنی منداڵەکانیانن. بۆیە زۆر گرنگە، هەر لە سەرەتاوە:

- لە پلان و پرۆسەی فێرکاریدا بەشدار بن.
- مامۆستا و بەڕێوەبەرەکان بناسن.
- خێزانی فێرخواز و منداڵەکانی دیکە بناسن.
- منداڵەکانی هاوپۆلی منداڵەکەی خۆیان بناسن.
- ناوەڕۆکی کتێبەکان و پرۆگرامەکانی فێرکردن بزانن و بیانبینن.
- لە چالاکی وەرزشی، هونەری، فەرهەنگی، گەشتەکان و کاری هەرەوەزیدا بەشداربن.
- بەپێی توانا، لە دابینکردنی هەندێ پێداویستی فێرگەدا بەشداربن.
- بەشداری چالاکییە جڤاکیەکانی فێرگە بن، بە تایبەتی لە کاتی ڕوودانی کارەسات و مەرگدا.
- لە بۆنە گشتی و نەتەوەییەکاندا، وەک نەورۆز و یادی ڕاپەڕین، چالاکانە بەشداربن.

## ڕۆڵی خێزان

خێزان یان سەرپەرشتیاری منداڵ بەرپرسی یەکەمی پەروەردەکردن و بەخێوکردنی منداڵە. دوای ڕۆڵی ئەوان ڕۆڵی فێرگە و سیستەمی فێرکاری دێت. بۆیە زۆر گرنگە خێزانی فێرخوازان هەر لە سەرەتاوە لە پرۆسەی فێرکاریدا بەشداربن، بیروڕا و بۆچوونیان دەربارەی پلانی فێرکاری بەهەند وەربگیرێت. بۆ ئەم مەبەستەش دیداری کراوە و مێدیا دەخرێنە کار.

لەگەڵ سەرەتای ساڵی خوێندندا دەبێت، خێزانی منداڵان بانگهێشتن بکرێن بۆ فێرگە و گشت بابەت و وانەکان و شێوازی گوتنەوەیان، چالاکیی پەیوەندیدار بە وانەکانەوە، ئامانج و مەبەستی وانەکانیان، بۆ ڕوون بکرێتەوە، هەروەها دەبێت، لە ڕێگەی ئەنجوومەنی خێزانەوە نوێنەری خۆیان بۆ هەر پۆلێک هەڵبژێرن، تا بتوانێت لەگەڵ مامۆستای پۆل «مامۆستای ڕابەری پۆل» ئاشنا بن و هەر تێبینی و پێشنیازێک و نارەزاییەکیان هەبێت بیگەیەننە فێرگە.

خێزانی فێرخوازان دەبێت، یەکدی بناسن، منداڵانی هاوپۆلی منداڵەکانی خۆیان و خێزانی منداڵەکانیش بناسن، هەر لە سەرەتای ساڵەوە لە کۆبوونەوەیەکی کراوەدا گشتیان بە

یەکدی ئاشنا ببن. ئەمەش زۆر گرنگە بۆ ئەوەی بزانن منداڵەکانیان لەگەڵ کێدا هاوڕێ و هاوپۆلن، بۆ دابینکردنی کەشێکی ئاسوودە چ بۆ منداڵەکان و چ بۆ خێزان و سەرپەرشتیانی منداڵەکان.

فێرگە و پلان و پرۆسەی فێرکاری، دەبێت کەڵک لە توانای ماددی و هزریی خێزان وەربگرێت. خێزانی زەنگین، بۆ دابینکردنی پێداویستیی فێرگە، دەتوانن کۆمەکی فێرگە بکەن. خێزانی هونەرمەند دەتوانن لە کار و چالاکیی فێرگەدا بەشدار بن. خێزانی خاوەن هزر، دەتوانن لە چالاکییە هزرییەکانی وەک، وانەی فەلسەفە و ئەدەبیاتدا بەشداری بکەن و هاوکاریی مامۆستاکان بکەن. هەر کەسە بەپێی توانا و شارەزایی خۆی.

ئەرکی هەرە گرنگی خێزان و سەرپەرشتیاران لە پرۆسەی فێرکاریدا هاوکاریی منداڵەکانیانە لە وانە و بابەتەکاندا. دەبێت خێزان هەردەم، ئاگاداری پلانی هەفتەی فێرگە بن - ئەو پلانی کارەی هەفتانە دەدرێتە منداڵ، وانە و کار و چالاکییەکانی هەفتەی تێدایە - تا بزانن منداڵ چ کارێکی (ئەرکێکی) فێرگەیان لەسەرە بۆ جێبەجێکردن. دیسان دەبێت، بە پەیداکردنی سەرچاوە بۆ کۆکردنەوە زانیاری و ئامادەکردنی ڕاپۆرت، کۆمەک بە منداڵەکانیان بکەن. دەبێت ئەرک و بەشداربوونی خێزان، لە پرۆسەی فێرکاریدا، بە یاسا ڕێک بخرێت و دەستنیشان بکرێت.

## ڕۆڵی مامۆستا

بێگومان پلانی فێرکاری، گەر مامۆستا پیادەی نەکات، تەنها وشەی سەر کاخەزە. بۆیە ڕۆڵی مامۆستا ڕۆڵێکی زۆر گرنگە لە پرۆسەی فێرکاریدا. مامۆستا یەکێکە لە سێ کوچکەی فێرکاری: فێرخواز، مامۆستا، پلانی فێرکاری.

**مەرجی مامۆستایەتی**

لەبەر ئەوەی پیشەی مامۆستا یەکێکە لە پیشە هەرە گرنگەکان ئەو کەسەی پیشەی مامۆستا هەڵدەبژێرێت پێویستە چەند مەرجێک لە کەسایەتی و شێوازی بیرکردنەوەیدا هەبێت تا بتوانێت کاری مامۆستایی بکات.

- دەبێت کەسێک بێت هیچ تاوانێکی جڤاکی نەکردبێت و بەو هۆیەوە، زیندانی نەکرابێت.
- دەبێت کەسێک بێت شادی لە کارکردن لەگەڵ مرۆڤدا/ فێرخوازدا ببینێت.
- دەبێت کەسێک بێت پشوودرێژ، توانا، ئارام، لە خۆبردوو بێت.
- کەسێکی خاوەن پرینسیپ بێت لە کار و ڕەفتاردا.
- کەسایەتیەکی ژیر و خاوەن دیدی سەربەخۆی خۆی بێت.
- کەسێکی بەخشندە بێت تا بتوانێت زانیاریەکانی خۆی بگەیەنێتە منداڵ- فێرخواز.

لە ڕووی ئاستی زانستیەوە گرنگە، مامۆستا، ئاستی زانکۆ تەواو بکات - مامۆستای گشت ئاستەکان، نابێت لە ئاستی زانکۆ کەمتری هەبێت - مامۆستای قوناخی بنەڕەتی، مەرج نییە تایبەتکار (ئیختساس) ی لە بابەت و وانەیەکی تایبەتدا هەبێت، بەڵام دەبێت لەو چوار ساڵەی زانکۆدا ساڵێک پێداگۆگی (شێوازی فێرکاری) و ساڵێک دەروونناسی و ساڵێک فەلسەفە بخوێنێت.

زۆر گرنگە سیستەمی فێرکاری. ئازادی تەواو بۆ مامۆستا دابین بکات و دەستی والا بێت لە شێوازی گەیاندنی ناوەڕۆکی بابەتی وانەکان. وەزارەتی فێرکاری (پەروەردە) و بەڕێوەبەرایەتیەکان، سالانە کۆرسی ڕاهێزان و سەرخستنی ئاستی زانیاری بۆ مامۆستای گشت فێرگەکانی وەلات و گشت ناوچەکان بەبێ جیاوازی، ڕێک بخەن.

ئاستی هەڵسەنگاندنی مامۆستا دەبێت لە ڕێگەی هەڵسەنگاندنی زانیاری مامۆستاکە و لەسەر بنەمای ڕێژەی ئاستی زانیاری فێرخوازەکانی بێت. ئەو پرۆسەیەی ئێستا ناوی سەرپەرشتیاری و هەڵسەنگاندنی مامۆستایە، شێوازێکی زۆر سەنترالانە و کۆنەباوە، لەگەڵ ڕۆژگاری سەردەم و سیستەمی دیمۆکراتیدا ناگونجێت، توانای ڕاستەقینەی مامۆستا دەرناخات.

**جڤات**

جڤات مەزنترین سەرچاوەی توانا، هێز و چالاکییە بۆ فێرگە و پرۆسەی فێرکاری. شائامانجی پلانی فێرکاریش ئامادەکردنی کادرانی بەرهەمێن و کارا و چالاکە بۆ جڤات. بۆیە گرنگە جڤاتیش ڕۆڵی خۆی هەبێت لە پرۆسەی خوێندندا، ئایدیا، هزر، دنیابینی، شێوازی ژیان، فەرهەنگ، هونەر، پەیوەندیە ئابووری و جڤاکییەکان، مێژووی نەتەوە، سیستەمی سیاسی وەڵات، شێوازەکانی بەرهەمهێنان، پیشەسازی، خزمەتگوزاری و کشتوکاڵی، گشتیان لە پرۆگرامەکانی خوێندندا ڕەنگ بدەنەوە.

هەروەها کەسانی چالاک لە بواری جڤاکیدا، هزرڤان، هونەرمەندان، وەرزشڤانان، سیاسەتمەداران، شاعیر و نووسەران، کەسانی سەرکەوتووی بواری سەرمایە و بازرگانی، شارەزایانی بوارەکانی زانستی، هەردەم بانگهێشتنی فێرگەکان بکرێن و ڕوو بە ڕوو هونەری سەرکەوتوویی خۆیان بۆ منداڵان باس بکەن، تا ببنە نموونەی گەش بۆ ئایەندەی منداڵ.

## بەشی دووەم
## ساختار و ناوەڕۆکی پلانی فێرکاری

### 1) فێرگەی بنەڕەتی سێ بەشە

وەک پێشتر باسمان کرد، بۆ زیاتر کاریگەری پلانی فێرکاری، دەبێت خوێندنی بنەڕەتی لە ناوخۆیدا بۆ سێ ئاست دابەش بکەین، دارشتنی وانە و بابەتەکان و ناوەڕۆکی پلانی فێرکاریش بەسەر ئەو سێ ئاستەدا دابەش بکەین. لەبەرئەوەی خوێندنی بنەڕەتی لە ئێستادا نۆ 9 ساڵە، بۆ سێ ئاست هەریەکەیان 3 ساڵە دابەش دەکەین.

### 1. ئاستی سەرەتا، ساڵی 1 تا 3

لەبەر ئەوەی لەم بەشەدا، فێرخواز بۆ یەکەم جار دێتە فێرگە - با لە زارۆخانە / باخچەی منداڵان -یشەوە هاتبێت، کەشی فێرگە بۆ ئەو نوێیە. بۆیە دەبێت وانە و ناوەڕۆکی بابەتەکان زۆرتر گەمەئامێز بن. واتە ڕاڤەکردنی وانەکان دەبێت، لە ڕێگەی گەمە و وازییەوە بێت، تا زیاتر منداڵ چێژ لە بابەتی وانەکان ببینێ، وێنە و نیگارەکانی هاوڕای بابەتەکان دەبێت، ڕەنگەکانیان گەش و سەرنجڕاکێش بن و فۆرمی وێنەکان زیاتر کاریکاتێری و دەستکرد بن. تا دەکرێت وێنەی فۆتۆگراف، کەم بەکاربهێنرێت. خەت و نووسین و وێنەکانی وانەکان دەبێت، بە قەوارەی گەورە بنووسرێن.

دەبێت، گەشتی پۆل و چوونە ناو سروشت بەشێکی گرنگی ئەم ئاستە بێت، زۆربەی ئەو وانە و بابەتەی پەیوەندی بە سروشت و زیندەوەرەکانەوە هەیە، لە دەرەوەی پۆلدا بخوێندرێت.

## 2. ئاستی نێوەند، ساڵی 4 تا 6

لەم ئاستەدا، ئیدی منداڵ بە کەشی فێرگە ڕاهاتووە و لە پرینسیپەکانی فێرگە تێگەیشتووە. بۆیە گرنگە بەشی تیۆری وانەکان کەمکەم دەست پێبکات و زیاتر ئەرک بدرێتە فێرخواز. کتێبەکان زیاتر وێنەی فۆتۆگرافی تێدا بەکاربهێنرێت.

دەبێت فێرخواز بتوانێت، پرۆژەی ئاسان بە ئەنجام بگەیەنێت، بۆ نموونە، زانیاری کۆکردنەوە بە وێنە و فاکتاوە دەربارەی زیندەوەرێک، یان هەر بابەتێکی دیکە، لە شارەکەی، فێرگەکەی، دەربارەی خێزانی و کەسانی دیکە لە خێزانەکەیدا.

لە کۆتای ئەم ئاستەدا دەبێت توانای فێرخواز بخرێتە بەر هەڵسەنگاندن. تەنها هەڵسانگاندن – نەک تاقیکردنەوە (ئیمتحان). هەڵسەنگاندنی بێ نمرە دانان.

## 3. ئاستی باڵا ساڵی 7 تا 9

لەم ئاستەدا، منداڵ پێ دەنێتە تەمەنی هەرزەکاری و کۆمەڵە گۆڕانێک لە لەش و دەرونیدا ڕوو دەدەن کە دەبنە هۆی گۆڕانی کەسایەتی و هەڵسوکەوتی، بۆیە دەبێت وانە و بابەتە هزری و زانستییەکان ڕەهەندێکی قووڵتر وەربگرێن و سەردانی کتێبخانەی ناو فێرگە و کتێبخانەی گشتی دەبێت ببێتە بەشێکی دانەبڕاو لە وانەکان. بابەتە هزرییەکان دەبێت، کێشە و گرفتەکانی جڤات، وەڵات و جیهان بە گشتی بگرێتەوە. وانەکانی فەلسەفە، جڤاتنسی و دیناسی، گرنگی زیاتریان پێبدرێت.

## تەرخانکردنی کات بۆ وانە

تەرخانکردنی سەعاتەکانی خوێندن، لە ئاستەکاندا دەبێت بەم شێوەیە بێت.

- ئاستی 1 تا 3: لەم ئاستەدا دەبێت، خوێندن زیاتر لە شێوەی گەمەدا بە کردەوە (پراکتیک) بێت. پیادەکردنی بابەت و ناوەڕۆکی وانەکان دەبێت 50% ی سەعاتەکانی خوێندن بگرێتەوە.
- ئاستی 4 تا 6: لەم ئاستەدا بەشی پراکتیکی کەمتر دەبێتەوە و خوێندن جێگەیان دەگرێتەوە، لەم ئاستەدا دەبێت تەنها 30% ی سەعاتەکانی خوێندن بە کردەوە بێت و 70% بەشی تیۆری بێت.
- ئاستی 7 تا 9: لەم ئاستەدا وانە تیۆرییەکان زیاد دەکەن و بەشی پراکتیکی کەمتر دەبێتەوە بۆ 20% ی کۆی سەعاتەکانی خوێندن. واتە، 80%ی سەعاتەکان دەبێتە خوێندنی تیۆری.

تێکڕا لە ئاستەکاندا لەگەڵ بەرزبوونەوەی پۆلەکان ڕێژەکان دەگۆڕێن. تا پۆلەکان بەرزتر بنەوە ڕێژەی سەعاتەکانی پراکتیکی دەبێت کەمتر بنەوە، بەڵام لە تێکڕای سەعاتەکانی خوێندنی ئاستی 1 تا 3 دەبێت، 50%ی بۆ پراکتیک تەرخان بکرێت.

## 2) چوار بنەمای سەرەکی بۆ داڕشتنی پلانی وانە

1. زانستی ستاندارد و بنەڕەتی
2. فێرکردنی هەموار
3. پێشڤەچوون
4. سەرخستنی ئاستی زانیاری و زانست

### 1. زانستی ستاندارد و بنەڕەتی

زانست و زانیاری بنەڕەتی و ستاندارد، دەبێت لە گشت ئاستەکانی خوێندنی بنەڕەتیدا (هەر لە پۆلی یەکەمەوە) هەبێت. دەبێت زانست و زانیاریی گشتی و هەمەلایەنە بێت و بۆ گشت فێرخوازان بێت. بە واتایەکی دیکە دەبێت ئامانجە زانیاری و زانستەکان دیاری کرابێت و بەشێوەیەکی گونجاو لەگەڵ هەڵکشانی تەمەنی فێرخوازدا ڕێک خرابێت، تا تێگەیشتن و کارکردنی فێرخواز لەگەڵ ئەو زانستانەدا بەشێوەیەکی گونجاو گەشە بکات.

بەکورتی، دەبێت خوێندنی بنەڕەتی بکرێت بە سێ بەشەوە، ئاستی سەرەتا 1 تا 3، ئەوجا نێوەند 4 تا 6 و پاشان ئاستی باڵا 7 تا 9. لەگەڵ تەواوکردنی هەریەک لەم بەشانە ئاستی زانیارییە تیۆرییەکان زیاتر بەرز بکرێتەوە. واتە لە ئاستی 1-3 زۆرترینی زانیارییەکان دەبێت لە ڕێگەی ئەزموون و بەکردەوە بەشێوەیەکی کۆنکرێتی بگەیەنرێتە منداڵ، لە ئاستی 4-6 کەمتر و لە 7-9 کەمتر بێت، بەشە تیۆرییەکانی وانەکان جێگەی فێربوونی کردەوەیی بگرنەوە.

### 2. فێرکردنی هەموار

لەبەر ئەوەی ئاست و توانای تێگەیشتن و فێربوونی فێرخوازان جیاوازە، توانای تێگەیشتنیان بۆ بابەتی وانەکانیش جیاوازە. بۆیە دەبێت هەردەم بەرنامەی فێرکردنی گونجاو بۆ فێرخوازان هەبێت. ئەو فێرخوازەی توانای تێگەیشتنی زۆرە (بەرزە) دوای تەواوکردن و تێگەیشتنی زانستییە گشتی و بنەڕەتیەکانی وانەیەک، دەبێت مامۆستا بابەت و زانستی پەیوەندیداری بەهەمان وانە و بابەت لە دەرەوەی کتێبی وانەکە بۆ ئامادە بکات و بیداتێ تا کاری زیاتری لەسەر بکات و سنووری فێربوون و زانیاری خۆی فرەوانتر بکات. ئەو فێرخوازەی توانای تێگەیشتنی کەمە (نزمە) دەبێت مامۆستا زانیاری و بابەتی ئاسانتری لە هەمان وانەدا لە دەرەوەی کتێبی وانەکە بۆ ئامادە بکات. تا بتوانێت باشتر لە وانە و بابەتی

بڕیاردراو بگات. لە فێرکاری هەمواردا، دەبێت ئاستەکان لە بەرچاو بگرێت، لە ئاستەکانی سەرەتادا زیاتر بابەتەکان کۆنکرێتین.

### 3. پێشڤەچوون

پلانی فێرکاری دەبێت وانەکان لەسەر بنەمای پشڤەچوون دابڕێژرێت. واتە دەبێت لەگەڵ پۆلەکاندا زانیارییەکانیش پێش بکەون و بگەنە ئاستێکی باڵاتر، بەڵام دەبێت تا کۆتای خوێندنی بنەڕەتی زنجیرەئاسا هەموو ئەڵقەیەک پەیوەست بێت بە ئەڵقەی پێش و پاش خۆی بۆ ئەوەی فێرخواز لە تێگەیشتن و بەرجەستەکردنی زانیاری و زانستی وانەکان دانابڕێت.

### 4. سەرخستنی ئاستی زانیاری و زانست

ئامانجی پلانی فێرکاری دەبێت، سەرخستنی ئاستی زانست و زانیاری فێرخواز بێت. دەبێت گشت بڕگەکانی وانەکان تەنها بە دەوری ئەم ئامانجەدا بسووڕێتەوە. بۆ گەیشتن بەم ئامانجە سەرەکییە دەبێت تەواوی هۆکارە مۆدێرینەکانی فێرکاری و تەواوی توانای مامۆستا بخرێنە گەڕ.

**پێکانی ئامانج:** شێوازی دارشتنی وانەکان لە پلانی فێرکاریدا بۆ پێکانی ئامانج

- ئامانجی گشتی وانە، بۆ نموونە: کیمیا چیە؟ زانستی کیمیا چ ڕۆڵێکی لە ژیانی مرۆڤدا بینیوە؟
- ئامانجی تایبەتی وانە، بۆ نموونە: زانیاری دەربارەی پرۆسە کیمیاوییەکانی نێو لەشی مرۆڤ.
- ئامانجی تێگەیشتن - مەبەست تێگەیشتنی فێرخوازانە لە وانەکە.

### 3) دارِشتنی پلانی وانە

- ڕێکخستن و دارِشتنی ناوەڕۆکی وانەکان
- بارهێنان و ئامادەکردنی هزری فێرخواز
- لەسەر ئاستی تاکەکەسی
- لەسەر ئاستی سروشت و ژینگە

**ڕێکخستن و دارِشتنی ناوەڕۆکی وانەکان**

ڕێکخستن و دارِشتنی ناوەڕۆک و بابەتی وانەکان، دەبێت بەگشتی لە خزمەتی شائامانجەکانی پلانی فێرکاریدا بێت، لە هەمانکاتیشدا دەبێت، بنەما ستانداردە زانستیەکان پەیرەو بکات و توانای فێرخواز و شارەزایی مامۆستا لە بەرچاو بگرێت. لە دارِشتنی بابەتی وانەکاندا، دەبێت گرنگی بەم خاڵانە بدرێت.

- ڕوونی و ئاسانی بابەتی وانەکان: وانەکان بە زمانێکی سادە و ڕەوان، دوور لە هەڵە بنووسرێت، تا منداڵ بتوانێت بە ئاسانی لێی تێبگات و بێزار نەبێت.
- گرێدانی بابەت و ناوەڕۆکی وانەکان بە ژیانی ڕۆژانەوە: زۆر گرنگە، ناوەڕۆک و بابەتی وانەکان، چ زانستیەکان، چ جڤاکی، بە ژیانی ڕۆژانەی فێرخوازانەوە گرێ بدرێت و نموونەکان لە ژیانی ڕۆژانەی ئەوانەوە نێزیک بێت.
- بابەتی سەرنجڕاکێش: دەبێت بابەت و شێوازی وانەکان بۆ فێرخوازان هەنووکەیی و سەنجڕاکێش بن.

**بارهێنان و ئامادەکردنی هزری فێرخواز**

کۆمەبەستی پلانی فێرکاری دەبێت، لە خزمەت ئامادەکردنی هزری فێرخوازدا بێت بۆ ژیانی ناو جڤات. بە شێوەیەکی گشتی دەبێت ئامادەکردنی هزری فێرخواز لەسەر سێ ئاست بێت: ئاستی تاکەکەسی، ئاستی جڤات و ئاستی سروشت و ژینگە. تا بتوانێت تێڕوانین و هەڵسەنگاندنی خۆی لەو ئاستانەدا هەبێت.

**لەسەر ئاستی تاکەکەسی**

پلانی فێرکاری دەبێت، هزری فێرخواز بۆ تێگەیشتن لە خودی خۆی و توانا هزری و جەستەییەکانی خۆی ساز بکات. دەبێت هێندە زانیاری هزری و زانستی بداتێ، تا دەرک بە دەوروبەر بکات بۆ نموونە:

- مەترسییەکانی ژیان، وەک: زۆر خواردنەوەی ئەلکهول، بەکارهێنانی مادەی هۆشبەر، زەبروزەنگی نێو خێزان و جڤات. تاوانکاری و سەرپێچی، مەترسییەکانی ساخلەمی وەک نەخۆشیەکانی سەردەم (ئایدز).
- شارەزابوون و تێگەیشتن لە پەیوەندی نێو خێزان
- تێگەیشتن و بەهەندگرتنی مانا و مەبەستی کار، ڕێزگرتن لە کار و پیشەی جیاواز
- خۆشەویستی و مرۆڤدۆستی و ڕێزگرتن لە مرۆڤ
- ڕەفتاری ئابووریانە، زیادە مەسرەفی نەکرێت و سامانی خۆ و میللی بە فیڕۆ نەدرێت.
- پلانی فێرکاری دەبێت، فێرخواز بۆ تێگەیشتن لە جڤاتی خۆی و مرۆڤایەتی ئامادە بکات
- ڕێزگرتن لە بەها فەرهەنگی و مێژووکردی جڤات و جیهان.
- ڕێزگرتن لە دین و بیروڕای جڤات و جیهان.
- ڕێزگرتن و بەهەند وەرگرتنی هونەری جڤاتەکەی خۆی و جیهان.
- دەرککردنی کێشەی ئابووریی جڤاتەکەی خۆی و جیهانی.
- ئامادەبوون بۆ هاوکاری و کۆمەک، لە کاتی تەنگانە و کارەساتدا، چ لە جڤاتکەی خۆی و چ لە جیهاندا.
- هاوخەمی و هاوسۆزی بۆ جڤاتەکەی و بۆ جیهان.
- پشتیوانی لە دادپەروەری و یەکسانی ماف بۆ کەسانی جڤاتەکی و خەڵکانی گشت جیهان.

**لەسەر ئاستی سروشت و ژینگە**

پلانی فێرکاری دەبێت هزری فێرخواز بۆ خۆشەویستن و پاراستنی سروشت و ژینگە، ئامادە بکات:

- ئاشناکردنی بە سروشتی وەڵات و ناوچەکەی خۆی و گشت جیهان.
- ئامادەکردنی بۆ خۆشویستن و ڕێزگرتنی سروشت.
- فێرکردن و ڕاهێنانی بۆ دەستپارێزی لە سەرچاوە سروشتیەکان وەک، ئاو، هەوا، وزە.
- فێرکردنیان بۆ زیاتر بەکارهێنانی بەرهەمی سروشتی (ئێکۆلۆژی) کەمکردنەوە و بەکارنەهێنانی ئەو بەرهەم و پێداویستیانەی پاشەڕۆ و زبڵیان زۆرە و زیان بە سروشت دەگەێنن.

## 4) چوار شێوازی کاریگەر

شێوازی کار لە پلانی فێرکاریدا دەبێت، دانانی پلانێکی کاریگەر و شادیهێن بێت، بۆ ئەوەی فێرخواز لە ناوەڕۆک و خاڵی گرنگی وانە و بابەتەکان تێبگات. شێوازی کاری وانە بە کردەوە، ئاسانکردنی بابەتە واتە دەبێت بە جۆرێک بێت فێرخواز هان بدات چالاکانە لە وانەکاندا بەشدار بێت، کاردانەوەی هەبێت بە پرسیارکردن و ڕەخنەگرتن لە ناوەڕۆکی وانە و بابەتەکان، نیشانی بدات و بیسەلمێنێت لە ناوەڕۆکی بابەتەکە گەیشتووە. شائامانجیش دەبێت، گەشەپێدانی داهێنان و ئافراندنی فێرخواز بێت. تا لە کۆتادا توانای هەبێت درێژە بە خوێندن بدات.

لە فێرگەی بنەڕەتیدا 4 شێوازی کاریگەر هەیە بۆ پیادە:

1- وروژاندن، پەرەپێدان و ئاڕاستەکردنی توانای ئافراندن
2- شێوازی گەمە
3- پیادەکردنی پرۆژە - گروپکاری لە پیادەکردنی ئەزموون و پرۆژەکاریدا.
4- کاری سەربەخۆ، تەنها خودی فێرخوازەکە بۆ خۆی و قووڵبوونەوە لە بابەتەکەدا.

1- وروژاندنی توانای ئافراندن: لە پلانی فێرکاریدا دەبێت، گرنگیەکی زۆر بە وروژاندنی توانای ئافراندنی فێرخواز لە گشت ئاستەکاندا بدات. دەبێت بابەتەکانی وانەکان لە گشت ئاستەکاندا بۆ ئاڕاستەکردنی توانای ئافراندنی فێرخواز بێت، بۆ زیاتر گەشەدان بە توانای هونەری فێرخوازان هونەری دراما و شانۆش باشترین هۆکارە بۆ گەشەدان بەو توانایە.

2- گەمە: گەمە (وازی – یاری) گەشە بە خەیاڵ و ئەندێشەی منداڵ دەدات، کۆمەکی دەکات تا زیاتر لە ناوەڕۆکی بابەتەکان بگات. گەمە توانای دانوستاندن دەدات بە منداڵ، فێری ئەوەی دەکات کەرەستەی گەمەکردن لەگەڵ کەسانی دیکە (هاوپۆلەکانی) دا بەش بکات. لەسەر چۆنیەتی بەکارهێنان ڕێک بکەوێت (هونەری ڕێکەوتن). هەروەها لە ڕێگەی گەمەوە منداڵ فێر دەبێت چۆن پەیڕەوی ڕێسا و ڕێبازی یاری بکات، ئەمەش ڕای دەهێنێت لە ئایەندەدا پەیڕەوی یاسا و ڕێسای وەڵات بکات.

لە کاتی گەمەدا، مامۆستا دەبێت، چاودێری فێرخواز بکات و کەسایەتی منداڵ هەڵسەنگێنێت. شێوازی گەمەی منداڵ جۆری کەسایەتیەکەی دەردەخات. جا مامۆستا

دەتوانێت ڕێبازی کارکردن لەگەڵ ئەو منداڵانەدا بە پێی هەڵسوکەوت و کەسایەتیەکەیان هەڵبژێرێت. گەمە بۆ ئاستی پۆلەکانی 1 تا 3 زۆر گرنگە.

3- پرۆژەکاری، پیادەکردن و ئەزموونکاری: پلانی فێرکاری دەبێت، گرنگیەکی زۆر بە ئەزموون و پرۆژەکاریی ناوەڕۆکی وانەکان بدات. دەبێت زۆربەی وانە زانستیەکان لە لابۆردا بەکردەوە نیشانی فێرخواز بدرێت. هەروەها لە ڕێگەی پرۆژەی ئاسان و بچووکەوە فێرخواز زیاتر لە بابەتەکان دەگات و بۆی بەرجەستە دەبن. مەبەست لە پرۆژەی بچووک و کورت، ئەو پرۆژە پەیوەندیدارانەیە بە وانە و بابەتێکەوە وەک، نووسین و ئامادەکردنی ڕاپۆرت لەسەر وانە و بابەتەکە، یاخود بەداواداچوون و تۆژینەوە، یان بە دیتن، واتە سەردان و گەشت بۆ ئەو کارگە، مەڵبەند، کێڵگە و شوێنانەی پەیوەندیان بە ناوەڕۆکی وانە و بابەتێکەوە هەیە.

4- کاری سەربەخۆ (تاکەکەسی) و وردبوونەوە لە بابەتەکەدا: پلانی فێرکاری دەبێت، هێندە سەربەخۆیی بداتە فێرخواز کە بتوانێت تەنها خۆی (بە تەنێ) بە مەبەستی قووڵبوونەوە لە بابەتەکەدا، پرۆژەی زیاتر و کاری زۆرتر بکات. پرۆژەی تاکەکەسی و سەربەخۆ، دەبێت دەربارەی وانەکان و بابەتی دیکەش بێت، وەک بابەتی جڤاکی، هونەری، وەرزشی کۆکردنەوەی زانیاری، دەربارەی بارودۆخی سیاسی و پارتە سیاسییەکان، دادگە و سیستەمی دادپەروەری و...هتد ئەم ڕێبازی کارکردنە زیاتر بۆ ئاستی 7 تا 9 گونجاوە.

## 5) کەرەستەی فێرکاری

- کتێبخانەی ناو فێرگە
- داتاکاری – ئایتی

پلانی فێرکاری دەبێت، زۆر چالاکانە و هەمەلایەنانە گشت کەرەسەکانی پێویست بۆ گەیاندنی مەبەست و ناوەڕۆکی وانە و بابەتەکان بەکاربهێنێت، تا پرۆسەی تێگەیشتن بۆ فێرخواز ئاسان بکات. مەبەستیش لە کەرەستەی فێرکاری کتێب و تێکستی وانەکان، وێنە، فیلم، ڤیدیۆ، سیدی، کتێب، گۆڤار، ڕۆژنامە و هۆکارەکانی ڕوونکردنەوە، وەک نەخشە، سلاید، ڕاستە، پەرگاڵ و هەر بابەتێکی دیکە کە زیاتر کۆمەک بە فێرخواز بکات.

- کتێبخانەی فێرگە: پلانی فێرکاری دەبێت، گرنگیەکی زۆر تایبەت بە کتێبخانەی ناو فێرگە بدات. کتێبخانە دەبێت، مەڵبەندێکی گرنگ بێت بۆ ئاڕاستەکردنی توانای ئافراندنی فێرخواز. دەبێت هێندە سەرچاوەی زانستی و هزری لە کتێبخانەی فێرگەدا هەبێت کە فێرخواز بۆ بە ئەنجام گەیاندنی پرۆژەکانی و زیاتر قووڵبوونەوە لە بابەتی وانەکاندا کەڵکیان لێ وەبگرێت. لە زۆربەی وانەکاندا دەبێت، مامۆستا و فێرخوازەکانی بباتە کتێبخانە، تا خولیای خوێندنەوە لای فێرخوازان بخەملێنێت و دروست بکات. کتێبخانە ڕۆڵی ئاشناکردنی فێرخواز بە فەرهەنگ، ئەدەب، هزر و گۆڕانکارییەکانی جڤاتکەی خۆی و جیهانیش دەبێت.

- داتاکاری – ئایتی: پلانی فێرکاریی هاوچەرخ دەبێت، گرنگیەکی زۆر بەو پێشکەوتنەی بواری داتاکاری (ئایتی - تەکنۆلۆژیی زانیاری) بدات. دەبێت ئەم تەکنۆلۆژییە لە ڕوونکردنەوەی وانە و بابەتەکاندا بەکار بهێنرێت. مەبەست لە ئایتی: کۆمپیوتەر و ئینتەرنێتە، هەروەها بۆ قووڵبونەوەی زیاتر و بە ئەنجام گەیاندنی پرۆژەی پەیوەندیدار بە وانەکانەوە، سایتەکانی ئینتەرنێت کەڵکیان لێ وەربگرێت. داتاکاری دەبێتە بابەتێکی هەرە گرنگی ئاستی کۆتایی: 7 تا 9.

## 6) هەڵسەنگاندن

- هەڵسەنگاندنی فێرخواز - لە لایەن مامۆستاوە، لێپرسینەوەی ڕۆژانە، تاقیکردنەوەی زارەکی
- هەڵسەنگاندنی فێرگە - لە ڕێگەی ڕاپۆرت نووسین لەسەر وانە و بابەتەکان، تاقیکردنەوە بۆ خەملاندنی تێگەیشتنی فێرخواز، نەک بە مەبەستی دەرچوون، بەڵکوو بە مەبەستی هەڵسەنگاندن.
- هەڵسەنگاندن (ڕووپێوکردن): بە گەلێک شێوە دەکرێت، بۆ دڵنیابوون، لە پێکانی ئامانجەکانی پلانی فێرکاری. هەڵسەنگاندن بۆ مەبەستی، باشترکردن و بەرزکردنەوەی ئاستی تێگەیشتنی فێرخواز و بەرزکردنەوەی ئاستی فێرگەیە بە گشتی.
- هەڵسەنگاندن دەبێت، ببێتە ڕێنیشاندەرێک بۆ مامۆستایان تا بە شێوازی گوتنەوەی وانەکان و گەیاندنی زانیاری بە فێرخوازاندا بچنەوە، چارەسەری کەموکوڕی و خاڵە لاوازەکانی بکەن.

### هەڵسەنگاندنی فێرخواز

مەبەستی سەرەکی لە هەڵسەنگاندنی فێرخواز دەرخستنی ئاستی تێگەیشتنیەتی لە ناوەڕۆکی وانە و بابەتەکان و گەشەکردنی ئاستی فێربوونیەتی. هەڵسەنگاندنی فێرخواز لە ڕێگەی ڕاستکردنەوەی ئەو هەڵانەی لە وەڵامەکان یان ڕێنووس و ڕێزماندا کردوونی، فێرخواز هەست بە هەڵە و خاڵە لاوازەکانی خۆی دەکات. هەڵسەنگاندن نەک هەر لە لایەن مامۆستاوە، بەڵکوو لە لایەن خێزانیشەوە لە کاتی کارکردن و یارمەتیدانیان بۆ منداڵەکانیان لە وانە و بابەتەکاندا کارێکی گرنگە و دەبێتە ڕێنیشاندەر بۆ زیاتر فێربوونی فێرخواز.

ئامانج لە هەڵسەنگاندن، ئاشناکردنی فێرخوازە بە تواناکانی خۆی و ئاگادارکردنەوەیەتی لە خاڵە لاوازەکانی لە وانە و بابەتەکاندا. ئەمەش بە مەبەستی زیاتر خستنە گەڕی تواناکانی فێرخوازە. زیاتر ئاشناکردن و ڕاهێنانی فێرخواز بۆ هەست بە لێپرسینەوەکردنە.
هەڵسەنگاندن و ڕووپێوکردن لە ئاستی 4 تا 6 دا بۆ تاکی فێرخواز، بە بێ دانانی نمرە (یان تاقیکردنەوە نەک بە مەبەستی دەرچوون و دەرنەچوون) بەشێکی گرنگە لە پرۆسەی فێرکاری. ئەم کارەش دەبێت، لە لایەن مامۆستاوە پلانی وردی بۆ دابنرێت، واتە لە دوای خوێندن و تەواوکردنی هەرچەند وانە و بابەتێک، هەڵسەنگاندنێکی لەم جۆرە ئەنجام بدرێت، دەبێت فێرخواز بە تەواوی لە کات و جۆر و چەندێتی هەڵسەنگاندنەکە بە نووسراو

ئاگادار کرا بێتەوە. دەبێت خێزانی فێرخوازیش بە نووسراو (لە پلانی هەفتانەدا) ئاگادار بکرێنەوە.

لەم جۆرە هەڵسەنگاندنەدا، توانای تاکەکەسی فێرخواز و ئاستی تێگەیشتنی - هەر ڕێگرێکی جەستەیی و دەروونی گەر هەبن - لە بەر چاو بگیرێت و تێکڕاش کارەکە لە پێکانی سنوورەکانی، ئامانجی سەرەکی پلانی فێرکاریدا بێت.

لە ئاستی 7 تا 9 دا هەڵسەنگان و نمرەوە دەبێت، پەیڕەو بکرێت. بێگومان ئامانجی ئەم هەڵسەنگاندنەش دەبێت، دەرخستنی توانا و ئاستی تێگەیشتنی فێرخواز بێت بۆ وانە و بابەتەکان. نەک دەرچوون و دەرنەچوون. هەڵبەتە گرنگە مامۆستا هەڵسەنگاندنەکانی لە پێشتر واتە لە ئاستی 4 تا 6 ی هەر تاکێکی فێرخواز لە بەرچاو بگرێت.

## هەڵسەنگاندنی فێرگە

ئەم بەشەی هەڵسەنگاندن، پەیوەندی بە فێرگەوە هەیە گەرچی هەڵسەنگاندنەکە لەسەر دەرئەنجامی کۆی ئەو هەڵسەنگاندن و ڕووپێوکردنانەی فێرخواز دەبێت کە لە ئاستە جیاوازەکاندا ئەنجام دەدرێت. کۆی دەرئەنجامەکانی هەڵسەنگاندنی تاکەتاکەی فێرخوازەکان دەبێتە هەڵسەنگاندنێکی گشتی بۆ ئاستی فێرگە. لە دەرئەنجامی ئەو هەڵسەنگاندنانەوە بۆ هەر فێرگە و بەڕێوەبەرایەتی فێرگە و مامۆستاکانیش دەردەکەوێت لە چ ئاستێکدان و تا چەند توانیویانە ئامانجەکانی پلانی فێرکاری بپێکن. لە دەرئەنجامی ئەو هەڵسەنگانانەدا دەردەکەوێت کە ئایا فێرگە پێویست دەکات گۆڕانکاری لە کارە ڕۆتینەکانی خۆیدا بکات؟ (ڕۆتین ئەو کارانەی ڕۆژانە دووبارە دەبنەوە)، ئایا نەخشە و پلانەکانن چ خاڵێکی گەش و پۆزەتیف، یان لاواز و ناکاریگەریان تێدایە؟ لە هەمان کاتیشدا گەیاندنی ڕاپۆرتی گشتی دەربارەی ئەو هەڵسەنگاندنانە بە بەڕێوەبەرایەتیەکانی پەروەردە بە مانای «خود چاودێری» دێت، بە واتەیەکی ڕۆشنتر پێویست ناکات بەڕێوەبەرایەتیەک یان ناونیشانێکی کارکردن بەناوی سەرپەرشتیارییەوە هەبێت بەڵکوو فێرگە خۆی تواناکانی خۆی دیاری دەکات و کار بۆ چاکتر و سەرخستنی شێوازی کاری خۆی دەکات. هاوزەمان ئەو ڕاپۆرتانەی فێرگەکان هەردەم وەک پێداچوونەوە و هەڵسەنگانیش بۆ پلانی فێرکاری کەڵکیان دەبێت.

**بەشی سێەم**

**پلانی وانە**

1- فەلسەفە و دین
2- زمانی کوردی
3- جڤاتناسی (کۆمەڵناسی)
4- وەرزش
5- هونەرکاری
6- سروشتناسی
7- ماڵداری ئابووری
8- ئینگلیزی و زمانی دیکە
9- ژینگە
10- ماتماتیک و ئەندازە

## 1- فەلسەفە و دین

پرسیارە سەرەکی و ئاڵۆزەکانی بوون لە بەرایی مێژووی مرۆڤایەتییەوە، جێی نیگەرانی و سەرنجن، داوای وەڵامی دروست دەکەن. مرۆڤ لە پەیدۆزیی ڕاستیدا پەنای بردۆتە بەر فەلسەفە و دین.

دین بە گشتی پەناگەیەکی ئارامی بۆ مرۆڤ ئافراندووە. لە چێوەی دیندا مرۆڤ پەنا بۆ هێزێکی تەواوکۆ و گشتگیری هەمەتوان دەبات، پابەندی فەرمان و پەیڕەوەی ڕێساکانی دەبێت.

لە پاڵ هزری دیندا، میتۆلۆژی و ئەفسانەش ڕێبازێکی هزریی دیکە بوون مرۆڤ بۆ شرۆڤەی دیاردەی سروشتکرد و مرۆڤکرد پەنای بۆ بەردوون. مێژووی دین و ئەفسانە نێزیکەی هاوتەمەنن.

لە تەک شرۆڤەی دینی بۆ بوون و ژیان، شرۆڤەی فەلسەفیانەش هەیە مرۆڤ لە پەیدۆزیی ماکی بووندا دەیگرێتە. لەم پەیدۆزییەدا باسی ئاکار، دادپەروەری و جوانناسی جێی سەرنجن.

**گرنگی خوێندنی دین و فەلسەفە**

دین و فەلسەفە سەرنجی منداڵ ڕادەکێشن بۆ پەیدۆزیی ڕاستی. توانای بیرکردنەوە سەردەخەن و ئاسۆی هزری بەرفروان دەکەن. زانیاری دەربارەی دین و فەلسەفەوە منداڵ بە بەهای ڕەوایەتی، دادپەروەری، جوانناسی، ڕاستگۆیی، یەکسانی و ڕێز ئاشنا دەکەن.

## زانیاری دەربارەی دینەکانی ناو وەڵات و دینەکانی جیهان

### دینەکانی نێو کوردستان

کوردستان وەڵاتێکی فرەدین و فرەمەزهەبە، زۆرینەی موسڵمانە - بە چەند ڕێچکەیەکەوە - و لە پەنا ئیسلامیشدا، مەسیحایەتی، جوولەکایەتی و هەروەها دینی دیکەی دێرینی کوردستان وەک ئێزدی، کاکەیی و هتد پێگەیان هەیە. خوێندنی بنەڕەتی دەبێ زانیاری گشتی دەربارەی دین، مەزهەب و ڕێچکەی دینیی هەمەجۆر بداتە فێرخوازان.

لە خوێندنی بنەڕەتی – لەگەڵ هەڵکشانی تەمەندا زانیاریی تەواو دەربارەی دین دەدرێت بە منداڵ:

- پەیامی ئیسلام
- سوننە و مەزهەبەکانی: حەنەفی، شافعی، حەنبەلی و مالیکی و هەروەها وەهابی
- شیعە کە پاش سوننە گەورەترین بەشی ئیسلامە،
- قورئان و فەرموودەکان، شەریعەت و مێژووی ئیسلام.
- تەریقەتی ئیسلامی لە کوردستاندا: قادری و نەقشبەندی
- مەسیحایەتی
- جوولەکایەتی
- دینی دێرینی کوردەواری: مێترایی و زەردەشتی، ئێزدی و کاکەیی
- پەرستگە و مەزاری دینیی هەمەجۆر

## دینەکانی جیهان

لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا، هاتوچۆ و سەفەرکردن بۆ وەڵاتانی دیکە کارێکی ئاسانە، تێکەڵاوی مرۆڤەکان لە گشت زمان و نەتەوە و دینێک، لە چاو ڕابووردودا زۆر زۆرترە. کوردستانیش وەک بەشێکی دانەبڕاو لە جیهان، بەهۆی گۆڕانکاری و پێشڤەچوونی پاش ساڵی 2003 پەیوەندییەکی زۆر بەرچاوی لەگەڵ جیهاندا پەیدا کرد، هەر بۆ نموونە دوو فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی لە کوردستاندا، لە هەولێر و سلێمانی، کرانەوە و ڕۆژانە بە دەیان گەشتیاری دونیا دێنە کوردستان. ئەم کەسانە دین و بڕوای جۆراوجۆریان هەیە. بۆیە زۆر گرنگە زانیاری دەربارەی دینەکانی جیهان و بیروباوەڕە جۆراوجۆرەکان لە خوێندنی بنەڕەتیدا بدرێتە فێرخواز.

جگە لە سێ دینە ئیبراهیمیکەی جوولەکایەتی، مەسیحایەتی و ئیسلام، دینی دیکەی جیهانی زۆرن بۆ نموونە هیندۆس، بودیزم، ڤۆدۆ، کۆنفۆشیزم و تاو. مرۆڤ دەبێ زانیاری دەربارەیان هەبێت.

## ئامانجەکانی خوێندنی وانەی دین و فەلسەفە

- ئاشنابوونە بە دین و بیروباوەڕەکانی ناوخۆی وەڵات و جیهان.
- ئاشنابوونە بە بەهای سەرەکیی دین، وەک ڕەوایەتی، دادپەروەری، یەکسانیی نێوان مرۆڤایەتی.
- ئاشنابوونە بە شێوازی بیرکردنەوە لە بوون و ژیاندا.

## بابەتی دین بۆ ئاستی 1 تا 3

- جەژن و ڕۆژە گرنگەکان دینی
- زانیاری دەربارەی دین «مانا و مەبەست»
- زانیاری دەربارەی کتێبی پیرۆزی دینی
- زانیاری دەربارەی ڕەوا و ناڕەوا لە دیندا

## بابەتی دین بۆ ئاستی 4 تا 6

- داستان، چیرۆک و بەسەرهاتە دینییەکان
- پەیوەندی ئیسلام بە دینەکانی دیکەوە
- مەزهەبە جوداکانی ئیسلام (سوننە و شیعە)
- دینەکانی دیکەی کوردستان
- دینەکانی جیهان بەگشتی.

## بابەتی دین بۆ ئاستی 7 تا 9

- مێژووی دینەکانی کوردستان بەکورتی
- جیاوازی نێوان مەزهەبەکان، شیعە و سونە و وەهابی.
- دینی دێرینی کوردستان: ئێزدی، کاکەیی، حەقە.
- تەریقەتەکانی ناو کوردستان، قادری، نەقشبەندی و سۆفی.
- دینەکانی جیهان، ناوی کتێبە پیرۆزەکانیان.
- باوەڕەکانی جیهان، ناوی ڕێبەر و پێشەواکانیان.

**ئامانج لە خوێندنی فەلسەفە**

- ئاشناکردنی منداڵ بە بیرکردنەوە و ڕامان
- ئاشناکردنیان بە بیر و هزری جۆراوجۆر
- ڕامان لە بوون و ژیان
- تێگەیشتن لە پەیوەندییە مرۆڤایەتییەکان.

**بابەتەکانی فەلسەفە**

- ڕامان و هزر
- پەیوەندیی مرۆڤایەتی: دادپەروەری، ڕەوایەتی و یەکسانی
- جوانناسی.

**بابەتی فەلسەفە بۆ ئاستی 1 تا 3**

- بە تایبەتی لە پۆلی 3 دا پرسیارە سادە و ساکارەکانی فەلسەفە
- خۆناسین «بۆ نموونە تۆ کێیت؟» بیرکردنەوە لە خودی خۆت.
- کەسانی دیکە «کێت خۆشدەوێت؟» بیرکردنەوە لە کەسانی دەوروبەر.

**بابەتی فەلسەفە بۆ ئاستی 4 تا 6**

- پەیوەندیی مرۆڤایەتی، دادپەروەری، ڕەوایەتی، یەکسانی.
- پەیوەندی خود بە تاکێکی دیکەوە.
- هزرە سەرەتاییەکانی «بوون»

**بابەتەکانی فەلسەفە بۆ ئاستی 7 تا 9**

- تێگەیشتن لە ئازادی

- ناسینی ڕێبازەکانی فەلسەفە
- ڕامان و بیرکردنەوە
- گرێدانی هزری فەلسەفی بە ژیانی ڕۆژانەوە.
- بینینی بابەتەکان لە ڕەهەندی جیاوازەوە.
- فێربوونی دیالۆگ
- بەڵگە هێنانەوە و سەلماندنی بیروبۆچوون
- تێگەیشتنی لە بەها و نۆرم
- ئەرک و ماف

**بەکورتی**

ئامانج لە خوێندنی فەلسەفە و دین، ئاشناکردنی فێرخوازە بە ڕەهەندەکانی بیرکردنەوە و دونیابینی. تێگەیشتنە لە هۆی شەیدابوونی مرۆڤ، بەدوای نهێنیەکانی بوون و ژیاندا. ئاشناکردنی فێرخوازە بە ڕەوشت و پەیوەندیی مرۆڤایەتیی وەک دادپەروەری، ڕەوایەتی، یەکسانی و ڕاستگۆیی، هەروەها پەروەردەکردنی هەستی جوانناسی.

## 2- زمانی کوردی

### ڕێزمان و ئەدەب

زمانی کوردی، زمانی میللەتێکی گەورەی ڕۆژهەڵاتە و یەکێکە لە زمانە ئێرانیەکان، ئەویش لە زمانە هیند و ئەورووپایەکانە. زمانی کوردیش وەک زۆربەی زمانەکانی دیکەی دونیا لەگەڵ ڕەوتی مێژوودا گەشەی کردووە و شابەرهەمی وەک «مەم و زین» ی ئەحمەدی خانی بەرهەم هێناوە. لە باشووری کوردستان لە زەمانی میرنیشینی بابانەوە زمانی کوردی بووەتە زمانی ئەدەب و حوکومڕانی.

### ئامانج لە خوێندنی زمانی کوردی

زمانی کوردی، زمانی فەرمیی کوردستانە، بۆیە دەبێت لە گشت ئاستێکدا - بە تایبەتی خوێندنی بنەڕەتی، زمانی کوردی بە ڕێزمان و ئەدەبەوە بخوێندرێت.

### ئامانجە گشتییەکان لە خوێندنی زمانی کوردی

ئامانج لە خوێندنی زمانی کوردی، پەرەپێدانی توانای ئاخافتن، خوێندنەوە و نووسینی فێرخوازە. لە 9 ساڵی خوێندنی بنەڕەتیدا دەبێت هێندە زانیاری دەربارەی ڕێزمان و ڕێنووسی کوردی، وشە و چەمک، فێری فێرخواز بکرێت کە بتوانێت بە تەواوی ڕا و بۆچوون و تێگەیشتنی خۆی چ لە وانەکان، چ لە بابەتەکانی دیکە بەگشتی، بە ئاخافتن و بە نووسین دەرببڕێت. پەیوەندییەکی پتەو لە نێوان هزر و زماندا هەیە و زۆر گرنگە لە خوێندنی بنەڕەتیدا فێرخواز هێندە توانا لە زمانی کوردیدا پەیدا بکات کە بتوانێت بیرکردنەوە و بۆچوونە هزرییەکانی لە فۆرمی تێکستدا بە نووسین دەرببڕێت. لەو ڕێگەیەوە پەیوەندیە مرۆڤایەتییەکانی لە نێو جڤاتدا پتەوتر بکات.

### ئامانجی تایبەتی لە خوێندنی زمانی کوردی

ئامانجی تایبەتی لە خوێندنی زمانی کوردی، گەشە و بەردەوامیی زمان و فەرهەنگی میللیمانە. سەرخستنی زمانی کوردییە و گەیاندنیەتی بە نەوەی داهاتوو. پەیدۆزییە لە ئەدەبی کوردستاندا و دەوڵەمەندکردنیەتی بە هونەرکاریی نوێ. پتەوکردنی ڕایەڵی پەیوەندیی فێرخوازە هەم بە پاشخانی فەرهەنگیی مێژووکردی کوردستانەوە، هەم بە جڤاتی دەوروبەری خۆی و گوزەرانی ڕۆژانەیەوە.

## شێوازی کارکردن لە وانەی زمانی کوردیدا

زمانی کوردی لە دوو بەشی سەرەکی، ڕێزمان و ئەدەب پێک دێت. دەبێت فێرخواز بە پیتەکانی ئەلفوبێی کوردی ئاشنا بێت، فێری دەربڕینی دەنگەکان بێت، جیاوازی لە نێوان بزوێن و نەبزوێنەکان بکات. هەروەها جیاوازی لە نێوان دەنگ و پیتی گران و ئاساندا، وەک ڕ/ ر، ڵ/ ل ئەوانی دیکەدا بکات.

دەبێت بە ڕێساکانی ڕێزمانی کوردی ئاشنا بکرێت و لە ڕێگەی ئەدەبی کوردیشەوە دەقی نووسراو بناسێت. لە میانەی خوێندنی مێژووی ئەدەبی کوردی بە گۆڕانکارییەکانی نێو کۆمەڵ و شێوازی بیرکردنەوە و ئاستی فەرهەنگی میللیمان ئاشنا بێت. خوێندنی زمان و ئەدەبی کوردی بۆ ڕاهێزانی توانا دەربڕینە، چ بە ئاخافتن و چ بە نووسین.

**بابەتەکانی خوێندنی زمانی کوردی لە ئاستی جیاوزدا**

زمان لە هەر سێ ئاستی بنەڕەتیدا بە چوار شێواز دەگوترێتەوە:

1) **بیستن و ئاخافتن:** شێوازی بیستن و ئاخافتن کاریگەرترین شێوازە بۆ فێربوونی زمان لە گشت ئاستەکاندا، بە تایبەتی لە ئاستی سەرەتاییدا، ئاستی 1 تا 3 لە ڕێگەی بیستنەوە گوێ بە پەیڤ و دەنگەکان ئاشنا دەبێت و لە مێشکدا دەچەسپن. لە ڕێگەی ئاخافتنەوە ڕاهێنان بە زمان دەکرێت تا بتوانیت پەیڤ و دەنگەکان دووبارە بکاتەوە (لاساییکردنەوە). دەبێت، مامۆستا تێکست بۆ فێرخوازان بخوێنێتەوە، دەنگەکان بە ڕەوانی دەرببڕێت. لەگەڵ ڕووداوەکانی ناو دەقەکاندا دەنگی خۆی بگۆڕێت، لەگەڵ هەر خاڵ و کۆمایەکدا هەناسەکان بەش بکات (وچان).

2) **خوێندنەوە و نووسین:** لە شێوازی خوێندنەوە و نووسیندا، دەبێت لە پێشدا منداڵ بتوانێت فێری خوێندنەوە بێت، واتە پیتەکان بە بینین — یان بە دەست وەک سیسەتمی برایل بۆ کەسانی نابینا - دەرک بکات و بە دەنگیش — یان بە ئاماژە - دەریان ببڕێت. واتە بتوانێت پیتەکان بە دەنگ - یان بە ئاماژە - بەرجەستە بکات.

3) **ڕێزمان:** گەرچی هەر لە سەرەتاوە دەبێت، زانیاری زۆر سادە دەربارەی ڕێزمان بدرێت بە فێرخواز. بەڵام لە ئاستی 4 تا 6 دا دەبێت، فێرخواز بەشە سەرەکی و سادەکانی ڕێزمان وەک وشە و ڕستە، کردار، بکەر و بەرکار، ئاوەڵناو، ئاوەڵکردار و ئامرازەکانی پەیوەندی و... هتد ئاشنا بکرێت.

4) **ئەدەب و فەرهەنگ:** خوێندن و ئاشنا بوونی فێرخواز بە ئەدەبی نەتەوە، دەبێتە هۆی پتەوکردن و پەیوەست بوونی پەیوەندی (ڕۆحی) گیانی، بە نەتەوە و نیشتمانەوە. هەروەها دەبێتە بنەمای تێگەیشتنی فێرخواز لە دنیابینی و هزری و مێژووی نەتەوەکەی، دیسان هەر لە ڕێگەی ئەدەبەوە فێرخواز پەی بە فەرهەنگ و پەیوەندیی جڤاکی دەبات. بابەتی فەرهەنگیی وەک داستان، ئەفسانە، چیرۆک، پەندی پێشینان و گۆرانی فۆلکلۆری، بابەتگەلێکی بەپێزن بۆ فێربوونی زمان لە خوێندنی بنەڕەتیدا. زیاتر قووڵبوونەوە لە بابەتە ئەدەبییەکانی پەیوەندیدار بە مێژوو، سیاسەت و کێشە جڤاکییەکان، لە ئاستی 7 تا 9 دا زۆر گرنگە.

**بابەتەکانی وانەی کوردی بۆ ئاستی 1 تا 3**

- دەبێت منداڵ پیتەکان بناسێت «ئەلفوبێ»
- دەبێت منداڵ، دەنگی پیتەکان فێر بێت «دەنگەکان»
- لاسایکردنەوە، گوتنەوەی پیتەکان
- گوێگرتن و بیستنی چیرۆکی فۆلکلۆری، داستان و ئەفسانەی سادە و خۆشیهێن.
- گەمە و گۆرانی فۆلکلۆری بۆ منداڵ،
- فێربوونی نووسینی سادە لە کۆتای ئاستەکەدا.

## بابەتەکانی وانەی کوردی بۆ ئاستی 4 تا 6

- نووسین و خوێندنەوە
- سەرەتا سادە و بنەڕەتیەکانی ڕێزمان
- تێکست و شیعری منداڵان (ئەوانەی بۆ منداڵ نووسراون)
- خوێندنەوەی کتێبی منداڵان (بابەتی دەرەکی) لە پاڵ کتێبی بڕیاردراوی وانەکەدا
- گێڕانەوە/ باسکردنی تێکست و ناوەڕۆکی وانەکان (بە ئاخافتن/ زارەکی)
- ئامادەکردن و نووسینی تێکستی کورت «داڕشتن»

## بابەتەکانی وانەی کوردی بۆ ئاستی 7 تا 9

- قووڵبوونەوە لە خوێندنەوە و نووسیندا.
- قووڵبوونەوە لە بابەتەکانی ڕێزماندا بەگشتی.
- خوێندنەوەی تێکستی ئەدەبی سەنگین.
- خوێندنەوەی ئەدەبی کلاسیکی کوردی.
- خوێندنی زاراوە ئەدەبیەکانی دیکە، وەک ڕۆمان، چیرۆک، پەخشان و پەندی پێشینان.
- خوێندنی مێژووی ڕۆژنامە و ڕۆژنامەوانی کوردی.
- ئامادەکردنی ڕاپۆرت و پەخشان و داڕشتن لەسەر ئەدەبی کوردی.
- مێژووی زمانی کوردی، پەیوەستی مێژوویی لەگەڵ زمانەکانی دیکە، هیندوئەورووپایی و زمانە ئێرانیەکاندا.
- ئاشنابوون بە دیالێکتەکانی زمانی کوردی.

### بە کورتی

ئاشناکردنی فێرخواز، بە ڕێزمان و ساختاری زمان و هەروەها بە ئەدەبی کوردی، لە خوێندنی بنەڕەتیدا، ئەرکی فێرگە و پلانی فێرکارییە. فێرخواز لە کۆتای خوێندنی بنەڕەتیدا دەبێت هێندە توانا و شارەزایی لە زمانی کوردیدا هەبێت لە تێکست و چیرۆک، ڕۆمان، شیعر، پەخشان و ڕۆژنامە و گۆڤارەکان تێبگات و بتوانێت چ بە گوتن و چ بە نووسین بۆچوونەکانی، هەست و هزر و بیرکردنەوە خۆی دەرببڕێت. هێندەش پاشخان و بنەمای زمانیی هەبێت تا بتوانێت درێژە بە خوێندنی ئامادەیی بدات.

## 3- جڤاتناسی

### ئامانجی وانەی جڤاتناسی

بابەتی جڤاتناسی (کۆمەڵناسی) وانەیەکی سەرەکییە، پلانی فێرکاری دەبێت گرنگی زۆر تایبەت بەم وانەیە بدات. فێرخواز وەک ئەندامێکی کۆمەڵ، چۆن مافی هەیە، ئەرکیشی لەسەر شانە. لە وانەی جڤاتناسیدا دەبێت فێرخواز شارەزای هەم ئەرک و هەم مافی خۆی (مرۆڤ) بێت. منداڵ دەبێت، لە خوێندنی بنەڕەتیدا هێندە زانیاری گشتی دەربارەی کۆمەڵەکەی خۆی، پەیوەندیی جڤاکی و مرۆڤایەتییەکان وەربگرێت تا پاش خوێندنی بنەڕەتی وەک وەڵاتیەک ئەرک و مافەکانی خۆی بەرانبەر کۆمەڵ و نیشتمان بزانێت.

خوێندنی بنەڕەتی دەبێت هێندە زانیاری، دەربارەی مافەکانی مرۆڤ و مافی وەڵاتیبوونی سیستەم و جڤاتی دێمۆکرات بدات منداڵ، تا بۆ وەڵاتیبوون ئامادە بێت و ئاشنای ئەرک و مافەکانی خۆی بێت.

هەرسێ کوچکەی ژینگەناسی (ئێکۆلۆژی)، ئابوورناسی، تەکنەلۆژی. کاریگەریی زۆریان لەسەر بونیادی جڤات و پەیوەندیی جڤاکی هەیە، بۆیە گرنگە بنەمای زانستیی ئەم سێ کوچکەیە، لە وانەی جڤاتناسیدا ڕەنگ بداتەوە.

### ئامانجی گشتی لە خوێندنی جڤاتناسی

- ئاشناکردنی فێرخوازە هەم بە جڤاتی خۆی و هەم بە جڤاتی جیهانی.
- فێرخواز دەبێت کەسێک بێت پرسیاری ڕەخنەگرانەی بەرانبەر پەیوەندیی جڤاکی هەبێت و ئامادەی هەڵسەنگاندن بێت. لە ڕێگەی وانەی جڤاتناسیەوە، دەبێت فێرخواز توانای دەرککردنی پەیوەندیی جڤاکی و هەڵسەنگاندنی ڕەخنەگرانەی هەبێت. لە کۆتاشدا بتوانێت لە پەیوەندیە ئابووری و ڕامیارییەکان بگات و ڕاڤەیان بکات.

## ئامانجی تایبەتی لە خوێندنی جڤاتناسی

- ئاشناکردنی فێرخوازە بە جڤات و پەیوەندیی جڤاکیی هەم ئێستا و هەم ڕابوردوو.
- ئاشناکردنی منداڵە بە سروشتی و جیۆگرافیای وەڵاتەکەی خۆی و جیهان.
- ئاشناکردنی فێرخوازە بە مێژووی نەتەوە و جیهان.
- ئامادەکردنی فێرخوازە بۆ تێگەیشتن لە پەیوەندیی ئابووری و ڕامیاری.
- واڵاکردنی دەروازەی زانیارییە بەڕووی فێرخوازدا، تا بتوانێت لە ئایەندەدا لەو بابەتانە قووڵبێتەوە.
- بار هێنانی منداڵە بە بەهای دیمۆکراتی و ڕێساگەلی جڤاکی.
- ئاشنابوون و ناسینی فەرهەنگ، پەیوەندی جڤاکی و مێژووی گەلانی دیکەیە (گەلانی دەراوسێ و جیهان بەگشتی).

## شێوازی داڕشتنی بابەتەکانی وانەی جڤاتناسی

جڤاتناسی لە سێ بابەتی سەرەکی پێک دێت، جیۆگرافیا، مێژوو، جڤاتناسی. ئەم بابەتانە لە ئاستی 1 تا 3 دا تێکەڵاو دەکرێن و لە ئاستی 4 تا 6 دا لە یەک جودا دەکرێنەوە.

لە ئاستی 7 تا 9 دا بابەتەکان دەچنە ئاستێکی سەختتر و بەرینتر. گشت بابەتەکانی مافی مرۆڤ، ئەرکەکانی وەڵاتی بوون، پەیوەندیی جڤاکی و مێژووییەکان، بابەتی گرنگی مێژوو و هەروەها جیۆگرافیای وەڵات دەگرێتەوە.

## وانەی جڤاتناسی بۆ ئاستی 1 تا 3

لەم ئاستەدا، بابەتەکان بە یەکەوە لە باسی جڤاتناسیدا دەخوێندرێن. ناوی کوردستان، ڕەنگی ئاڵا، نەخشەی کوردستان و ناوی شارەکان، ناوی ڕووبار و چیا، ناوی وەڵاتانی دەراوسێ، ژمارە و ناوی وەرز و مانگ، هەفتە و ڕۆژی ساڵ. کەش و هەوای کوردستان.

لە جڤاتناسیدا، وێنەی پۆشاکی کوردیی گشت ناوچەکان. سەردانی مۆزەخانەی «ئیتنۆگرافی» بۆ دیتنی کەلوپەلی کۆن و نوێی ناوماڵ. باسی پێکهاتەی خێزان و خزمایەتی: ناوی خزمان لە دایکەوە و خزمان لە باوکەوە. نیشانی وێنەی کۆنی شارەکان، کەسانی ناوداری سیاسی، ناساندنی حکوومەت و بەڕێوەبەرایەتی شارەکان «ئوستانداری-

پارێزگەکان»، بەڕێوەبەرایەتی شارۆچکە و شارەدێ (قەزا و ناحیە). دەستەڵات و کارەکانی سەرۆکی کوردستان، سەرۆکی حکوومەت، سەرۆکی پەرلەمان، ئوستاندار، شاردار... ناساندنی کاری پۆلیس و دادگە، پێشمەرگە. تیپەکانی ئاگر کوژاندنەوە، دوکتۆر و گشت پیشەکانی دیکە.

لە بەشی مێژوودا، ناساندنی ئیمپراتۆریەتی ماد، دینی مێترا، زەردەشتی و دینەکانی دیکە (وەک مێژوو نەک دین چونکە ئەویان لە وانەی دیندا دێتە بەرباس)، جەژنی نەورۆز، میرنیشینەکان، کۆماری کوردستان لە مەهاباد 1946، بەیانی 11ی مارس، ئەنفال و ڕاپەڕین.

### بابەتەکانی خوێندن بۆ ئاستی 4 تا 6

- جیۆگرافیا: خوێندنی جیۆگرافیای کوردستان، باشووری کوردستان و گشت کوردستان. خوێندنی جیۆگرافیای وەڵاتانی دەراوسێ (عێراق، ئێران، تورکیا و سوریا) خوێندنی جیۆگرافیای ڕۆژهەڵاتی ناڤین. ناوی وەڵاتەکان، کەش و هەوایان. کیشوەرەکان (پێنج کیشوەرەکە).
- مێژوو: خوێندنی مێژووی کورد، لە مادەکانەوە تا میرنشینی بابان. خوێندنی مێژووی ڕۆژهەڵاتی ناڤین. (بەشێوەیەکی گشتی) فیرعەونەکان، بابل و سۆمەر، فارسەکان، عەرەب و ئیسلام، ڕۆمان و هاتنیان بۆ ڕۆژهەڵات و بەتایبەتی بۆ کوردستان. تورکە مەغۆلەکان، تورکی عوسمانی تا دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق.
- جڤاتناسی: سەرەتا و مێژووی پەیدابوونی خێزان و پێکهێنانی خێزان، پێکهاتنی گەل و نەتەوە. پەیدابوونی کشتوکاڵ، دواتر پەیدابوونی شار «شارستانەتی» بەهۆی کشتوکاڵەوە «دێی چەرموو، وەک یەکەم دێی کشتوکاڵی ڕۆژهەڵاتی ناڤین» شانەدەر و هەزارمێرد، وەک یەکەم کۆبوونەوەی خەڵک «جڤاتی سەرەتایی». پەیوەندی جڤاکیی کوردستان، خێڵ، و کۆچەر، پەیوەندی جڤاکییەکانی گەلانی نێوخۆ و دەراوسێ، کورد، فارس و عەرەب، تورک و تورکەمەن، ئازەر و ئەرمەن، کلدوئاشوور و... هتد.

## بابەتەکانی خوێندن بۆن ئاستی 7 تا 9

جیۆگرافیا: جیۆگرافیای کوردستان، بە درێژی، جیۆگرافیای ئابووری و دانیشتوان، بەرهەمی کشتوکاڵ لە کوردستاندا. سەرچاوەکانی ئاو و وزە، نەوت و گاز. تیۆری دابەشبوون و لێکترازانی کیشوەرەکان. تیۆری «بیگبانگ» (تەقینەوەی مەزن). دروست بوونی گەردوون. جیۆگرافیای سروشتی و ئابووری و دانیشتوانی وەڵاتانی دەراوسێی کوردستان. وەڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناڤین و وەڵاتانی جیهان بەکورتی. ناوی زەریا و ئۆقیانوسەکان.

مێژوو: قووڵبوونەوە لە مێژووی کۆن و نوێی کوردستان. مادەکان، ئەشکانی، ئۆراتۆ، لۆلۆ، گۆتی، ئاکادی، مێژووی مێترایی و زەردەشتی، هەر سێ دینی ئیبراهیمی: جوولەکایەتی، مەسیحایەتی و ئیسلام، مێژووی ئەورووپا، یۆنان و ڕۆمان، ڕێنێنانس، شۆڕشی فەرەنسا، پیشەسازی، جەنگی یەکەم، شۆڕشی سۆڤیەت/ ڕووسیا، جەنگی دووەم، جەنگەکانی عارەب و ئیسرائیل، جەنگی عێراق و ئێران، جەنگی بەڵکان، جەنگەکانی ئەفریقا، جەنگی کۆریا و ڤیەتنام، جەنگی کوەیت، هێرشی ئەمریکا بۆ سەر عێراق.

شەڕی چاڵدێران و دابەشکردنی کوردستان، میرنشینەکانی کوردستان، شەڕی جیهانیی یەکەم و دروستکردنی دەوڵەتی ناسیۆنال، پەیمانی سیڤەر و لۆزان، بەرتەکی کوردستان: شۆڕشی شێخ سەعید، حکوومەتی شێخ مەحموود، کۆماری کوردستان. مێژووی کۆمەڵە و پارتە سیاسییەکانی کوردستان. شەڕی عیراق بەرانبەر کوردستان 1961 تا 1974، پەیمانی جەزائیر، ئەنفال، کیمیابارانی کوردستان، ڕاپەڕین، هەڵبژاردن و پەرلەمان، حکوومەتی کوردستان.

جڤاتناسی: یوئێن، UN، یونسکۆ، خوێندنی زانیاری دەربارەی ڕێکخراوە جیهانیەکان، سەرەتای دامەزراندنی کۆمەڵەی گەلان، ئەمنستی ئینتەرناشناڵ، خاچی سوور، یەکێتی ئەورووپا، ئۆپیک، فاو، ڕێکخراوی ساخلەمیی جیهانی، UNHCR، لیژنەی ئۆڵەمپی جیهان، کۆنگرەی ئیسلامی، کۆمکاری عارەبی، ناتۆ، بانگی نێودەوڵەتی، ڕێکخراوی چاودێری ئەتۆمی جیهانی، W.W.F، ئامانجەکانی هەزارەی سێیەم MDG، جاڕنامەی مافی مرۆڤ، مافنامەی زاڕۆکان، ڕۆژەڤی21، مافنامەی خانمان و هتد.

ڕۆژە جیهانییەکان، وەک ڕۆژی کتێب، ڕۆژی منداڵان، ڕۆژی دایک، ڕۆژی دامەزراندنی یوئێن، ڕۆژی ئایدز، ڕۆژی شێرپەنجە، ڕۆژی خۆشەویستی، قووڵبوونەوە لە پەیوەندیی جڤاکی و ئابووریی هەم کوردستان و هەم مرۆڤایەتی بەگشتی. سیستەمی جڤاکیی جۆراوجۆری

جیهان: گوزەرانی ساکار و گەڕان بە دوای خۆراکدا، شوانکارە، کشتوکاڵ، پیشەسازی و جڤاتی زانیار – داتاکاری و دانوستان.

پێناسەی ئایدیۆلۆژی، فاشیزم و نازیزم، سۆسیالیزم و کۆمۆنیزم، لیبرالیزم و کۆنەوارەتی (کۆنسێرڤاتیزم)، دین، پارتی سیاسی، ڕێکخراوی مەدەنی، سانديکا- نەقابە، تاک و کۆ – تاکگەرایی و کۆگەرایی Individualism - Collectivism، وەڵاتی، شێوازی دروستکردن و پێکهێنانی ڕیکخراوی مەدەنی. مێژووی پارتە سیاسییەکانی کوردستان، هەر لە کۆمەڵەی خۆیبوون، ئیتحادی تەرەقی، هیوا، ژێکاف، تا گشت قەوارە و پارتە سیاسییەکانی هەڵبژاردنی پەرلەمان لە 2009 دا.

**بەکورتی**

لە وانەی جڤاتناسیدا، بە هەر سێ بەشەکەیەوە، دەبێت منداڵ بە جیۆگرافیا، مێژوو، پەیوەندیی جڤاکیی کوردستان و جیهان ئاشنا بێت. بە مەبەستی خۆناسین و دۆزینەوەی ڕۆڵی خۆی لە ئایەندەدا. هەستکردن بە بەرپرسایەتی.

## 4- وەرزش

چەند بگەڕێینەوە بۆ مێژووی مرۆڤایەتی، بۆ پەیداکردنی بژێوی ڕۆژانە، مرۆڤ هەردەم لە جووڵەدا بووە. دواتر، کە مرۆڤ لە کۆکەرەوە (کۆکردنەوە و هەڵگرتنەوەی میوە و بەری درەخت) پێی ناوەتە ڕاوکردن، دیسان وەرزش و جووڵە زۆرتر بووە. لە قۆناخی کشتوکاڵ و ئاژەڵداریدا، هەردەم لە چالاکیدا بووە. لەگەڵ بنیاتنانی شارستانیەتی و لەشکرداریدا مەشق بۆتە بەشێکی ژیانی شاردەوڵەت و جڤاتکان. کاتێک شار و شاردەوڵەت و ئیمپراتۆرەکان پەرەیان سەند، پاشا و میرەکان لە دووی خۆشگوزەرانی دەگەڕان، وەرزشیان بۆ سەگەرمی بەکار هێنا.

لە یۆناندا گشت خواوەندەکان خاوەن لەشێکی بێگەرد و تەواوکۆبوون. وەرزش بەشێک بوو لە پەروەردە و فێرکاری، پلاتۆن (ئەفلاتۆن) وەرزش و مەشقی بە بەشێکی گرنگی سیستەمی فێرکاری داناوە و لە دیالۆگی- کتێبی «کۆمار» دا، باسی لەو بابەتە کردووە. دواتر لای ڕۆمانەکان، وەرزش وەک سەرگەرمی بووە بەشێک لە فەرهەنگیان.

گەر بگەڕێینەوە بۆ ژیار (شارستانەتی) ی دیکەی ڕۆژهەڵات، ماد، سۆمەر، بابل، پارس و فیرعەونەکان، لە گشتیاندا لەشی مرۆڤ وەک پەیکەرێکی بێ کەموکووڕی نیشاندراوە و ئەوپەڕی هونەر لە دەرخستنی وردەکاریەکانی لەشدا (ژن و پیاو) نیشاندراوە. لەسەردەمی ڕێنەسانسدا، بە تابلۆ بە و پەیکەر دیسان لەش وەک بابەتێکی بێگەرد نیشاندراوە.

لەگەڵ پەرەسەندنی سەرمایەداریدا، لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە لەشی مرۆڤ، لەشی بێگەرد، وەک بابەتی ڕێکلام بەکار هاتووە. نێزیکەی دوو سەدساڵێکیشە، لەسەر ئاستێکی جیهانی پێشبڕکێی ئۆلۆمپیاد ڕێک دەخرێ - میراتێکی یۆنانی 2500 ساڵەیە لە چیای ئۆلۆمپیادی یۆنان ڕێکخراوە.

لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە گەلێک جۆری دیکەی وەرزش لەسەر ئاستی جیهانی پێشبڕکێی بۆ ساز کراوە.

## گرنگیی وانەی وەرزش

لە ڕۆژگاری ئەمرۆدا، بەهۆی پێشکەوتنی تەکنەلۆژی و ئامێری گواستنەوە، بەتایبەتی ئۆتۆمۆبیل جوولەی مرۆڤ کەم بۆتەوە، هەروەها بەهۆی تەماشاکردنی تەلەڤیزیۆن و کۆمپیوتەر و گەمەی ئەلەکترۆنییەوە، چالاکی و جوولەی منداڵ زۆر کەم بۆتەوە، بۆیە زۆر گرنگە وەرزش ببێتە بەشێکی گرنگی پلانی فێرکاری.

پلانی فێرکاری دەبێت بەشێوەیەکی زانستی و گونجاو چالاکی بەپێی پۆلەکان و تەمەنی منداڵ دابنێت، لە ساڵەکانی سەرەتادا – پۆلی 1 تا 3 – وەرزش وانەیەکی ڕۆژانەیە. دەشێ گەشت لە پۆلی 1 دا جێی وانەی وەرزش بگرێتەوە. وەک لە دابەشکردنی سەعاتی وانەکاندا دەستنیشانمان کرد، لە پۆلی 1 تا 3 دەبێت 50% ی سەعاتەکانی خوێندن لە شێوەی وەرزش، گەمە و ئەزموونکردنی بابەتەکانی فێرکاری بێت. زۆر گرنگە هەر فێرگەیەک هۆڵی داخراوی هەبێت بۆ وەرزش.

## بابەتەکانی وانەی وەزش بۆ ئاستی 1 تا 3

لەم ئاستەدا وەرزش بۆ گەشەی منداڵ زۆر گرنگە. منداڵ لەم قۆناخی تەمەندا وزەی زۆرە، دەبێت ئەو وزەیە لە لەشیدا خاڵی بکرێتەوە، بۆیە وەرزش دەبێت بەشێکی گرنگی پرۆسەی فێرکاری بێت.

لە پۆلی یەکەمدا، دەبێت يارييە فۆلکلۆرییەکان وەک پەتپەتێن و خەتخەتێن، چاوشارکێ و هەنگەشەلێ، لە وانەی وەرزشدا ئەنجام بدرێن. گەمەی میللی جگە لە جووڵە، خاوەن گوتارن - تێکستی يارییەکان - جگە لە چالاکی لەش توانای زمان و ئاخافتنی منداڵیش بەهێز دەکەن.

لە پۆلی دووەمدا، دەکرێت ئەو گەمە و وەرزشانەی تۆپیان تێدا بەکار دێت، لە وانەی وەرزشدا پەیڕەو بکرێت، بە تایبەتی تۆپی پێ و هەندێ یاری دیکە، کە بە تۆپی نەرم(تۆپی پەڕۆ) دەکرێن، بێتە وانەکەوە.

لە پۆلی سێیەمدا، دەکرێت منداڵ «نەرمش / مەشقی سوێدی» بکەن.

## وانەی وەرزش بۆ ئاستی 4 تا 6

لەم ئاستەدا، توانای لەشی منداڵ چۆتە ئاستێکی باڵاتر و توانای تێگەیشتنیشی زۆرتر بووە. بۆیە دەبێت لەگەڵ وەرزشدا هەندێک لە مێژووی وەرزش و ڕێسای هەندێکیان وەک زانیاری وەرزشی بخوێندرێن. بۆ نموونە ڕێساکانی یاری تۆپی پێ، باڵە و باسکە، کاری داوەر و ماوەی هەر جێمێکی وەرزش.

دەبێت پۆلەکان تیپی خۆیان پێک بهێنن بۆ یاریکردن لەگەڵ پۆلی هاوتای خۆیان، لە فێرگەکانی دیکە و لە هەر ناوچەیەکدا چەند فێرگەیەک، پێشبڕکێ لە نێوان خۆیاندا ڕێک بخەن. لەم ئاستەدا وانەی وەرزش لە وانەی ڕۆژانەوە دەبن 4 چوار وانە لە هەفتەدا.

## وانەی وەزش بۆ ئاستی 7 تا 9

بەهۆی زۆربوونی وانەکان و قورس بوونی بابەتەکان، کات بۆ وەرزش کەمتر دەبێتەوە، بەڵام نابێت لە 2 دوو وانە لە هەفتەدا کەمتر بێت. لە پاڵیشدا لە وانەی زانیاری بەشی بایۆلۆژی (زیندەوەرناسی) زانیاری دەبارەی پێکهاتەی ماسولکەی لەشی مرۆڤ، چۆنیەتی کار، پێکهاتە و ئەنزیمەکانی بدرێت بە فێرخواز. هەروەها پێدانی زانیاری دەربارەی فەرهەنگ و مێژووی وەرزش لە وانەکانی زانیاری، جڤاتناسی، هونەرکاری و مێژوو بدرێتە فێرخوازان.

## بەکورتی

جووڵە بەشێکی گرنگی ژیانی مرۆڤە، بۆ هێشتنەوەی توانای لەش دەبێت بەشەکانی لەش بخەینە کار. هەروەها بۆ بەهێزکردنی ماسولکەکانی لەش، گرنگە وەرزش بەشێوەیەکی زانستی و بەردەوام ئەنجام بدرێت.

«دەروونێکی باش و ساخلەم لە لەشێکی باش و ساخلەمدایە!» فەیلەسوفی ئینگلیزی جۆن لۆک (1632 – 1704)

سیستەمی فێرکاری دەبێت پەرە بە توانای لەشی فێرخواز بدات، گەر ئامانجی سەرەکیی سیستەمی فێرکاری بار هێنانی مرۆڤی توانا بێت، ئەوا دەبێت کار بۆ ڕاهێزانی لەش و ساخڵەمیش بکات. گرنگە هۆڵی وەرزشی وەهامان هەبێت بۆ وەرزشی چوار وەرزە دەست

بدات. سەرمای زستان و گەرمای هاوین نەبنە کۆسپ و ڕێ لە وەرزش بگرن. دەبێت زەمینە بۆ وەرزشی هەر چوار وەرزەکە بڕەخسێنین.

## 5- هونەرکاری

### هونەرکاری

لە بەراییەکانی مێژووە مرۆڤ دەستی خۆی بۆ ئافراندن و داهێنان و دروستکردن بەکارهێناوە. پەیوەندی نێوان هۆش (مێشک) و دەست پەیوەندییەکی دینامیکی و ئاڵۆزە، بەگشتی بەرهەمهێنان پەیوەندی بە دەستەوە هەبووە. گەرچی ماشێن و تەکنەلۆژی گشت بوارەکانی بەرهەمهێنانیان داگیر کردوە و ماشێن و ئامێر نێزیکەی گشت شتێک بەرهەم دێنن، بەڵام هێشتا ڕۆڵی کاری دەست، گرنگیی خۆیان هەر ماوە. لە گەلێک بواردا دەست ڕۆڵی گرنگیان تێدا دەبینێ وەک نەشتەرگەری، ئاشپەزی (خۆراکسازی)، هونەر و هتد.

بۆیە زۆر گرنگە، پلانی فێرکاری ڕووبەرێکی فرەوان بۆ هونەرکاری لە بەرنامەکانی خۆیدا تەرخان بکات. دەبێت منداڵ لە ڕێگەی بەرهەمهێنانەوە بە توانای خۆی ئاشنا بێت و بەرهەمی کاری دەستی خۆی ببینێت، تا توانای ئافراندنی گەشە بکات.

پلانی فێرکاری دەبێت هەر لە سەرەتاوە، لە ئاستی 1 تا 3 وە ڕووبەرێکی فرەوان بۆ هونەرکاری تەرخان بکات و لە ساڵەکانی دواتردا هونەر جێگەی هونەرکاری بگرێتەوە. هونەریش هێندەی مێژووی بیرکردنەوەی مرۆڤ تەمەنی هەیە. لە سەردەمی ئەشکەوتەوە مرۆڤ توانای هونەری تێدا ڕسکاوە، تۆژینەوە هەیە پێشانی دەدات کە هونەر پێش ئاخافتن کەوتووە. فیرعەونەکان بە نموونە هونەری وێنەکێشانیان لەبری پەیڤ/ نووسین بەکارهێناوە.

پلانی فێرکاریی مۆدرێن دەبێت گرنگی زۆر بدات بە گشت بوارەکانی هونەر: نیگارکێشان، پەیکەرسازی، سەما، شانۆ، مۆسیقا، نەخش و هتد.

## ئامانج لە خوێندنی وانەی هونەرکاری

ئامانجی پلانی فێرکاری پێگەیاندنی مرۆڤی باوەڕبەخۆ و داهێنەر و بەرهەمهێنە، بۆ بەرجەستەکردن و گەشەپێدانی تواناکانی منداڵ، کاری دەستی و هونەر (بە هەموو جۆرەکانیەوە) مەشقکردنە بەو توانا خۆڕسکانەیە کە لە ناخی هەر مرۆڤێکدا هەیە.

پرۆسە و پلانی فێرکاری لە ساڵەکانی خوێندنی بنەڕەتیدا دەبێت هێندە ڕەسایی و دەرفەت بۆ پیادەکردنی ئەو توانا خۆڕسکانەی منداڵ بڕەخسێنێت، تا لە کۆتای خوێندنی بنەڕەتیدا (دوای 9 ساڵ) فێرخواز بتوانێت بڕوا بە توانا و بەهرەی داهێنان و ئافراندنی خۆی بهێنێت، بتوانێت کەسێک بێت چ لە پرۆسەی بەرهەمهێناندا و چ لە جوانترکردنی ڕەهەندەکانی ژیانی خۆی و جڤاتی و مرۆڤایەتیشدا ڕۆڵی خۆی ببینێت. لە ڕێگەی خوێندنی وانەی هونەرکارییەوە، منداڵ بە هونەری نەتەوە و جیهان ئاشنا دەکرێت و ڕایەڵە هونەری و فەرهەنگییەکانی نەوەکان بەیەکەوە دەبەسترێنەوە.

کوردستان و فەرهەنگی کوردی تەژییە بە هونەر و بەرهەمی ڕەنگینی وەک هونەری خانوبەرە، نەخشونیگار، ڕستن و چنین، پۆشاک، کەلوپەل و هتد. ئەم جۆرە هونەرانە دەبنە بابەتی بەپێز بۆ وانەی هونەرکاری.

لە ڕێگەی ئەم وانەیەوە:

1- ئەو بەرهەم و هونەرانە بە زیندوویی دەمێننەوە.
2- فێرخواز ئاشنای فەرهەنگی میللیی خۆی دەبێت.
3- دەشێ هونەر ببێتە خولیای خوێندنی بەرزتری فێرخواز.
4- دەشێ ببێتە کار و پیشەیەک بۆ فێرخواز.

## وانەی هونەرکاری بۆ ئاستی 1 تا 3

گەرچی مرۆڤ بە سروشت گەلێک توانای هونەری خۆڕسکی تێدایە، بەڵام دەبێت ئەو توانایانە ڕێک بخرێت و فۆرم وەربگرێت تا ببێتە توانایەکی هونەری، بۆیە دەبێت پلانی فێرکاری لەم ئاستەدا گرنگییەکی زۆر بدات بە هونەرکاری.

وەک لە سەرەتاوە دەستنیشان کرا لەم ئاستەدا 50%ی کاتی وانەکان بە پراکتیکی و گەشت و یاریکردنەوە دەخوێنرێت. ئەوا دەبێت وانەی هونەرکاری بەشێکی زۆری ئەو ڕێژەیە پێکبهێنێت.

لە پۆلی یەکەمدا، دروستکردنی بابەتی ساکار و فۆرمی ئاسان، لە کاخەز و پەڕۆ و کاڵای نەرم کە بڕین و بەکارهێنانیان ئاسان بێت. ئەم بابەتانەش پێویست بە کڕین و پارە بۆ تەرخانکردن نییە، دەکرێ فێرگە داوای هاوکاری لە خێزانی منداڵەکان بکات و کەرەستەکان دابین بکرێت. هەروەها ڕەنگکردن لەم ئاستەدا زۆر گرنگە، تا منداڵ ڕەنگەکان بناسێت و ڕەنگە سارد و گەرمەکان لە یەک جودا بکاتەوە.

لە پۆلی 2 دا، دەبێت زانیاری سەرەتایی لە بارەی ڕەنگەکان، ڕەنگی سارد و گەرم، کاریگەری ڕووناکی لەسەر ڕەنگ، بدرێت بە منداڵ و بەکردەوە و ئەزموونیش پیادەی بکەن. دەبێت مۆسیقا و سەما هاوتای ئەم چالاکیانە بێت. ژمارەی سەعاتی وانەکانی هونەر کەمتر دەبێتەوە بۆ 4 سەعات لە هەفتەدا.

لە پۆلی 3 دا دەبێت، منداڵ فێری دروستکردنی فۆرم بکرێت، وەک دروستکردنی قوتوو، سندوق، لە تەختە و مقەبا. ئامانج لەم کارە ئەوەیە منداڵ هەست بە چێژی بەرهەمهێنان بکات و ئەندێشەی بەرهەمهێنان لە ناخیدا چەکەرە بکات. لە پاڵ ئەم کارانەشدا زانیاری هونەری زیاتری پێبدرێت. لەم پۆلەدا وانەکان کەمتر دەبنەوە بۆ 2 سەعات لە هەفتەدا.

### وانەی هونەر بۆ ئاستی 4 تا 6

لەم ئاستەدا وردە وردە فێرخواز ئاشنای هونەرمەندانی وێنەکێش، پەیکەرساز و موزیسیەن (موزیکساز)، شانۆکار و سەماکار دەبێت. لە دواساڵی ئەم ئاستەدا دەبێت، گەشتەکانی فێرگە بەشێکی زۆری بۆ گەشتی هونەری دابنرێت. سەردانی گەلەری، کۆنسێرت و مۆسیقا، دیتنی شانۆ و هەر چالاکییەکی دیکەی هونەری. بێگومان تا کۆتایی خوێندنی بنەڕەتی نابێت وانەی هونەرکاری لە هەفتەدا لە 2 سەعات کەمتر بێت. پەیکەرسازی بەشێکی گرنگە لەم ئاستەدا.

### وانەی هونەر بۆ ئاستی 7 تا 9

لەم ئاستەدا وانەی هونەر زیاتر بەشی تیۆری دەگریتە خۆی. مێژووی هونەر لە کوردستاندا، کورتەباسی مێژووی هونەری جیهان، هونەرمەندە بەناوبانگەکانی جیهان (بەکورتی) لە بوارەکانی وێنەکێشان و مۆسیقا و شانۆدا. نیشاندانی بەرهەمەکانیان بە سلاید و فیلم.

لەم ئاستەدا، دەبێت پرۆژەی هونەری بدرێت بە فێرخواز بۆ نموونە کۆکردنەوەی زانیاری دەربارەی هونەرمەندێکی کوردستان یان جیهان لە هەر بوارێکی هونەریدا. پرۆژەکە بۆ خەملاندنی گیانی هونەردۆستانەی فێرخوازە، بۆ ئاشنابوونە بە کاریگەریی هونەر لەسەر دەروون و هەڵسوکەوتی مرۆڤ و هەروەها بۆ ناسینی ڕۆڵی هونەرە لە جڤاتدا.

## بەکورتی

هونەری میللی و هونەر بەگشتی، بەشێکە لە چالاکیی هزری مرۆڤ. کوردستانیش وەک گشت وەڵاتانی دیکە، خاوەن هونەری میللی خۆیەتی، و دەبێت ئەم سامانە لە ڕێگەی پلانی فێرکارییەوە گەشە بکات و بگاتە نەوەی ئایەندە. دەبێت ئەو هونەرە میللیانە لە وانەی هونەرکاریدا کەڵکیان لێ وەربگیرێت (وەک ڕستن و چنین) و ئەوانی دیکە.... لە پاڵ ئەمانەشدا هونەری پرۆڤیشناڵ و شابەرهەمی هونەرمەندان، نیشانی فێرخواز بدرێت و کتێبەکانی خوێندنی پێ برازێتەوە، بەتایبەتی لە وانەکانی جڤاتناسی و زمانی کوردی و مێژوودا.

بەو ئامانجەی چێژی هونەری فێرخواز پەرەی پێبدرێت و بناخەیەکی هزری لە لا دروست بێت، تا بتوانێت لە ئایەندەدا لە بواری هونەردا درێژە بە خوێندن بدات.

## 6- سروشتناسی (زانست)

مرۆڤ لەگەڵ پژانی هۆشدا شەیدای زانین: زانست و هونەر بووە. ئەشکەوتی کردۆتە خانە و لە سروشت وردبۆتەوە. سەرنجی لە دیاردە بەرچاوەکان گرتووە، دیاردە دووبارە دەبێتەوە و مرۆڤ باشتر لێیان وەرد دەبێتەوە. زانیاریی سەرەتایی و ساکار لای کۆ دەبنەوە و دەبنە بناخەی زانیار. ئیدی لەگەڵ پێسڤەچوونی ژیانی ڕۆژانە و داهێنانەکانی مرۆڤدا، هێدی هێدی زانست پلەوپایەیەکی هێجگار مەزنی لە ژیانی مرۆڤدا وەدەستهێناوە. وەک سەرەتا ئاماژەمان پێدا، مرۆڤ زیندەوەرێکە شەیدای خۆشگوزەرانییە. هەر بۆیە لە بەراییەکانی مێژووەوە، مرۆڤ زانستی خستۆتە خزمەت خۆشترکردن و ئاسانترکردنی ژیانەوە.

مرۆڤ هەر لە سەرەتای ژیانیەوە بە شێوەیەکی کاریگەر لەگەڵ سێ جۆر زانستدا ڕووبەڕوو بۆتەوە: زیندەوەرناسی، فیزیا و کیمیا. مرۆڤی ڕاوکەر پێویستی بەوە بووە بزانێت چ زیندەوەرێک ڕاو بکات، کامیان ڕاوکردنی ئاسانترە، گۆشت و پێستی لەوانی دیکە باشترە. کامەیان ژەهراوی و مەترسیدارە. لە سەردەمی ئەشکەوتدا بەرد تاکە چەکی مرۆڤ بووە. لە ئەنجامی بەکارهێنانی بەردەوە لە کارلێک و ڕێسای فیزیا گەیشتوە. هەر لە بەردەم ئەشکەوتەکەیدا، ئێسکوپروسک و پاشماوەی نێچیرەکانی فڕێداوە، ئیدی کارلێک و پرۆسەی کیمیایی دیوە.

### ئامانج لە خوێندنی وانەی سروشتناسی

لە سەردەمی ئێستادا سروشتناسی ڕووبەرێکی فرەوانی لە ژیانی مرۆڤ داگیر کردوە بۆیە گرنگە پلانی فێرکاری زانیاری تەواو دەربارەی سروشتناسی لە پرۆگرامەکانی خوێندندا جێگە بکاتەوە، بە مەبەستی ئاشناکردنی فێرخواز بە زانست و مەودای بەکارهێنان و کاریگەریی زانست لە ژیانی مرۆڤدا بەگشتی و ژیانی تاکەکەسی فێرخواز بەتایبەتی. وانەی سروشتناسی دەبێ فێرخوازی خوێندنی بنەڕەتی ئامادە بکات بۆ خوێندنی سروشتناسی لە ئاستی بەرزتردا.

## بابەتەکانی وانەی سروشتناسی بۆ ئاستی 1 تا 3

لەم ئاستەدا دەبێت، تێکەڵەیەک لە نێوان هەر سێ بابەتەکەدا بەشێوەیەکی ئاسان بخوێندرێت.

### بۆ پۆلی یەکەم

- زیندەوەرناسی: بۆ پۆلی یەکەم وێنەی زیندەوەرەکان، ئاژەڵ، دڕندە، باڵندە، ماسی و مێروو. باسکردن لە ژینگەی زەمینی بە گشت بەشە جیاوازەکانیانەوە، هەروەها ژینگەی ئاوی و ناساندنی لەشی مرۆڤ.
- فیزیا: فۆرمەکانی مادەی شل، ڕەق، ئاو لە هەر سێ حاڵەتەکایدا. گەرمی و ساردی، کشان و چڕبوونەوەی تەنەکان، گەرمبوونی هەوا. تێکەڵ بوون و توانەوە، توانەوەی خوێ و شەکر لە ئاودا.
- کیمیا: تام و چێژەکان، شیرینی و ترشی، سوێری و تاڵی. وشکبوونەوە و ڕزین.

### بۆ پۆلی دووەم

- زیندەوەرناسی: باسکردنی شێوازەکانی زاوزێ لە ڕێگەی گەرا دانان، وەک ماسی و بۆق و مێروو، هێلکەکردن، وەک باڵندە و مار و تیمساح لە ڕێگەی زانەوە، وەک ئاژەڵ و مرۆڤ.
- فیزیا: بۆ پۆلی دووەم، چەند تاقیکردنەوەیەکی سادە و ئاسان، وەک کوڵاندنی ئاو، تاقیکردنەوەی شکاندنی هێلکە لەسەر باری ستوونی، تاقیکردنەوەی فرفرۆکەی ڕەنگ بۆ تێکەڵبوونی ڕەنگەکان.
- کیمیا: بۆ پۆلی دووەم، نیشاندانی کاریگەری ئەسید/ ترشەڵۆک لەسەر کانزاکان. لیمۆ لەگەڵ مسدا.

**بۆ پۆلی سێیەم**

- زیندەوەرناسی: بە تاقیکردنەوە، نیشاندانی کاریگەریی ڕووناکی، ئاو و هەوا لەسەر ڕووەک،
- فیزیا: نیشاندانی هێزی ڕاکێشان ماگنێت (مۆگناتیز) و کارەبای ستاتیکی،
- کیمیا: نیشاندانی پرۆسەی ڕزین و شیبونەوەی سێوێک یان کەڕوو هەڵهێنانێ پارچە نان.

## وانەی سروشتناسی بۆ ئاستی 4 تا 6

لەم ئاستەدا، بابەتەکان دەبێت کەمێک چڕ بکرێتەوە، و سنوورەکانی فرەوانتر بێت. بەڵام هەر بەیەکەوە بن.

- زیندەوەرناسی: (بەپێی ساڵەکان) دەبێت بەشی تیۆری تێبکەوێت، وەک پێناسەی خانە، تەنی زیندوو، بەشەکانی لەش، کۆئەندامەکانی لەش: کۆئەندامی هەرس، هەناسە، سووڕی خوێن، مێشک و کۆسیستەمی دەمار (نێرڤ، عەسەب) و هەست.
- فیزیا: کاریگەریی گەرما، کشان و چڕبوونەوە، تێکەڵبوون و توانەوە، کاریگەریی ڕووناکی لەسەر ڕەنگ (ئەمە پەیوەندی بە وانەی هونەر و هونەرکاریشەوە هەیە) خێرایی، جووڵە، چەرخ.
- کیمیا: ناساندنی گازەکان، گازی ئاسایی و گازی ژەهراوی. هاوکێشەی کیمیایی (بە شێوەی سەرەتایی وەک هاوکێشەی ئاو $H_2O$ ...)

## وانەی سروشتناسی بۆ ئاستی 7 تا 9

لەم ئاستەدا دەبێت، هەر سێ بابەتەکە لە یەک جودا بکرێنەوە:

- زیندەوەرناسی: دەبێت بەشەکانی خانە و دێنا DNA بە وردی بخوێنرێن - باسی پێکهاتەکانی خانە، پرۆتینی خانە و کرۆمۆسۆم، یاسای جینەکان و هەروەها کۆئەندامی زایەندی نێرومێ لە مرۆڤ و چەند زیندەوەرێکدا.

- فیزیا: دەبێت بابەتەکانی کێش و ڕاکێشان، خێرایی، کشان و چڕبوونەوە، خێرایی تیشک و ئەتۆم، هێزی ئەتۆم و بەکارهێنانە پۆزەتیڤەکان و نێگەتیڤەکانی. بەرهەمهێنانی وزەی کارەبا لە ئاوی بەنداوەکان.
- کیمیا: پێناسەی گازەکان، سیمبولی کیمیایی، هاوکێشەی کیمیایی، کەڵک وەرگرتن و بەکارهێنانی کیمیا لە بەرهەمهێناندا.

**بەکورتی**

وانەی سروشتناسی بە هەر سێ بەشەکەیەوە دەبێت، بۆ هۆشیارکردنەوەی فێرخواز بێت و لە پێناو زیادکردنی ئاستی زانیاری تاکەکەسیدا بێت. پلانی فێرکاری دەبێت بە شێوەیەک بابەتەکانی وانەکە دابڕێژرێت، کە فێرخواز بتوانێت لە ژیانی ڕۆژانەی خۆیدا کەڵکیان لێ وەربگرێت و پاشخانێکی زانستی پەیدا بکات، تا بتوانێت بە هۆیەوە کار و پیشە و بەرهەمێکی هەبێت، هەروەها هێندەش زانیاری هەبێت لە ئایەندەدا درێژە بە خوێندن لە یەکێک لەو بوارانەدا بدات.

## 7- ماڵداری و ئابووری

هەر لە سەردەمی ئەشکەوتەوە مرۆڤ هەوڵی داوە شوێنی نیشتەجێبوونی (ماڵەکەی - ئەشکەوتەکەی) برازێنێتەوە تا زیاتر هەست بە ئاسوودەیی بکات. تۆژینەوەی شوێنەوارناسی (ئارکیۆلۆژی) دەریانخستوە، کە ئەم خولیایە هەر لە سەرەتاوە لە هزری مرۆڤدا هەبووە، باشترین بەڵگەش ئەو وێنانەن دیواری ئەشکەوتەکانیان دەرازێننەوە.

لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا، بەهۆی فرەوانبوونی شارەکانی کوردستانەوە لایەک و بڵاوبوونەوەی خێزانەکان و نیشتەجێبوونیان لە شوێنی دوور لە یەکدییەوە، زۆربەی خێزانەکان کاتی بێکارییان زۆرتر لە ناو ماڵدا بەسەر دەبەن. لە ئایەندەشدا بەهۆی سەختی و گرانیی ژیانی ڕۆژانەوە، بارودۆخەکە ئاڵۆزتر دەبێت و ماوەی سەعاتەکانی کار زۆرتر دەبن، ئیدی مرۆڤ پێویستی بە ماڵێکی ئاسوودە و هێمن هەیە تا ماندوویی تێدا بڕەوێتەوە، وزە و هێزی نوێ لە لەشدا ببزوێت. لەبەر ئەم هۆکارانە، پلانی فێرکاری دەبێت ڕووبەرێکی گرنگ و فرەلایەنەی زانیاری ماڵداری لە پرۆسەی فێرکاریدا جێ بکاتەوە، تا بتوانێت هێندە زانیاری و کارامەیی بداتە منداڵ کە بتوانێت ماڵێکی ئاسوودە و هێمن و پاک و خاوێن و ژینگەدۆست بنیات بنێت.

پرۆسەی فێرکاری دەبێت، زانیاری ڕازاندنەوەی ناو ماڵ بەگشتی، خواردن دروستکردن و مێز و سفرە ڕازاندنەوە، پاک و خاوێنی لەش و ناو ماڵ و ژینگە بدات بە فێرخواز، ئەمەش بە مەبەستی ئەوەی منداڵ بتوانێت پێداویستیە کەسی و تایبەتیەکانی خۆی دابین بکات و ساخلەمیش بێت، تا لە بەرهەمهێنان دوانەکەوێت. فێرگە دەبێت چێشتخانە (مەتبەخ)ی تێدا بێت، گەر نەشبوو دەبێت بۆ خۆراک دروستکردن بچنە شوێنێک (ڕێستۆرانێک).

### وانەی ماڵداری و ئابووری بۆ ئاستی 1 تا 3

بابەتەکانی ئەم ئاستە دەبێت، زۆرتر دەربارەی پاک و خاوێنی ڕاگرتنی خودی فێرخواز، ژینگەی ماڵ، فێرگە و شارەکەی. دواتر فێرکردنیان بۆ چۆنیەتی ڕازاندنەوەی خوان و هونەری خواردن.

لە ساڵی 3 دا دروستکردنی خواردنی ئاسان (وەک کوڵاندنی هێلکە). بۆ ڕازاندنەوەی ناوماڵ و بۆ هارمۆنی و یەکخستنی ڕەنگەکانی، دەکرێت هاوئاهەنگی لەگەڵ وانەکانی هونەرکاریدا بکرێت.

## وانەی ماڵداری و ئابووری بۆ ئاستی 4 تا 6

لەم ئاستەدا منداڵ توانای تێگەیشتن و وەرگرتنی فرەوانتر بووە، بۆیە دەکرێت پلانی فێرکاری بابەتی تیۆری تێکەڵ بە وانەکە بکات. بابەتەکانی ساخلەمیی خۆراک (زانیاری خۆراک) بدرێت بە منداڵان. باسکردنی وزە و کالۆریی جۆرەکانی خواردن، کاربۆهیدرات، چەوری، پرۆتین و ڤیتامین. زانیاری دان لەسەر پێداویستی ڕۆژانەی لەش بۆ بڕە وزە و کالۆری. دەبێت هاوئاهەنگی لەگەڵ وانەی وەرزشدا لەم بوارەدا هەبێت، لە ساڵی کۆتایی ئەم ئاستە (ساڵی 6) دەبێت،

بابەتەکانی ماڵداری و ئابووری دەبێت بەشێوەی سەرەتایی لە کتێبەکانی خوێندندا جێیان هەبێت. بابەتی وەک دەستگرتن بە خەرجییەوە، دووبارە بەکارهێنانەوەی کەلوپەلی کۆنە و هەروەها فێرکردنی چۆنیەتی دانانی بودجەی ماڵ بۆ ماوەی کورت - هەفتانە و مانگانە،

## وانەی ماڵداری و ئابووری بۆ ئاستی 7 تا 9

لەم ئاستەدا بابەتی ئابووری بەتیۆری و پراکتیکیەوە، زۆربەی بەشی وانە داگیر دەکات. هەرچەندە بابەت و بەشی ماڵداری هەر دەبێت سەنگی خۆی هەبێت. لەم ئاستەدا فێرخواز ئاشنای ئەم خاڵانە دەبێت:

- پێناسەی ئابوورناسی.
- سیستەمی ئابووری جۆراوجۆر: جڤاتی سەرەتایی، شوانکارە، کشتوکاڵ، دەرەبەگایەتی، پیشەسازی و هتد.
- پێناسەی دراو (پارە) و بانکی جیهانی.
- دەستپارێزیی لە خەرجیی زیادە.
- بە فێڕۆ نەدانی سامان – نە کەسەکی و نە میللی.
- دانانی بودجەی ساکار بۆ ماڵ بۆ ماوەیەکی کورت هەفتانە و مانگانە.
- هەروەها بە کردەوە میوانداری پۆل یان خێزانی فێرخوازان بە بڕە پارەیەکی دیاریکراو ساز بکات.

دەربارەی ماڵداریش، دەبێت لەم ئاستەدا بە تیۆری و بەکردەوە، فێری دروستکردنی چەند جۆرێک خواردن ببن و ڕازانەوە و خاوێنکردنەوەی ناو ماڵ بە تەواوی فێربن و پاک ڕاگرتنی ناوماڵ و ژینگە، دەبێت بووبێتە بەشێک لە ژیانیان.

**بەکورتی**

مرۆڤی سەردەم لەگەڵ سەختی و ئاڵۆزتربوونی باری ژیاندا زیاتر تەنهایە، یان ڕاستر کاتێکی درەنگتر لە نەوەکانی پێشووتر دەچێتە ژیانی هاوسەرییەوە. بۆیە لەو ماوەی ڕەبەنی – بێ هاوسەری – دا دەبێت هێندە زانیاری هەبێت ژیانی خۆی ڕێک بخات و ئاسوودە بژی. بەم کارەش هەم سامانی کەسەکی و هەم سامانی میللی دێتە پاراستن چونکە سامانی میللی لە سامانی تاکەکەسان پێکدێت. ژینگەی خاوێن و ئارام پێشمەرجە بۆ ساخلەمی و بەرهەمهێنان بۆیە دەبێت پلانی فێرکاری ئەم بابەتە بە هێند بگرێت.

## 8- ئینگلیزی و زمانی دیکە

هەر لە سەرەتای مێژووە، مرۆڤ هەوڵی داوە لە زمانی یەکدی بگەن. لە زمانی یەکدی گەیشتن، مانای لە یەکدی نێزیکبوونەوە و تێگەیشتنە لە بیر و بۆچوونەکانی یەکدی.

لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا، بەهۆی دیاردەی جیهانگیرییەوە پەیوەندی نێوان گەلان و وەڵاتان فرەوان و هەمەلایەنەیە. کوردستانیش لەم سەردەمەدا بە ڕووی جیهاندا کراوەیە، بە دەیان کۆنسوڵگەری و بەسەدان نوێنەرایەتی کۆمپانیاکانی جیهانی تێدایە. لەبەر ئەم هۆیانە، پەیوەندیگرتن و گفتوگۆکردن لەگەڵ کەسانی بیانیدا، پێویستیەکی گرنگی ئابووری و شارستانی و سیاسیشی بۆ کوردستان هەیە.

گەرچی زانینی هەر زمانێکی بیانی لە پاڵ زمانی زگماکدا، سامانێکی هزرییە بۆ فێرخواز، بەڵام زانینی زمانی ئینگلیزی تایبەتمەندی خۆی هەیە. زمانی ئینگلیزی زمانێکی جیهانییە و لە پانتاییەکی فرەواندا کارایە. لە چەندین وەڵاتی دونیا و لە چەندین بواری گوزەراندا زمانی دانوستانە. بۆیە زۆر گرنگە، پلانی فێرکاری زمانی ئینگلیزی بە هەند بگرێت: ئاخافتن، نووسین، تێگەیشتن بە بیستن و بە خوێندنەوە، هەر لە سەرەتای پرۆسەی فێرکارییەوە ببێتە بەشێکی گرنگی بەرنامەکانی خوێندن.

### ئامانج لە خوێندنی زمانی ئینگلیزی و زمانەکانی دیکە

شائامانج گەشەی توانای تاکەکەسی فێرخوازە. تا بتوانێت بە زمانێکی جیهانیی وەک ئینگلیزی بەشداری ژیان و دانوستانی هاوچەرخ بێت. فێربوونی زمانی ئینگلیزی، واڵاکردنی دەروازەیەکی فەرهەنگیی گەورەیە بە ڕووی فێرخوازدا.

### زمانەکانی دیکە

زانین و فێربوونی هەر زمانێکی بیانی،کردنەوەی پەنجەرەیەکی هزرییە لە مێشکی مرۆڤدا. مرۆڤ تا زمانی زیاتر بزانێت ئاسۆی بیرکردنەوەی فرەوانتر و سەرچاوەکانی زانیاری هەمەرەنگتر دەبن. هەروەک باسکرا، کوردستان پەیوەندی لەگەڵ دونیادا لە گۆڕاندایە و دەبێت ئامادەی هەڵسوکەت بین لەگەڵ ئایەندەدا. نەوەی داهاتوومان دەبێت ئامادەی دانوستان بێت لەگەڵ دونیایەک پانوبەرینی هەمەزمان و هەمەفەرهەنگ.

له پاڵ زمانی ئینگلیزیدا زمانی ئەورووپی وەک فرانسی، ڕووسی، ئاڵمانی، سپانی و ئیتالی زۆر گرنگن. زمانی گەلانی دەراوسێی وەک فارسی، عارەبی و تورکی گرنگ. زمانی چینی سەنگی تایبەتی هەیە: جگە لەوەی گەورەترین وەڵاتە لە ڕووی ژمارەی مرۆڤەوە، خاوەن فەرهەنگ و ژیارێکی زۆر تایبەتە.

## بابەتەکانی زمانی ئینگلیزی بۆ ئاستی 1 تا 3

- پۆلی یەکەم: ئەلفوبێی ئینگلیزی بە گۆرانی و بە مۆسیقا فێر دەکرێ. گۆرانی و مۆسیقا و فیلمی ساکار منداڵ ئاشنای دەنگ و پیتەکانی زمانی ئینگلیزی دەکات. لە کۆتادا نووسینی پیتەکانیش دێنە بەرباس.
- پۆلی دووەم: فێربوونی ڕستەی سادە، وەک «من ناوم...... ئەی تۆ ناوت چیە؟» گوێگرتن لە تێکست و چیرۆکی کورت بە دەنگی مامۆستا.
- پۆلی سێیەم: فێربوونی هەندێ شیعری منداڵانە (ئاسان بێت) هەروەها فێربوونی وشە و دەستەواژە بە ڕیتمەوە، نووسینی ڕستەی زۆر کورت.

## بابەتەکانی زمانی ئینگلیزی بۆ ئاستی 4 تا 6

- پۆلی چوارەم: خوێندنەوەی چیرۆک (چیرۆکی منداڵان) تێکستی کورت و ئاسان، نووسینی تێکست و ڕستەی کورت. مەشقکردن لەسەر ئاخافتن و ناسینەوەی دەنگەکان.
- پۆلی پێنجەم: سەرەتای ڕێزمانی ئینگلیزی. بەشەکانی ڕستە و تێکستی کەمێک بەرینتر. زانیاری سەرەتایی دەربارەی بریتانیا و فەرهەنگی وەڵاتەکە.
- پۆلی شەشەم: ڕێزمانی ئینگلیزی و تێکستی بەرین و کەمێک سەختتر، دیالۆگ و زانیاری لەسەر فەرهەنگی بریتانیا و زانیاری دەبارەی ئەدەبی ئینگلیزی.

## بابەتەکانی ئینگلیزی بۆ ئاستی 7 تا 9

لە سەرەتای ئەم ئاستەدا، پێویستە فێرخواز خەریکی پرۆژەی زمانی ئینگلیزی بێت. دەکرێ پرۆژەکە لە پۆلی 7 و 8 دا تەواو بکرێت (واتە دوو ساڵ). خەریکبوون لەگەڵ چیرۆکێکی ئینگلیزیدا، ناساندنی کەسایەتی و ناوەڕۆکی چیرۆکەکە. پەیوەندیگرتن لەگەڵ فێرخوازانی

ئینگلیزیزمان. لە ڕێگەی ئیمەیل یان سەردان و بینین. لە پۆلی 9 دا دەبێت بابەتەکانی قووڵبوونەوە لە زمان و ڕێزمان و ئەدەبی ئینگلیزیدا ببێتە بەشی سەرەکی وانەکە.

زمانەکانی دیکە: فێرخواز دەبێت لە پۆلی 8 و 9 دا زمانێکی دیکە لەو زمانانەی باسمان کرد، هەفتەی 2 سەعات (لە پاڵ ئینگلیزیدا) بخوێنێت، بە تێکستی ئاسان و سەرەتای ڕێزمان و شێوازی ئاخافتن.

**بەکورتی**

پلانی فێرکاری دەبێت لە وانەی ئینگلیزیی 9 ساڵی خوێندندا هێندە زانیاری بداتە منداڵ توانای هەم تێگەیشتنی گوتە و خوێندنەوەی هەبێت، هەم ئاخافتن و نووسین بە زمانی ئینگلیزی. لەوەش بترازێت دەبێ منداڵ ئەوەندەی بناخە هەبێت ئامادە بێت بۆ خوێندنی بەرزتر.

وانەی ئینگلیزی دەبێت هەر لە سەرەتاوە وانەیەکی ڕۆژانە بێت.

## 9- ژینگه

مرۆڤ خۆی بەشێکە لە سروشت، بەڵام زۆرترین کاریگەری لەسەر سروشت هەیە. هەر لە سەرەتاکانی مێژووە مرۆڤ، هەوڵی داوە سروشت بۆ ئامانجی ئاسوودەیی خۆی ڕام بکات، لەم هەوڵەیدا ژیار (شارستانەتی) ی بەرهەمهێناوە، بەڵام زیانشی بە ژینگە گەیاندووە.

لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا، بەرزبوونەوەی پلەی گەرمای زەوی، توانەوەی بەستەڵەکی جەمسەری باکوور و باشوور، وشکەساڵی، لافاو، گشتیان (تا ڕادەیەکی زۆر) دەرئەنجامی زیادەڕۆیی و خراپ بەکارهێنانی سروشتە لە لایەن مرۆڤەوە. لەم سەردەمەدا کاریگەرییە ڕاستەوخۆکانی پیسبوونی ژینگە لە وەڵاتێکی وەک کوردستان بە ئاسانی دەبینرێت: وشکەساڵی، خۆڵبارین، بەرزبوونەوەی پلەی گەرما، وشکبوونی کانی و ئاوی ژێرزەوی.

هۆی سەرەکیی پیسبوونی ژینگە، بەتایبەتی لە ئاگزۆزی ئۆتۆمۆبیلەوە. بەردانی گازی دووەم ئۆکسیدی کاربۆنە. هەروەها زۆری بەکارهێنانی ئەو کەلوپەل و بەرهەمانەی پاشەڕۆ و خاشاکیان زۆرە، دەبنە هۆی تێکدان و پیسکردنی ژینگە. جودا نەکردنی خاشاک و پاشەڕۆی ئۆرگانی و نائۆرگانی، زیاتر ژینگە تێک دەدەن.

بەشێوەیەکی گشتی دەبێت منداڵ لەم مەترسیانە ئاگادار بکرێنەوە و زانیاری و شێوازی چۆنیەتی بەکارهێنانی بەرهەمەکانیان فێر بکرێت – دەبێ فێر بن دەست بە ژینگەوە بگرن و زیادەڕۆیی نەکەن.

## وانەی ژینگە بۆ ئاستی 1 تا 3

پرۆسەی فێرکاری دەبێت، لە ڕێگەی پرۆژەی درێژخایەنەوە، بە تایبەتی لە ئاستی 1 تا 3 دا منداڵ بە ژینگە و پرۆسە سروشتییەکان ئاشنا بکات. لە ناوچەیەکی دیاریکراودا لە دەرەوەی شار پرۆژەی ناشتنی نەمام پیادە بکەن. بە هاوکاری لایەنی بەرپرس، فێرگە، باخێکی تایبەتی هەبێت و هەر منداڵە نەمامێک بۆ خۆی بنێژێت، بەناوی خۆیەوە، لە ماوەی ئەو سێ ساڵەدا بە بەرنامە سەردانی ئەو شوێنە بکات و لە گۆڕانکاری و پرۆسەی سروشتی تێبگات. لەم ڕێگەیەوە ئاشنابوون و سروشتدۆستی لە لای منداڵ گەشە دەکات.

لە بارەی ژینگەپارێزییەوە دەبێت پرۆسەی فێرکاری منداڵ بە پاک ڕاگرتن و جوانکردنی ژینگە ڕابهێنێت. بۆ نموونە فڕێدانی خاشاک و پاشەڕۆ لە جێگەی تایبەتی خۆیدا. هاوکاریی کارگوزاران، لە خاوێنکردنەوەی خوێندنگە و دەوروبەری خوێندنگەدا.

## وانەی ژینگە بۆ ئاستی 4 تا 6

بۆ ئاستی 4 تا 6 بە هاوکاری وانەی سروشتناسیی:

- تاقیکردنەوەی ئاسان دەربارەی کار لێکردنی سروشت لەسەر کەلوپەل و میتاڵەکان، وەک ژەنگ هەڵهێنانی ئاسن، ڕزین و شیبوونەوەی مادده ئۆرگانیەکان.
- سەردانی دارستان و سەرچاوەی ئاو.
- نیشاندانی وێنەی ئەو شوێنانەی پێشان دەشت و دارستان بوون و ئێستا بوونەتە ئاوەدانی (شار)، یان ئەو سەرچاوە و کانیانەی ئێستاکە وشک بوون، یان کەم بوونەتەوە، بۆ نموونە سەچاوەی ئاوی سەرچنار لە سلێمانی. تا فێرخواز بتوانێت بەراورد لە نێوان ئەو دوو دۆخەدا بکات و کاریگەریی پیسبوون و تێکدانی سروشت ببینێت.

لە ڕێگەی پرۆگرامی کۆمپیوتەرەوە، دەتوانێت جیاوازییەکانی نێوان سروشتی گەش و سروشتی ڕووتەن (بە ڕێگەی دەرخستن و شاردنەوە) بۆ نموونە چیای قەندیل، بەشێوەی سروشتی گەش و پڕ لە دارودرەخت و سەوزایی و کانی و تاڤگە نیشان بدرێت. هەمان چیا بەشێوەی سروشتی ڕووتەن، بە ڕێگەی شاردنەوەی گشت دارودرەخت و سەوزایی و تاڤگەکانیەوە نیشان بدرێت، بەم شێوەیە فێرخواز لە مەترسی تێکدانی سروشت تێدەگات.

## وانەی ژینگە بۆ ئاستی 7 تا 9

- دەبێت بابەتەکانی تیۆری و ئامار لەسەر پیسبوونی ژینگە و بەردانی گازە زەهراوییەکان بۆ ناو هەوا، لە وەڵاتانی پیشەسازی و گشت جیهاندا نیشان بدرێت.
- بڕینەوە و فەوتانی دارستانەکانی کەمەرەی زەوی، دارستانی ناوچە باراناوییەکانی ئامازۆن، چ کاریگەرییان لەسەر گەرمبوونی گۆی زەوی هەیە. توانەوەی بەستەڵەکی جەمسەرەکان،
- زۆربوونی ڕێژەی مادده ژەهراوییەکان لە ئاوی زەریادا و کاریگەری لەسەر زیندەوەرە زەرياییەکان و جارێکی دیکە گواستنەوەی ئەو ماددانە لە ڕێگەی بازنەی خۆراکەوە بۆ لەشی مرۆڤ.
- زانیاری دان لەسەر ڕێکخراوی خۆماڵی و جیهانیی ژینگەپارێز،

- زانیاری لەسەر پەیماننامەی جیهانیی تایبەت بە ژینگەپارێزییەوە، بۆ نموونە «ڕۆژەڤی 21»
- دیاریکردنی ڕۆڵی تاکەکەس لە ژینگەپارێزیدا – بە هاوئاهەنگی لەگەڵ وانەی فەلسەفە و سروشتناسیدا.

**بەکورتی**

وانەی ژینگە لە ئاستی 1 تا 3، هەفتەی دوو 2 وانە و لە ئاستەکانی دیکەدا هەفتەی یەک وانە بێت. بە ئامانجی ناساندنی سروشت و ئاشناکردنی منداڵ بە سروشتدۆستی و ژینگەپارێزی. بە مەبەستی وریابوون و دەست گێڕانەوە لە زیادەڕۆیی و زیادەمەسرەفیی – کورد گوتەنی «خابوورە بە ئابوورە».

گەرچی نیشاندانی ئامار و فاکتەرەکانی پیسبوونی ژینگە نیگەرانی و ترسیش لە لای منداڵ دروست بکات، بەڵام ئەمە ڕاستیەکە و لەم سەردەمەدا ڕووبەڕووی مرۆڤ بۆتەوە. بۆیە دەبێت ژیرانە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت و لە ڕووی هزرییەوە منداڵ بۆ ئەو بەرەنگاربوونەوەیە ئامادە بکرێت.

زۆر گرنگە پلانی فێرکاری هاوسەنگییەکی ئاکارەکی لە نێوان چەمکی پێشکەوتنی تەکنەلۆژی و چەمکی ژینگەپارێزیدا ڕابگرێت. نابێت گەشەی تەکنیک و گوزەران لە تەمەنی ژینگە کەم بکاتەوە. پەیامی بەرنامەی فێرکاری دەبێت وەها بێت منداڵ بە هزرێکی ژینگەپارێزییەوە هان بدات بۆ گەشە و پێشڤەچوون. ژینگەماڵی هەموانە و دەبێت جوان و خاوێن ڕابگیرێ بۆ نەوەی ئایەندە.

## 10- ماتماتیک و ئەندازە

ماتماتیک بە شێوەیەکی سەرەکی لە ژمارە و ئەندازە پێکدێت.

ژمارە: هەر لە بەراییەکانی مێژووەوە، مرۆڤ سەرقاڵی تێگەیشتن و پەیداکردنی نهێنیەکانی دەوروبەر و ژینگەی خۆی بووە. دوای خۆناسین وەک تاک و ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئەوەی دیکەدا، ژمارە دوو هاتۆتە ژیانی مرۆڤەوە. مرۆڤ لەیەکەوە بوون بە دوو، ئیدی بەو شێوەیە ژمارە پەیوەندییەکی ڕۆژانە و فەلسەفیانەی لە ژیانی مرۆڤدا داگیر کردوە.

ئەندازە: هەر لە سەردەمی ئەشکەوت و ڕاوکردنەوە، مرۆڤ سەقاڵی ئەندازە و قەوارە بووە. لە ئەشکەوتدا پانتایی و ڕووبەڕ و بەرزی، مایەی نیگەرانی و ئاسودەیی مرۆڤەکانی سەرەتا بووە.

مەودا: دوور و نێزیکی ئەشکەوت لە سەرچاوەکانی ئاو و خۆراکەوە دۆزێکی گرنگ بووە. مەودای نێوان خۆی و نێچیرەکەی (بۆ ڕاوکردن و پێکانی)، دواتر مەودای نێوان ئەستێرەکان بۆ کاروان و کۆچ و ڕەو، هاتووچۆ و گەشتی زەریایی، مانای ژیان و مردنی بووە.

قەوارە: قەوارەی ئاژەڵ و زیندەوەرەکانی دیکە و ڕەنگە مرۆڤەکانی هاوشێوەی خۆشی. باسی مان و پێکەوە ژیان و ڕەنگە یەکەم گرێبەستی مێژووش، دەرئەنجامی جیاوازی قەوارە بووبێت.

دواتر لەگەڵ بنیاتنانی ژیاردا ژمارە و ئەندازە و مەودا، گرنگیەکی زۆر زۆر کاریگەریان لە ژیانی مرۆڤدا پەیدا کرد. خڕبوونەوەی ژمارەیەکی زۆری مرۆڤ لە گوند و شار، ڕووبەر، پانی و بەرزی خانوو، قەڵا و شوورە، دوور و نێزیکی مەودای نێوان شارەکان و سەرچاوەی ئاو و کێڵگەکان پێویستیان بە ماتماتیک بوو.

ئیدی لەگەڵ ڕۆژگاردا ماتماتیک و ئەندازە بوونە بەشێکی دانەبڕاوی ژیانی مرۆڤ. لە سەردەمی تەکنەلۆژیشدا، مەودای نێوان هەسارە و ئەستێرەکان، مانگ و زەوی و ژمارەی دانیشتوانی گۆی زەوی، ڕووبەری شارەکان و تەنانەت لە گرنگترین و ئالۆزترین داهێنانی مرۆڤدا، لە کۆمپیتەردا بنەمای سیستەمەکە لەسەر ژمارە بەندە. کۆمپیتەر بە سیستەمی سفر و یەک کار دەکات و گشت سمبۆلەکان بە سفر و یەک تێدەگات و دواتر دەیانکاتە هێمای دیکە.

## ماتماتیک لە هزری فەلسەفیدا:

لە یۆنانی کۆندا، پیتاگۆراس (570- 497 پێش مەسیح) یەکەم فەیلەسوفە بڕوای وابووە کە گشت هەبووەکانی دنیای ماددی لە شێوەی ژمارەدا دەردەبڕین، یان بە واتایەکی دیکە، گشت شتێک لە ژمارە پێکهاتووە. پلاتۆن (428- 347 پێش مەسیح) دەڵێ: «هیچ کەس نایەتە ژووریٚ گەر زانیاری لە ماتماتیکدا نەبێت!» هاتنەژووریٚ مەبەستی لە جیهانی فەلسەفە و فەیلەسوفان بووە، کە بەبێ زانیاری دەربارەی ماتماتیک ناتوانن ببنە فەیلەسوف. دیسان لە «کۆمار»ی شابەرهەمی هزری خۆیدا، گرنگی زۆری بە خوێندنی ماتماتیک داوە.

## بەگشتی

ماتماتیک و ئەندازە (جیۆمیتری) گرنگی هزری و پراکتیکی بۆ ژیانی مرۆڤ هەیە و هەر لە بەرایی مێژووە جێی سەرنجی مرۆڤ بووە. لەم سەردەمەشدا لەگەڵ پێشڤەچوونی زانست و تەکنەلۆژیدا، ماتماتیک گرنگییەکی زۆری لە ژیانی مرۆڤدا هەیە، بۆیە دەبێت پلانی فێرکاری پانتاییەکی فرەوان و زانستیانە و پراکتیکیانە (بە کردەوە) بۆ ماتماتیک تەرخان بکات. هێندە زانیاری و پراکتیک بدات بە منداڵ- فێرخواز تا بتوانێت وەک تاکەکەس لە ژیانی ڕۆژانەیدا کەڵکی لێ وەربگرێت و هێندەش پاشخانی هەبێت بتوانێت درێژە بە خوێندنی ماتماتیک بدات.

## وانەی ماتماتیک بۆ ئاستی 1 تا 3

دەبێت لەم ئاستەدا منداڵ چەمکی ماتماتیک دەرک بکات نەک تەنها بە ئەزبەر (لەبەر)کردن دووبارەیان بکاتەوە. زۆر گرنگە منداڵ بەکردەوە لە ناوەڕۆکی ماتماتیک بگات. لە ئاستی 1 تا 3 دا دەبێت ماتماتیک وانەی ڕۆژانە بێت.

**پۆلی یەکەم**

ژمارە: لەم ئاستەدا وەک پێشتر ئاماژەمان پێدا 50% ی کاتی وانەکان پراکتیک و گەمەن. دەبێت وانەی ماتماتیک بەشێکی زۆر لەم ڕێژەیە بگرێتەوە. منداڵ دەبێت بە دەم ژماردنەوە فێری دانان و ڕیزکردنی کەلوپەل و بابەت بێت.

فێری ناسینەوەی هێمای ژمارەکان بێت بە بەراورد بە پراکتیککردن. بۆ نموونە کاتێک دەڵێین (2 دوو) دەبێت 2 دوو، بابەت دووشت، بەرانبەر هێمای ژمارە دوو هەبێت. بەم شێوەیە پەیوەندییەک لە نێوان ئەپستراک/ هێماکان و داکەوت/ پراکتیکدا لە هزری منداڵدا دروست بێت. دەبێت منداڵ فێری ژماردن بێت لە 1 تا 10.

شێوە و قەوارە: لەم ئاستەدا، منداڵ قەوارەکان و شێوەکان بەتەواوی ناناسێتەوە، بە تایبەتی ئەو شێوانەی لە یەکەوە نێزیکن، چوارگۆشە و لاکێشە، یان سێگۆشە و لاتەریب. بۆیە دەبێت کار بۆ ئەوە بکرێت لە ڕێگەی پراکتیک و گەمەکردنەوە بەشێوە و قەوارەکان ئاشنابن.

**لە پۆلی دووەم**

ژمارە: فێربوونی ژماردن هەتا 100 بێت لەگەڵ ژمارەی یەکان و دەیان. فێربوونی هێماکانی کردە حسابیەکان، کۆکردنەوە، لێ دەرکردن، دابەشکردن و لێکدان. تەنها لە خانەی یەکاندا (1 تا 10)

شێوە و قەوارە: فێربوونی جیاوازیەکانی نێوان شێوەکان، جیاوازیی نێوان لاکێشە و سێ گۆشە. فێربوونی جیاوازی قەوارەکان لە بچووکەوە بۆ گەورە و بەپێچەوانەوە.

## پۆلی سێیەم

لەم پۆلەدا فێربوونی ژمارەی سێ بەشی (1000 هەزار) و چڕکردنەوەی کردەحسابییەکان، کۆکردنەوە، لێ دەرکردن، دابەشکردن، لێک دان، بۆ دوو ژمارەیی واتە بۆ خانەی دەیان.

شێوە و قەوارە: لەم پۆلەدا دەبێت منداڵ فێری جیاوازی نێوان شێوەکان بزانێت، دەرک بە جیاوازی قەوارەکان بکات. شێوەی پێوانی قەوارە (بە شێوەیەکی زۆر ساکار) فێر بێت.

## وانەی ماتماتیک بۆ ئاستی 4 تا 6

لەم ئاستەدا، منداڵ توانای دەرککردنی ژمارە و قەوارە و شێوەکانی باڵاتر چووە. ئیدی دەکرێ بەپێی بەرزبوونەوەی پۆلەکان ئاستی بابەتەکانی وانەی ماتماتیک بەرز بکرێتەوە و کارکردن بە داتا – فاکتی ماتماتیکی بێتە ناو بابەتەکەوە. لەم ئاستەدا ئەندازە- جیۆمیتری دەبێت جێگەی شێوە و قەوارە بگرێتەوە.

- ژمارە: لەم ئاستەدا، دەبێت منداڵ فێری کەرت، (کەرتی دەیی و کەرتی سادە) و ڕێژە ببێت. کردە حسابییەکان: کۆکردنەوە، لێک دەرکردن، لێکدان و دابەشکردن. دەبێت، کەمێک چڕ بکرێتەوە. لە کۆتایی ئەم ئاستەدا کردەی حسابی کەرتەکانیش بگرێتەوە. هەروەها سەرەتای جەبر لە پۆلی 6 دا بخوێندرێت.
- ئەندازە جیۆمیتری لە پۆلەکانی 5 و 6 دا: پێناسەی فۆرمە ئەندازەییەکان، سێگۆشە، لاکێشە، بازنە، لاتەریب، پێناسەی گۆشە، تیرە و نیوەتیرە، گۆشەی وەستاو.... بێتە ناو بابەتی ئەندازەوە، لە کۆتایشدا دۆزینەوەی ڕووبەرەکانی چوارگۆشە، لاکێشە، سێگۆشە و بازنە.
- داتا و فاکت: لەم ئاستەدا دەبێت، فاکت ببێتە بەشێکی گرنگ لە ماتماتیک و ئەندازەدا. واتە پرسیار و بابەتی وانەکان، بە شێوەی تێکست و فاکت بدرێت بە فێرخواز، ئیدی ئەو بۆ خۆی فاکتەکان بکات بە ژمارە و پرسە ماتماتیکی و ئەندازەییەکان شرۆڤە بکات.

## وانەی ماتماتیک و ئەندازە بۆ ئاستی 7 تا 9

لەم ئاستەدا منداڵ پێی ناوەتە تەمەنێکی هەستیاری ژیانەوە. قووڵتر لە مانا و مەبەستەکان دەگات. دەتوانێت لە ڕەهەند و گۆشەی جیاوازەوە فاکتەکان ببینێت. بۆیە دەبێت زانیاری و بابەتی وانەکان باڵاتر بڕۆن و فرەوانتر بن:

- دەکرێت بە هاوکاری وانەی فەلسەفە و مێژوو، لە ڕوانگەی فەلسەفی و مێژووییەوە باس لە پێشڤەچوونی ژیان و ژیار بگەیەنرێتە منداڵ.
- بە هێمای ژمارە لە فەرهەنگە جیاوازەکاندا ئاشنا بکرێت، وەک ژمارەی ڕۆمی.
- زنجیرە ژمارەی ئەندازەیی و ژمارەیی بناسێت.
- پێوانە و کێشانەی جیهانی بۆ ڕوون بکریتەوە. جیاوازیەکانی نێوان سیستەمی کێشان و پێوانی ئینگلیزی و فەرەنسایی، مەتر و یارد، کیلۆگرام و پاوەند بزانێت.
- ژمارە: لەم ئاستەدا، فێرخواز دەبێت فێربێت و بتوانیت تێکسی ماتماتیکی بکات بە ژمارە و بە ئەندازە. واتە توانای وەرگێڕانی فاکت بە ژمارەی تەواو پەرەبسێنێت. کردە حسابیەکان تەواو شارەزا بووبێت. کەرتەکانی سادە و دەیی و ڕێژەکان تەواو لە یەک جودا بکاتەوە و تێیان بگات.
- ئەندازە و جیۆمیتری: بتوانێت ڕووبەر و قەوارە، گۆشەکان، تیرە و نیوەتیرە، چێوە، بپێوێت.
- فاکتی ماتماتیک: بتوانیت فاکت و تێکستەکان بکات بە قەوارە و ژمارە و کردە حسابیەکان بە ئەمجام بگەیەنێت.
- ژمێرە (حاسیبە): لەم ئاستەدا دەبێت، فێرخواز ئاشنای ژمێرە بێت و بزانێت چۆن سوودی لێ وەردەگرێت.

**بەکورتی**

ماتماتیک یەکێک لە هەرە گرنگترین پانتاییەکانی هزری مرۆڤە. ژیانی مرۆڤ بە ژمارە دەست پێدەکات. (دیاریکردنی ڕۆژی لەدایکبوون) و بە ژمارەش کۆتایی دێت.

گرنگیی ژمارە و ئەندازە گرنگیەکی ژیارمەندایە بۆ مرۆڤ. سیستەمی فێرکاری دەبێت گرنگی زۆر بەم بابەتە بدات لەبەر دوو هۆ.

بۆ کەڵکی تایبەتی ژیانی فێرخواز، تا وەک تاک کەڵک لەو زانیاریە وەربگرێت و لە ژیانی ڕۆژانەیدا کارئاسانی بۆ بکات.

بۆ ئامادەکردنی کەسێکی شارەزا و لێزان لە ماتماتیک و ئەندازەدا، تا بتوانیت ئەم وانەیە وەک سەرچاوەی زانیاری و بەرهەمهێنان بەکار بهێنێت.

لە کۆتای خوێندنی بنەڕەتیدا منداڵ دەبێت، هێندە لە ماتماتیک و ئەندازە گەیشتبێت کە:

- لە ژمارە، کەرت، جەبر و ڕێژە، تێگەیشتبێت و جیاوازییەکانیان بزانێت.
- چوار کردەی ژمێرکاری: کۆکردنەوە، لێ دەرکردن، لێکدان و دابەشکردن تێگەیشتبێت و کەڵک و بەکارهێنانیان بزانێت.
- لە ئەندازە- جیۆمیتریدا، شێوە، قەوارەکان، مەودا، ڕووبەر، بارستایی، چێوە، بەرزی، پانتایی، تێگەیشتبێت و بتوانیت لە سوود و بەکارهێنانەکانیان بگات.
- لە ڕووی زانیاری و فەرهەنگییەوە، لە مێژووی ماتماتیک و پەیوەندیی بە فەلسەفە و تەلارسازی و گەردووناسییەوە گەیشتبێ.

«...»